# هۆکارەکانی
# وەرزی نوێی کۆچکردنی لاوان چین

لەدوای راپەڕینو بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئابووریو دواتر هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ هەزاران لاوی کود رێگای هاتو نەهاتی هەندەرانیان گرتەبەرو لە پێناوی باشترکردنو زامنکردنی ئایندەیان لە وڵاتانی ئەوروپا گیرسانەوە، دوای شەڕی ئازادی عێراقو روخانی رژێمی بەعس چاوەڕواندەکرا پرۆسەی کۆچکردنەکە پێچەوانە ببێتەوەو ئەمجارە کۆچی لاوانی کورد لە هەندرانەوە بۆ کوردستانو عێراق بێت، هەڵبەتە ئەم گرمانەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە چاوەڕواندەکرا بەرووخانی رژێمی بەعس، لەعێراقی تازە قۆناغێکی نوێی گەشانەوەی ئابووری دەستپێکردبایەو خۆشگوزەرانی رووی لە عێراقو کوردستان کردبایە، ئەمە جگە لە بڵاوبوونەوەی دیموکراسیو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئارامو سەقامگیر لە هەموو روویەکەوە، بە کورتی ئەو عێراقی هیواو ئاشتیەی کە ئەمریکاو هاوپەیمانان بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەهەر هۆیەك بێت ئەم خەونو خەیاڵە نەهاتەدیو بگرە رۆژ بەرۆژ بارودۆخەکە بەرەو نائارامی زیاترو ئاڵۆزبوونتر دەچێت کە بێگومان رەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی کوردستانیش هەبووە، سەرەرای چەندین فاکتەری دیکەی ناوخۆیی کە دیسان بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانەوەی وەرزێکی نوێی کۆچی لاوان بۆ هەندەران. بۆ زانینی ئەو هۆکارانەو شرۆڤەکردنی ئەم وەزرە کۆچەی لاوان چەند بەڕێزێك لەم دۆسیەدا بیروڕای خۆیان بۆ خوێنەران خستە ڕوو.

## نەجات باپیر: پێویستە حکومەت زیاتر دەرگاکانی خۆی بەرووی لاوان واڵا بکات هەوڵ بدات پتر لێیان بێتە پێشەوە



لەبەر ئەوەی بڕوامان بە دیموکراسیەتو بنەماکانی مافی مرۆڤ هەیەو دەشبێت بە مافێکی ڕەوای هەموو کەسێك بزانین کە چۆن بڕیار دەداو دەیەوێت لە کام شوێن بژییێتو لەو ڕوانگەیەوە پێمان وایە کۆچ کردنی لاوان گەر هەندێك هۆکاری پاڵنەری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی لێ جیابکەینەوە حالەتێکی سروشتیەو ڕوودەدات. بەڵام ئەو کۆچەی ئێستا وەکو گەردەلوولێك لاوانی راپێچی سنورەکانی دەرەوەی هەرێم کردوە دیاردەیەکەو پێویستی بە بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەو لە سەر وەستان هەیە، جێگای داخە کە ئەمرۆ کۆچی لاوان بۆتە کەلتورو تەنانەت نەك هەر نەوەی پاش راپەرین، بەڵکو ئەوانەی پاشە بەرەی ئەو نەوەیشن ملیان ناوەتە سەفەر کردنو راکردن لە نیشتیمان سەرەتا گووتم هەموو کەسێك مافێکی هەرە سەرەتایی خۆیەتی کە شوێنی نیشتەجێ بوونی دائیمیو کاتی خۆی ئازادانە هەڵبژێرێت، بەڵام ئەوە نابێت ببێتە پاساوێك بۆ ئەو گەلە کۆچە بە کۆمەڵەی کە لاوان روویان تێکردووەو کردوویانەتە خەمی سەرەکی ژیانی خۆیان .

من پێم وایە لە کوردستان کەمو کوری هەیە لە لایەنەکانی ئابووریو کومەڵایەتی بە تایبەتی لایەنی ئابووری لاوان کێشەیان هەیەو لە کاتی حەزکردنیان ویستیان بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری تووشی چەندەها گرفتی گەورە دەبنەوە بەڵکو لێرەدا دەبێت لاوان پشوویان درێژ بێتو بەشدار بن لە چارەسەرکردنی گرفتەکان نەك لێیان هەڵبێنو پشتیان تێکەن. ئیستا کوردستان لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە تواناکانی لاوانەو سەرۆکی حکومەتو بەرپرسانی دیکە راشکاوەانە دەڵێن لاوان داهاتووی ئێمەنو دەبێت کاریان لەسەر بکرێت، کەواتە پێویستە لاوانیش گیانی بەردەوامیو خۆراگریان هەبێو پشوو درێژتربنو بروایان بە تواناکانی خۆیان زیاتر بێتو بریار لەسەر رووبەروو بوونەوەی گرفتەکان بدەن نەك هەڵاتن لێیان. ئەگەر چی لاوانی ئێمە چ لەرابردوو چ لە ئێستا هەمیشە لە سەنگەرەکانی تێکۆشانو خەباتو کارکردن ئامادەگیان هەبووەو شوێنو دەستیان دیارەو بزر نیە، وەلەخۆ رۆشنبیرکردنو پەرەپێدان بەبەهرەو تواناکانیان رێژەیەکی زۆریان لە جموجۆڵی بێ پەروادانو هەست دەکرێت دەیانەوێت لە بیناکردنەوەی وڵاتو ئاواکاری رۆڵیان هەبێت. بۆیە ئەوانەشی کە روویان کردۆتە دەرەوە وا خەریکە وردە وردە دێنەوە کوردستانو لێرە درێژە بە خزمەتەکانی خۆیان دەدەن، ئەمەش هەنگاوێکە پێویستە لەلایەن خەڵکانی دیکەوە چاویان لێبکرێت. هیوادارم لاوانی کوردستان لەمەودوا لە کێشەو گرفتەکانیان کەمبێتەوەو ئەوانیش وەکو لاوانی هەروڵاتێکی دیکە ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەر بەسەر بەرنو لە چوار چێوەی یاسادا مومارەسەری مافەکانی خۆیان ئازادانە بکەن لێرەوە دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی داواکاریە رەواکانی لاوانو بەهەموو هێزێکەوە پشتیوانیان دەکەین ئەمەش منەتێك نیە کەبەسەر کەسێکەوە بکرێت بەڵکو لە روانگەی هەست کردن بەبەرپرسیاریەتی ئەم قسەیە دەکەم .حکومەتیش پێویستە زیاتر دەرگاکانی خۆی بەرووی لاوان واڵا بکات هەوڵ بدات پتر لێیان بێتە پێشەوە بەو ئومێدەی بە هەمووماں بتوانین

# ئاوات عەبدوڵڵا : وەختێک مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بووە خەون‌و خەیاڵ مرۆڤەکان بیرلەشوێن‌و ڕێگەی دیکە دەکەنەوە بۆ ژیان



دیاردەی سەفەرو کۆچی گەنجان دیاردەیەکە بەنیسبەت ولاتی ئێمەوە جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ولاتانی دونیادا ڕەنگە سادەترین شتێك کە هەمووما‌ن بیزانین ئەوەیە سەفەرکردن وەك کۆی شتەکانی تر ئەویش بوونی دیاردەیەکی سروشتی مرۆیی بێت ،بەو پێیەی هەرلەکۆنەوە تا ئێستا لەهەرجێیەك مرۆڤ هەبوبێت ڕەنگە دیاردەی سەفەرکردنیش هەبوبێت، بەلاّم بەبڕوای من ئەسڵی مەسەلەکە خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە کە فاکت‌و پاڵنەرەکانی سەفەر هەمیشە لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر جیاوازی هەبووە، لەم سالأنەی دوایدا لە وولاّتی ئێمە زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی کە سەفەردەکەن پێکهاتوون لە توێژی گەنجان لەنێو ئەم گەنجانەشدا کەمترین جار دەبینین گەنجێك تەنیا لەبەرئەوەی وەکو مافێکی سروشتی مرۆیی پیادە بکات حەزی لەسەفەرکردن بێت واتە دیاردەکە هێندەی حالّەتێکە وەکو کاردانەوە خۆی نمایش دەکات هێندە حالّەتێك نیە کەسێك وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بیەوێت مافێکی ئاسایی مرۆیی خۆی پراکتیك بکات.

سەفەری گەنجانی ئێمە هەرکەسێك بیەوێت بەڕاستی دونیا وەکو خۆی ببینێ دەبێت ئەوەش بزانێت ئەم کۆچە بەلێشاوە دەرەنجامی ژیانێکە کە لەنێو وولاّتێکی پاشاگەردانیدا زۆرینەی دەروازەو ئومێدەکان یان داخراون یاخود بەدەست گەیشتنیان زۆر لەوە زەحمەترە کە مرۆڤێك بتوانێت دەستی پێیان بگات، کچی گەنجانی ئێمە لەیەکەمین مانایدا بەبۆچوونی من بریتی یە لەوەی کەمرۆڤێك دەیەوێت خۆی لەدەست ناعەدالەتی‌و ولاّتێکی سەرانڕێژ لەبێ ویژدانی دەرباز بکات.

وەختێك ولاّتێك مافە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤ تیایدا بووە خەون‌و خەیاڵ ئیتر زۆر ئاسایی دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە بێگومان کۆمەڵێکی زۆر لەمرۆڤەکانی ئەم ناوچەیە بیر لەشوێن‌و ڕێگەی دیکە دەکەنەوە بۆ ژیان، بیرکردنەوە لەژیانێکی سادەو ئارام‌و ئاسودە، هەوڵدان بۆ نیشتەجێ بوون لەشوێنێك کە مرۆڤ لەو شوێنەدا وەك مرۆڤ تەماشا بکرێت‌و وەکو مرۆڤ خاوەنی ڕێزوکەرامەت بێت هەموو ئەمانە بریتین لەو خەیالأنەی کە گەنجانی سەرهەڵگرتوو لەناخی خۆیاندا بەرەو ڕووی دەڕۆن،



بەبڕوای من هیچ شتێك بەقەد ئەوە بێ ویژدانی نی یە ئەو کەسانەی کەسەفەر دەکەن ئێمە بەمرۆڤانە بلێین کەسانێکی بێ باوەڕو هیچ لەبارا نەبوو لەڕاستیدا هەموو ئەم جۆرە قسانە کە من دلنیام یەکەمین جار لەعەقڵی پیاوەکانی حزب‌و دەسەلاّتەوە کەوتونەتە خوارەوە هەمووئەم جۆرە قسانە لەبنەڕەتدا بۆ خۆیان هەڵگری چەندین بنەماو ڕەهەندی دیکتاتۆرین، بێگومان مرۆڤ زۆر لەوە ئازادترە کە بیەوێت هەرشوێن‌و سوچ‌و پەناو ولاّتێکی ئەم دونیایە بۆ ژیانی خۆی هەڵبژێرێت، دەستنیشان کردنی هەرشوێنێکی ئەم دونیایە بۆژیان ئەوە یەکێك لەمافەسروشتیەکانی ژیانە کەبەمرۆڤ بەخشراوە بەلاّم لە ڕاستیدا ئەوە خەمی سیاسی‌و ئایدۆلۆژیا کەوا لە کۆمەڵێك مرۆڤ دەکات کە ئەم مافە سروشتیانەی مرۆڤ نەبینێت بۆیە هەرکاتێك ئێمە توانیمان دوور لە هەموو تەم‌و مژێکی سیاسی‌و ئایدۆلۆژی سەیری ساحەی ژیان‌و سەیری سروشت‌و پێکهاتەی مرۆڤ بکەین، هەر ئەو کاتەش دەتوانین خوێندنەوەیەکی زانستی‌و مرۆیمان بۆ ئەم کێشەیە هەبێت کە پێی دەڵێن کۆچی لاوان‌و گەنجان.

# ئارام سدیق: بە پۆلیس کردنی لاوان‌و بەرزبوونەوەی نرخی بازارو موزایەدکردنی دەسەڵاتی کوردی بەلاوانەوە هۆکاری چوونە دەرەوەی لاوانن



بەر لە پرۆسەی ئازادی عیراق لاوانی کورد خەونی ئەوەیان هەبوو کە ئەو پرۆسەیە ببێتە وەرچەرخانێکی گرنگ‌و ژیان‌و گوزەران بەگشتی رووەو باشتر بچێت، هەروەها ئەو پرۆسەیە ببێتە دەروازەیەك بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونانەی هەموو گەنجێك ئاواتەخوازیەتی، بێگومان پاش پرۆسەی ئازادی عیراق‌و تێپەڕبوونی ئەو چەند ساڵە نەك بارودۆخەکە بەرەو باشتر نەڕۆیشت، بەڵکو لاوی کورد هێندەی ترو لە چەندین رووەوە توشی گرفتاری بوو کە لێرەدا لە چەند خاڵێکدا ئاماژەی پێدەکەم:

خاڵی یەکەم: بەرزبوونەوەی نرخی شت‌و مەك‌و کاڵاکان کە بووە بارگرانی بەسەر لاوانەوەو هاوکات بێکاریش ئەوەندەی تر ئەم زامەی قوڵتر کردەوە.

خاڵی دووەم: بە پۆلیسکردنی لاوان کە ئەمەش دەرئەنجامی خاڵی یەکەم بوو کە بۆ پڕکردنەوەی بژێوی بەشێکی زۆری لاوان ناچارانە دەبوونە پۆلیس.

خاڵی سێیەم: کارنەکردن بۆ پەیوەستکردنی لاوان بە زێدی خۆیان، ئەمەش بە دامەزراندن‌و هێنانی کارگەی وەبەرهێنەر، کە دەرئەنجامەکەی بووە هۆی داتەپینی ژێرخانی ئابووری کوردستان.

خاڵی چوارەم: موزایەدەکردنی دەسەڵاتی کوردی‌و حزبی کوردی بە لاوانەوەو دابینکردنی هەموو شتێك بۆ ئەو لاوانەی دەروێشی حزبن‌و وەلانانی ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان بن.

خاڵی پێنجەم: قوڵبوونەوەی قەیرانی عیراق‌و بەستنەوەی کوردستان بەو شەڕە ناهەموارەی ناوەڕاست‌و باشووری عیراق کە تاڕادەیەکی زۆر ئەگەری تەشەنەکردنی هەیە بۆ کوردستان‌و لە چەند ساڵی رابردوودا تارمایی ئەو تەشەنەکردنە بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، ئەمەش بۆتە هۆی بێئومێدبوونێکی تەواوەتی لاوان لە ئایندەی ئەم وڵاتە، بۆیە کۆچ تاکە رێگا چارەسەرە.

بەدەر لەو خاڵانەش چەندین هۆکاری دەروونی هەیە، کە دەبێتە هۆی کۆچی بەلێشاوی لاوان، بەڵام بەگشتی کۆچکردن بەدەر لە هەر ماناو هۆکارێك کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ئەزموونکردنی ژیانی ترە بە هەموو پێکهاتەکانییەوەو لاو دەیەوێت ژیانی ئەزموون بکات‌و وڵاتی ترو کولتوری تر ببینێت‌و تەنها لە سنوورێکی دیاریکراودا خەونەکانی قەتیس نەکرێت.



# کامەران بابازادە: هەندەران نیشتیمانی دووەمی بەرپرسان‌و سەرمایەدارانی ئەم وڵاتە بێت بۆ نەبێتە ئامانجی لاوانی ئەم وڵاتە

زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر پرۆسەی ئازادی عێراقدا تێدەپەڕێ کەچی وەزرێکی تازەی کۆڤی لاوان بەگەرم‌و گوڕی بەرەو هەندەران دەستی پێکردووە، هۆکارەکانی کامەنە؟ کە باس لەکۆچی بەکۆمەڵی لاوان دەکرێت بۆ هەندەران لەلایەن لاوان خۆیانەوە یان ئەوانەی لەسەر ئەو هۆکارە دەدوێن، کۆمەڵێك هۆکاری دووبارە دەخەنەڕوو. وەکو نائارامی کوردستان‌و خەراپی باری ئابووری‌و بایەخنەدانی دەسەڵات بە خواستەکانی لاوان‌و نەبوونی شوێن‌و دەرفەتی شیاو بۆ لاوان،...هتد. بەڵام من لێرەدا دەڵێم لەوانە ئەو هۆکارانە هەریەك لەشوێنی خۆی رۆڵێ هەبێت لە کۆچی لاوان، هەندێکیان زیاتر قسەی دووبارەبووەوەی نەوەدەکان بێت بۆ هۆکارەکانی کۆچ بۆ هەندەران، پێم وایە بەشێکی ئەو هۆکارانەی باسی دەکرێت گۆڕانی بەسەرداهاتبێت‌و ئەو کاریگەریەی پێشتری نەمابێت یان هەر کاتی خۆی بەو ئەندازەیە کاریگەر نەبووبن، لەدوای نوشستەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٧٥و ١٩٨٨و لەدوای کۆچی ملیۆنی خەڵکی کوردستان بۆ سنوورەکانی لە نیسانی ١٩٩١ لەهەموو ئەو رۆژانە باری

بژێوی خەراپو باری ئاسایشو ئارامی خەراپ، ئەو دەسەڵاتەی لەسایەیدا بەناچاری دەژیان نەك کەمتەرخەم بووە لەئاست گەنجان بەڵکو دوژمنو گەنج کوژ بووە، کەچی ئەو لێشاوەی لەژێردەسەڵاتی خۆماڵی کوردی هەیە ئەوکات نەبووە. کەواتە دەبێت لەپاڵ ئەو هۆکارانەی سەرەوە کە من ناڵێم فەرامۆش بکرێن بەڵام دەبێت بگەڕێن بەدوای هۆکاری تر، ئەو هۆکارانەی کە واقیعیانە ناخی گەنجو واقیعیەتی کۆمەڵگای ئێمە بخوێنێتەوە هەتا دەگەینە ئەنجامێکی واقیعی بۆ هۆکارەکانی کۆچی هەندەران. هۆکارو لێکدانەوەی کەسی تر رەت ناکەینەوە بەڵام هەتا ئێستاش توێژینەوەیەکی وردو گشتگیرمان نیە لەسەر دیاردەی کۆچی لاوان بۆ هەندەران؟ بەڵام دەبێت لەپاڵ ئەو راپرسیەی بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی کۆچ دەکرێت هەندێ پرسیاری تریش زۆر پێویستە بوروژێنرێت، وەکو ئایا وەکو ئەم کۆچە لەناو واقیعی رەزامەندی زۆربەی ئەو خانەوادانەوە دەستی پێکدووە کە لاوانیان کۆچ دەکەن بۆ هەندەران ئایا دەسەڵاتی کوردیش بەهەموو توخمو شێوەکانیەوە لە حیزبو حکومەت کۆچی لاوانیان بۆ هەندەران پێ ناخۆشەو بە کێشەی دەناسن؟ ئایا بەشێك لە پیاوانی دەسەڵات لەپاڵ ئەو هۆکارانەی باس دەکرێن لە خەراپی باری ئابووریو چیو چی هەر خۆیان هەندەرانیان وەکو نیشتیمانی یەکەم هەڵنەبژاردووە؟ ئایا وڵاتێکی بێ ناسنامەی ئاسایشی نەتەوەیی میدیاکان لەبەرانبەر سەرنج راکێشانی لاوان بۆ دونیای بەهەشتی خەیاڵی ئەوروپا پیرۆزی بۆ وڵاتی من هێشتۆتەوە؟ لێرەوە لەپاڵ ئەو هۆکارانەی زۆر باس دەکرێن جەخت دەکەینە سەر دوو هۆکاری تر ئەوانیش: -

یەکەم: هەندەران نیشتیمانی دووەمی بەرپرسانو رۆشنبیرانو هونەرمەندانو بازرگانانو سەرمایەدارانی ئەم وڵاتە بێت بۆ نەبێتە ئامانجی لاوانی ئەم وڵاتە؟ بۆ ئەوانە هەندەران شوێنی پشوودانو حەسانەوەو رابواردن بێت لەدوای ماندویەتی لەم وڵاتە پڕ حەسرەتە وەکو بڵێی ئەم وڵاتە جێی ئێشکگرتنو خەتی پێشەوەی بەرەی شەڕ بێت، چۆن گەنجی وڵاتی من ناکەوێتە ژێرکاریگەری نەخشەیەی کە هەندەران گەرمێنو کوێستانە بۆ ناودارانەی ناوم بردن؟ لەناو بزاڤی رزگاریخوازی گەلان وایە کە پیاوی دیارو بەرچاوی کۆمەڵگا لەناو رایەڵە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو نەتەوەوە بەدیار دەکەوێ کە رەنجی لەپێناو دەدات، کەچی دەیان ساڵە لە کوردستانی من خەریکە ئەوانەی لەغەیری کوردستان نیشتیمانێکی تریان هەیە، رەگەزنامەی حکومەتێکی تریان دەرهێناوە دەبنە پیاوی ئەکتیفو دیارو بەرچاو، لەداهاتی ئێرە دەخۆنو هی ئەویش وەکو یەدەك بۆ رۆژی تەنگانە مسۆگەرە. لەدیدی ئەوانە ئێرە وەکو کەڵەکی سەرئاوە هەر کاتێك بارودۆخی وڵات تێك بچێت ئایندەیەکی مسۆگەر کراو پەنای بۆ دەبرێو منداڵی بە زمانێکی زیندووی جیهانی دەخوێنێتو پاڵپشتو ماڵی مسۆگەری ئارامی ئەوانیشە لە هەموو حالەتە ناخۆشەکان. ئەمە وێنای بەردەمی گەنجی وڵاتی منە، کە بەرپرسانو رۆشنبیرانو ..هتد لەبەرچاویان دروست کردووەو لاناچێت هەتا ئەو واقیعە لەبنەڕەتەوە نەگۆڕێتو ئەو وێنە واقیعیەی هەیە کۆتایی نەیەت. بۆیە وڵاتی من لەبەردەم گەنجی وڵاتەکەم بۆتە وڵاتێکی بێ ئایندە نامسۆگە.



دووەم: میدیای کوردی لە کوردستان لەدوای راپەڕینەوە هیچ پەیامێکی پێ نیە کاری لەسەر بکات، هیچ ئامانجێکی نیە گوتاری خۆی لەگەڵ هەموار بکات، هیچ سنوورێکی پیرۆزی نیە بەنیاز بێت بیپارێزێتو نەیبەزێنێت، هیچ خۆزگەیەکی گەورەی نیە مشوری بۆ بخوات، بۆیە رۆژانە لەگەڵ هەستو عاتیفەی لاوان بێ سانسۆر یاری دەکات، وڵاتی ئێمە لەراگەیاندنی خۆماندا بۆتە دۆزەخ، دیموکراتیەت نیمانەو نایەتەدی، ئازادی نیمانەو نایەتەدی، گەندەڵی وڵاتی بۆگەن کردووەو چارەیەك نیە، کێشە کۆمەڵایەتیەکانو ماڤی ژنان هەر مەپرسە، نمونەی بەرزو باڵا لە دادگەریو یەکسانیو ئازادیو ماڤی مرۆڤو نانو کارو هەمووی لەهەندەران دەست دەکەوێ. لێرەوە قیبلەیەك بۆ گەنجی وڵاتی ئێمە دروست بووە دەیەوێت بۆ دابینکردنی ئەو خەونانە رووی تێ بکات. لەدونیادا هەموو نەتەوە زیندووەکانو نیشتیمانە ئازیزەکان ئاساشی نەتەوەیان هەیە، ئاسایشی فەرهەنگیو ئاسایشی ئابووریو ئاسایشی کۆمەڵایەتی ... هەمووی پێکەوە دەبنە رەگەزی پێکهێنەری ئاسایشی نەتەوەییو نیشتیمانی، راگەیاندنو کەناڵەکانی موراعاتی دەکەن. میدیا لەوڵاتی ئێمە بێ تاوان نابێت لەو دارمانەی گەنجی کوردی تووشی هاتووە. لەگەڵ ئەوەدا ناتوانم هەموو هۆکارەکانی کۆچی ئەم دواییەی لاوان بۆ ئەو دوو خاڵە کورت بکەمەوە بەڵام ئەو دوو خاڵە بەو فاکتەرە گرنگانە دەزانم کە جەختی ناکرێتە سەر. ئەمە لەلایەك بەدیوێکی تر، ئایا ئەو کێشە ترسناکە لەبەرئەنجامی هەڵکەندنی دڵی لاوانەوە سەرچاوەی گرتووە لەوڵاتی خۆیان کە ماناو مەدولی زۆر ترسناکە بەڵام ئەمە تەنها کێشەیەکی ناو لاپەڕەی رۆژنامەکان نیە؟ ئەمرۆ دەسەڵاتی کوردی وەکو کێشەیەکی بنەڕەتی دەیناسێ؟ پێم وانیە، هەتا ئێستا ئاکامە دەروونیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی بەتایبەت ئەم شەپۆلەی ئەمساڵ دەستی پێکردووە، بەخەم وەرگیرابێت، هەر دیاردەیەکیش دەسەڵات بەخەمی وەنەگرێت ئەوە هەرگیز توێژینەوەی لەسەر نابێتو بەدواداچوونی لەسەر ناکاتو چارەسەری بۆ نادۆزێتەوە. دەبێت لەگەڵ هەر قسەکردنێك لەسەر کۆچی لاوان بۆ هەندەران ئەوە بزانین ئەو دیاردەیە بەرئەنجامە لەئاکامی پێشەکیەکی بنەڕەتیەوە هاتووە، دەبێتەوە پێشەکی بنەڕەتی بۆ بەرئەنجامی مەترسیدار ئەویش لاوازکردنی نیشتیمانە لە چەمکی هاونیشتیمانیەتی.

# سمکۆ ڕەشید :

## گەنجان داهاتێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردین پشتگوێ خستنیان کارەساتو نا هەمواری بە دوادا دێت.

دیارە لە هەموو کۆمەڵگایەك هێزێك هەیە کە سەرمەشقی گۆڕانو بەرەوپێشچونن. بێگومان لە ناو هەموو وڵاتێك بونەوەرێك هەیە کەپێی دەگوترێت گەنج کە توێژێکی گرنگن بۆ بنیاتنانی هەر کۆمەڵگایەك چی لە قۆناغی شۆڕشی چەکداری یان شۆڕشی پیشەسازی بێت بگرە لە قوربانیشدا یەکەم کەسە. بۆیە لە کوردستان هیچ ئاسانکارییەکیان بۆ نەکراوە کە بتوانن مومارەسەی حەزەکانیان بکەن لە کاتێکدا لاوان توانایەکی باشیان هەیە لە ڕوی جەستەو مێشك. بۆ پێگەیاندنو بەڕێوەبردنو بوژاندنەوەو پێشکەوتنو داهێنان، بە شێوەیەکی تر بڵێین گەنجان داهاتێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردین، پشتگوێ خستنیان کارەساتو نا هەمواری بە دوادا دێت. گەر بێتو تیشکێك بخەیە سەر قۆناغەکانی کۆچ کە مێژووی کۆنەو جاران مرۆڤ لە سایەی سێ بارودۆخدا کۆچی دەکرد لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەکرد وەك:

*بارودۆخی سروشتی بە هۆی هەڵکردنی زریانو لافاو کە وا ناوچە زەرەر مەندەکەیان بەجێدەهێشت بۆ شوێنێکی ئارام.

* بارو دۆخی ئابوری ئەویش کە لە ئەنجامی وشکەساڵیو هتد.... کۆچیان دەکرد بۆ جێیەکی پیتو بەرەکەت.

* بارودۆخی ڕامیاری کە ئەویش لە ئەنجامی بەرپا بوونی شەڕو کوشتنو نا کۆکی بە تایبەتی شەڕی ناوخۆ....هتد.

دیارە کە لاوی کورد بیر لە کۆچ دەکەنەوە بێگومان هەست بە نەبوونی کەسایەتیانو جیاوازی لە نێوان لاوانو گەنجانی کوردستان بۆ نمونە دەبێت لاوان دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکەنو بڕوانامە بە دەست دەهێنن شوێنێك نیە پێشوازییان لێ بکات یاخود ئەگەر کارتی



زەردو سەوزی نەبێت ئەوە زۆر بە زەحمەت لە دەزگای حکومەت دادەمەزرێتو ئەگەر دامەزراش بە مووچەیەکی زۆر کەم کە بەشی هاتوچۆی نێوان ماڵو فەرمانگەی ناکات یان پاش ( ١٢-١٣) ساڵ خۆ ماندوو کردنو لە خوێندنو بەدەست هێنانی بڕوا نامەی ( پارێزەر - ئەندازیاری - دکتۆرا )......هتد. ئەوکات حسابی کادرێکی حزبی یان پاسەوانی بەر پرسێکی حکومیو حزبی بۆ ناکرێت لە پێدانی جێگای نیشتەجێبوونو مووچە...هتد. هەروەها نەبونی سەنتەری ڕۆشنبیریو بنکەی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتو یاریگاو کردنەوەی خولی زمانو مۆسیقاو شانۆو ئەگەر باس لەوە دەکرێت لەو هەندێ شارو شارۆچکە یاریگای تارتان کراوەتەوە بەڵام با ئەوەش بڵێین کە ئەو یاریگایە بە شێوەیەکی گشتی لە خزمەت کردنی لاواندا نیە چونکە لە سنورو دەسەڵاتی پارتی هەموو یاریگاکان ڕاستەوخۆ لەلایەن لاوانی دیموکراتی پارتییەوە سەرپەرشتیو بە کرێ دەدرێت کە دەبوایە لە لایەن لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانەوە سەرپەرشتی بکرایە هەروەها لە سلێمانی یاریگاکان لە خزمەتی یانەکانو کۆمەڵێك سەنتەری سەر بە دەسەڵاتە هەروەها دەبوایە وەزارەتی

وەرزشو لاوان ئەکتیڤترین وەزارەت بوایە لە ڕوی ڕەخنە گرتنو پێشنیازو داواکاریو هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ئەو هەموو ناهەقیو کێشەو قەیرانەی کە گەنجانی تێ ئاڵاوە. کە بە داخەوە بێدەنگترین وەزارەتە لە مەڕ کێشەی توێژی لاوانو گەنجان هەروەها دەسەڵاتی حزبی هێزێکی ئەو تۆی دروست کردوە کە توانیویەتی دەستو پێی لاوان ببەستێتەوە ئیغرای بکات بۆ نێو حزبەکەی کە هەموومان ئەوە دەزانین دەسەلات بەرنامەیان هەیە بۆ بە کردنی لاوان بە پۆلیسو ئاسایش کە باسی ئەو دوو هێزە دەکەم مەبەستم کەم کردنەوەی ئەرکو دڵسۆزی ئەوان نیە چونکە هەموومان ئەو ڕاستیە دەزانین پاراستنی ئاسایشو هێمنی کوردستان لە ئەستۆی ئەواندایە. بۆیە بۆنەهێشتنو کەم کردنەوەی دیاردەی کۆچ کردنی لاوان پێشنیاز دەکەم کە:

١- کاری جدی بکرێت بۆ گۆڕینی سیستمی پەروەردە.

٢- پێوەرەکانی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆو پەیمانگاکان دوور بێت لە هەر بیری تەسکێکی حزبایەتی.

٣- ئەفزەڵیەت بدرێت بە لاوانی بێکار بۆ دامەزراندنیان لە کۆمپانیاو پرۆژە جیاجیاکانی حکومەت.

٤- بە گەڕخستنی یان دامەزراندنی بانکێك بۆ پێدانی سلفە بۆ پرۆسەی هاوسەری لاوان.

٥- دەبێت وەزارەتی وەرزشو لاوان ئەکتیف بێتو سیستەمە کاری بگۆڕێت.

٦- پێشنیاز دەکەم پەرلەمانی لاوان دامەزرێت وەك پردێك لە نێوان توێژی لاوانو حوکومەت دا.

٧- دەبێت حکومەت شوێنی نیشتەجێبوون دروست بکاتو بدرێت بەو گەنجانەی کە پرۆسەی هاوسەرگیری دەکەن.

# زەواجی میسیار

م. وریا کانی توویی

ئێمە وەك میللەتی کورد، لەو رۆژەوەی کە ئاینی ئیسلاممان قبولکردووە، بەدرێژایی ئەو مێژووە، خێزانمان لەسەر بنەمای زەواجی شەرعی دروستکردووە، هەرچەندە بەتەواوی پابەند نەبووین بە رێنمونیەکانی شەریعەتی ئیسلام لەمەڕ مافەکانی ئافرەتو چەندان شێوازی ناپەسەندو دزێوی هاوسەرگیری لەژێر پەردەی شەریعەتدا ئەنجامدراوە، لەکاتێکدا کە هیچ بەڵگەو دەلیلێکی پتەویان لەپشت نەبووە، نە لە قورئانو نە لە سوونەتی پێغەمبەر!، بەڵکو هەموو ئەوەوی بەدەستیانەوە بووە، کەڵك وەرگرتن بووە لەچەند فتوایەکی لاوازو بێهێز لەژێر پەردەی پابەندبوون بەم فتوا لاوازانەوەو بەکاریگەری هەندێك عاداتو تەقالیدی باو، زەواجی وەك " مارە بەجاشو گەورە بە گچکەو وەرگرتنی ئافرەت لەبری خوێنو بنەتۆو ژن بەژنو چیو چی...تاد" چەندان شێوەی دیکەی نادرووست تێکەڵ بە زەواجی شەرعی نەکردووەو لەجیاتی ئاسودەییو خۆشگوزەرانی، بەدبەختیو چارەڕەشیو سەرگەردانی بۆتە بەشیو وەك پێویست زەواجی شەرعیش لەناو میللەتی ئێمەدا هەقی خۆی نەدراوەتیو ئەو شتە سەیرو سەمەرانەی باسمانکردن، تێکەڵاوی کراوەو شێوێنراوە، هەروەها شتێك بەناوی زەواجی میسیار، لەنێو ئێمەی کوردی سوونیو شافیعی مەزهەبدا لەگۆڕێدا نەبووە، کە ماوەیەکە وەکو پرۆژە، بۆ لێکۆڵینەوەو دەنگ لەسەردان، حەواڵەی پەرلەمان کراوەو تا ئێستاش دوابڕیاری لەبارەوە نازانین داخۆ بەکاملادا یەکلایی دەکرێتەوە، رێگەی پێدەدرێ؟ یان رەتدەکرێتەوە. بەهەرحاڵ باسو خواس لەنێو ناوەندە رۆشنبیریو رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکانو میدیاکان، لەسەر زەواجی میسیار گەرموگوڕە. بۆیە تێڕامانو هەڵوێستەلەسەرکردنی زەواجی میسیار، پڕۆژەیەکی هاوردەی دەرەوەی زەمینەو کولتوورو عاداتو تەقالیدی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، زادەی نێو هەناوی کۆمەڵگەی خۆمان نییە، بەڵکو دروووست.. لاساییکردنەوەو گواستنەوەی ئەزموونی وڵاتانو دەرەوەی کوردستانە، ئەم زەواجە چەندان لایەنی تاریكو نوتەکی ئەوتۆی تێدایە کە حەوجێی رۆشنکردنەوەیە، چەندان پرسیارو رەهەندی هەیە، کە پێویستە وەڵام بدرێنەوەو توێژینەوەی بۆ بکرێ. لەمەودای زانیاری من لەمەڕ ئیسلام، زەواجی میسیار هیچ دەقێکی راستو راشکاو(صحیحو صریح)ی نە لەقورئانو نە لە سوونەتی پێغەمبەردا لەسەر نییە، بەڵکو پەیدابوونەکەی بەرەنجامی کێشەو گرفتو قەیرانو بەرهەمی تێڕامانو لێوردبوونەوەی هەندێ زانای ئیسلامی بەتایبەت خەلیجیە، کەپێدەچێ، بۆ هەلومەرجی تایبەتو زەمینەی دیاریکراو، حاڵەتی باری گونجاو فتوای لەسەر درابێت، واتە ئەم زەواجە لە رووی مێژوویییەوە لەنێو سوونەدا زۆر کۆن نییە، شێوازێکی تازەی هاوسەرگیری بۆ هەندێك گرفتو قەیرانی کۆمەڵایەتی وەك، هەتوانو دەرمان، یان راستر وەك ئازار شکێن(مسکین) بۆ چەندان حاڵەتی ناتەندروست بەدەرکەوتووە، واتە وەك هەندێك کەس کە بە حەوت دەرمانەی دەزانن بۆ گرفتە کۆمەڵایەتیەکان، من واینابینم، تەنانەت ئەو زانایانەش کە لەگەڵ زەواجی میسیاردان بانگەشەی گەرمو گوڕی بۆ ناکەن، لەبەر ئەوەی بابەتێکی خیلاف ئامێزەو مشتومڕو رای جیاوازی لەمەڕ راستیو دروستی ئەم زەواجە لەسەرە.

هەرچەندە من لێرەدا بەهیچ شێوەیەك نامەوێت خۆم لەقەرەی، حەلاڵیو حەرامی ئەم زەواجە لەرووی شەرعیەوە بدەم، چوونکە مەسەلەی ئیجتیهادیو خیلافیەکان، هەڵبڕینو یەکلاییکردنەوەیان، کارێکی ئاسان نییە. بەلاّم هەرچەندە مرونەت لەبواری فیقهدا، زیاتر خێری بۆ کۆمەلاّنی خەڵك تێدایە تا دۆگمابوونو چەقبەستنو قەتیسمان، لەنێو چەندان فتوای کۆنی زەمەنە بەسەرچووەکان، کە رەنگە بۆ کاتێکی دیاریکراو باش بووبن، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە، کە لەژێر پاساوی هاوچەرخیبوونو کرانەوەدا هەمووشتێکی نوێوی پێشنیازکراو.. بێ سێو دوو لێکردن قبوڵبکرێو سەرکێلانە مامەڵە لەگەڵ بابەتە هەنووکەییو تازەکاندا بکرێو لەناوەڕۆكو کاکڵەی ئەم پرۆژانە حاڵی نەبین، بەڵکو پێویستە کەسانی شارەزاو پسپۆرجوان شەنو کەویان بکەن، ئەوجار بڕیاری شیاویان لە بارەوە بدەن، هەر لەمروانگەیەوە، پێویستە خەڵك بەرچاو روونبنو پێویستە بپرسنو بزانن ئامانج لە پێشنیازکردنی زەواجی میسیار چییە؟ چ مەبەستو قازانجێك لەم زەواجەدا هەیە ؟ئەو فاکتەرو هۆکارانە چین؟، یان ئەو ئەوەندە بەهێزن کە لەتەك زەواجی شەرعی پەنا بۆ زەواجی میسیار بەرین..؟ ئایا هەلومەرجو کولتووری کۆمەڵایەتی ئێمە، پێویستی بە زەواجێکی لەچەشنی میسیار هەیە؟ ئایا ئەو کۆمەڵگەو وڵاتانەی کە رێگەیان بەم زەواجەداوە، توانیویانە چ جۆرە قەیرانو کێشەیەکی پێ چارەسەر بکەن؟ یاخود، ئایا زەواجی میسیار، تاچەند بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەبارە..؟ ئایا ئەو شتە باشانە کامانەن کە لە زەواجی میسیار هەن و لە زەوجای شەرعیدا دەستناکەون ؟ ئایا جگە لە دەستبەرداربوونی ئافرەتان لەکۆمەڵێك ماف، چی تازەو زیاتریان دەست دەکەوێتو لە زەواجی شەرعیدا نییە؟ ئایازەواجی میسیار دواچارەسەرە بۆ ئەو دەردوو موشکیلانەی کە لە پێناویاندا پێشنیازکراوە، ئایا ئێمە هەموو ئەوەی لەتواناماندا هەیە بەکارمان هێناوەو تاقیمان کردۆتەوە تا لێی بە بنەبەست گەیشتبینو ناچاری پێشنیازکردنی زەواجی میسیار بووبین؟ یان تەمبەڵیو بیرنەکردنەوە لە چارەسەر وایکردووە پەنای بۆبەرین؟! ئایا زەواجی میسیار کاریگەری خراپی نابێت لەسەر ورەو شەوقو زەوقی لاوەکانمان، ئایا هیممەتو ویستیان کەمناکاتەوە بۆ پێکهێنانی خێزان ؟ ئایا رودانی بچوکترین کێشەی نێوان ژنو مێرد لەم زەواجەدا بەس نییە بۆ ئەوەی سەری لە تەلاّقەوە دەربچێت ؟ بێ ئەوەی ئافرەت هیچ مافو قەرەبوویەکی پێبدرێت..!. دەبێ، ژمارەی ئەو تەنگو چەڵەمەو گرفتانە چەندبن کە لەدوای زەواجی میسیار دەبنە سەربارو بنباری گرفتەکانی ئێستامان.. ئایا زەواجی میسیار، دواجار بریتی نییە لە مژینی جواناوی ئەو ئافرەتانەی کە جۆرێك جوانیان تێداماوەو بەنرخێکی زۆر هەرزانیش !؟ ئەی دوای سیسبوونی گوڵی جوانیان چی؟ ئایا ئافرەت لەم زەواجەدا نابێتە بوکە شوشەی گەمەی دەستی هەوەسبازان ؟. ئەمانەو سەدان پرسیاری دی. ئەم پرۆژە پێشنیازکراوە دواجار بۆ خەڵکە، بۆیە پێویستە خەڵك خودی پرۆژەکەو ناوەڕۆکی پرۆژەکەی لەبەردەستدابێت، پێویستە بزانین ئەم زەواجە بۆ هەندێك کەسو حاڵەتی تایبەتیو دەگمەنە، یان بۆ هەموو کەسە، ئایا مارەییو دووشاهیدی عادلو وەلی ئەمر، چارەنووسی ئەو منداڵانەی لەم زەواجە پەیدادەبن چۆنەو چۆن نییە؟ ئایا ئەو ئافرەتانەی کە پەنا بۆ زەواجی میسیار دەبەنو پێی رازی دەبن چ مانیعێكو رێگرێك لەبەردەمیانداهەیە. بۆ هەر لە زەواجی شەرعیدا، ئاسانکاری ناکەنو دەست

لەهەمان ماف هەڵناگرن، لە راستیدا پیرۆزترینو گرنگترینو ناسکترینو هەستیارترین پەیوەندیو گرێبەست، هاوسەرگیرییە(عەقدی زەواج)ە، ناکرێت بەهیچ شێوەیەك یاری بەم پەیوەندیە بکرێت، لەم عەقدەدا مرۆڤ بە هەموماناکانی مرۆڤ بوون، بەهەموو هەستو نەستو غەریزەکانیەوە، دەچێتە ناو ئەم پرۆسەیەوە، بچوکترین خەلەلو کەموکوری سەرەنجامی خراپو کێشەی لێدەکەوێتەوە، لەراستیدا ئەم پرۆسە جوانە نابێت لیخن بکرێت، پرۆسەی زەواج شەڕ نییە، تا لەڤو دەورانو پێچی هەبێ، بڕاوەو دۆڕوا نییەو دەبێ ئەوپەڕی شەفافیەتو لێکحاڵی بوون هەبێ، ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی یەکترتەواوکردنە بەهەموو ماناکانی یەکتر تەواوکردن، ئەو رێسایە گشتیەی کە پێغەمبەر رایگەیاندووە، یاسای (لاضرر ولاضرار) نەخۆ زیانبارکردن، نە زیانگەیاندن بە کەسانی تر، لەم پرۆسەیەدا، لەهەر عەقدو پرۆسەیەکی تر پێویستە، ئەو ئاسوودەییە دەروونیەی کە پێویستە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا هەبێت، هەرگیزاو هەرگیز لە زەواجی میسیاردا نایەتە دی، ئەوەتا، ئەوەندەی لە یەکتر دوورکەوتنەوەو لەیەکتر دابڕانو درەنگ بەیەکگەیشتنی تێدایە، ئەوەندە هاودەمی لەیەك نزیکیو خۆشەویستیو بەخەمیەکترەوەبوونی تێدانییە. زەواجی میسیار ئەوەندەی لەسەر بنەمای، بەرژەوەندیو وزە ئیرۆتیکیەکان بنات دەنرێ، هێندە لەسەر بناغەی ئاوێتە بوونی رووحیو هەستو نەستە پیرۆزو باڵاکانو گرێبەستە ئەخلاقیەکان بنیات نانرێ. بۆیە، حەقی خۆیەتی خەڵکی دڵسۆزو پسپۆڕو لێزان، توێژینەوەی لەسەر بکەن، راپرسیو بەدواداچوونی باشی بۆ ئەنجام بدەن، تاوەکو ئەم زەواجەش کۆمەڵێك بەدبەختیو مەینەتیو نەهامەتی سەر کۆی قەیرانەکانمان، تا بەدەستی خۆمان ئاگر بەرنەدەینە خەرمانی خەونو خەیاڵی رەنگاڵەی نێرومێیەکانی ئەم کۆمەڵگایە. بۆیە من، پێشنیاز دەکەمو دەڵێم: هەتا لەحاڵی رێگەپێدانو حەڵاڵکردنی ئەم زەواجە، پێویستە پەرلەمان بەشێوەیەك رێگەی پێبدات، کە کەمترین زیانی تێدابێتو خۆ لەلایەنە خراپەکانی، ئەوەندەی دەکرێت بپارێزرێت، بەکۆمەڵێك یاساو رێسای تایبەت بەو زەواجە، رێگربێت لەبەردەم ئیستیغلالو چەوساندنەوە، بەتایبەت چەوساندنەوەی ئافرەت، کە باوەڕم وایە لە بە قانوونیکردنی ئەم زەواجەدا زیانی گەورەیان بەردەکەوێت.

# ئەنفالچیەکان هەست بە چ دەکەن



**بەهرە حەمەرەش وسو**

لە هەفتەنامەی جەماوەردا لیستێك بەناوی لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال بڵاوکرایەوە کە لەکۆی(٤٢٣) ناودا(٢٦٧) ناویان کوردن، لێرە هەڵوەستەیەکی دەوێ، بێگومان ئەم ژمارەیە کەم نیە. لەوانەشە کاریگەری لەسەر یاسا نێودەوڵەتیەکان لە تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی ئەنفالو جینۆساید هەبێت، لەزۆر لاوە زیانی بۆ سەر پرسی سیاسی کورد هەبێت جگە لەبریندارکردنی هەستی کەسو کاری ئەنفالکراوەکان لەهەر ناوچەیەکی کوردی، چونکە زۆرینەی ئەو ناوانە ئێستا لەپلەو پایەی بەرپرسیدانو رۆژانە لەوانەیە چەندین فەرمان لەوانەوە بۆ خەڵکی بریندارو کوردپەروەر دەربچێت. بەجۆرێك ئەنفالچیەکان هەمان دەسەڵاتداری جارانن، گۆڕان تەنها لەژمارەی ئۆتۆمبیلو پاسەوانیەکانیان رویداوە. هەندێك لە هاوڕێکانم پێشتر ئەگەر گلەییان لەباوکیان هەبووە بە بینینی ئەو لیستە پەشیمان بوونەوەو بڕیاریاندا دەستوپێی باوکیان ماچ بکەن کە هەرنەبێ باوکی ئەوان لەدرێژایی ژیانیان خیانەتیان بە میللەتی خۆیاننەکردووەو نەبونەتە چڵکاو خۆری دەسەڵاتێك کە دوژمنی سەرسەختی میللەتەکەیان بووەو ئێستا ئەوان لەجیاتی شەرمەزایو خۆشاردنەوە لە هاوڕێو ناسیاوەکانیان شانازی بە باوکیانەوە دەکەن. ئەو هەستی شانازیکردنە لەهەر شتێك بەنرخترە لایان، بۆیە من بەشبەحاڵی خۆم پەروشم بۆ کوڕو کچە گەنجەکانی ئەوان. بەوروژاندنی ئەم باسە هەر یەکێك لەزۆر ئاستو لە زۆر شوێن قسەی هەبوو«دەبوایە نەنێردرێنە دادگا، لێبوردنیان بۆ دەربکەن، نابێ لە سێدارە بدرێن، مافی خۆیانە ئینشالله بەسزای خۆیان دەگەن....................هتد»
بەلام زۆر لەئەوان قسەیان نەبوو نکۆڵیشیان لەکارەکەیان نەکردو زۆریشیان باسی فەوجو قارەمانێتیەکانیان کردووە، دەڵێن ئەنفالمان نەکردووە، تاکە بەهانەی کەهەموویان ئەزبەریان کردووە« من بەخاتری عەشیرەتو ناوچەکەی خۆم بوومەتە جاشو خزمەتم کردووە، چەندین کەسم لە ئیعدام هێناوەتەوە بۆ نموونە فلانو فیسار» زۆری نامێنێ قەرزارمان بکەنەوەو نیشتمانپەروەریمان پێبفرۆشن. هەموو کەس دەزانێ بەڵێ ئەوان دەست رۆشتوو بوون کاتی رژێم، خەڵکیان رزگارکردووە لەبەرامبەر مەرامێکی خۆیان ئیدی ئەو کەسە لەبڕی رێژەیەك پارە بووە یان خزمو کەسوکاری خۆیان بوون. ئیدی پێموابێ سەردەمی فرتوفێڵ کردن لە خەڵکی بەسەرچوو خەڵکی ئێستا وشیاربوونەتەوە. بەهەرحاڵ وەکو دەڵێن« راستی ژێر پێ دەخرێت بەلام بزر ناکرێت» هەر کەسێکیش چاڵی بۆ خەڵك هەڵکەند بێگومان رۆژێك خۆشی بەسەریدا دەکەوێت. کاتی ئەوەش هاتووە پەردە لەسەر تاوانەکانی ئەوان لابدرێت بەسزای خیانەتەکانیان بگەن. بۆیە تا شەرمەزارتر نەبوون با کۆنە جاشەکان دەست لەو پۆستانە بکێشنەوە کە هەیانە، چونکە دەبنە ئەو دیمەنە قێزونەی بەر نەفرەتی نەوەی نوێی ئەم میللەتە دەکەون، شەرمەزاری زیاتریان بەردەکەوێتو دەبنە هۆی بێمتمانەیی نێوان خەڵكو حکومەت، پێویستە حکومەتیش سەرنجێك لەو مەسەلەیە بدات.

# شەش منداڵم هەیە هەموویان لەیەكتری هارترن

## هاروهاجی منداڵو گرفتەكانی لە ریپۆرتاژێكی زناردا

ئا: كوردستان رەسول

هاروهاجی منداڵان یەكێكە لە سیمادیارەكانی ئەو كۆمەڵگایانەی كە مێژوویەكی زۆریان لەجەنگو ماڵوێرانی بەسەرداهاتووەو برسیەتی فەلاكەتباری رووی تێكردووە، لەپاڵ ئەوەشدا لەحاڵەتی گواستنەوەو بوژانەوەی سیاسیو ئابووریو كولتووریشدا، كاریگەری درێژخایەنی ئەو رۆژگارە بەسەر مرۆڤەكانەوە دەمێنێو منداڵیش یەكێكە لەو كائینانەی، كە لەگەڵ سروشتی دەوروبەرەكەیو جۆری پەروەردەكردنەكەیدا، دەچێتە ژێر هەمان تەبیعەتو هەڵگری ئەو خەسڵەتانە دەبێت كە لە ژینگەو دەوروبەریدا روودەدەنو دەیانبینێو لەبەرامبەریدا دەنوێندرێت. بوونی بەرنامەیەكی رێكو پێك بۆ منداڵان، یەكێكە لە رێگا سەركەوتووەكانی ژیانی هاوسەرداری، ئەم بەرنامەیەش دەبێ لەلایەن هەردوو رەگەزەوە جێبەجێ بكرێ، چوونكە پەروەردەكردنی هەر منداڵێكی خێزانەكانیان لە سەرەتاوە تا كۆتایی سەقەتەو ئیفلیجە، كە ئەمەش راستەوخۆ لە زۆربوونی منداڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بێشك لە ژمارەی كەمی منداڵەوە زیاتر توانای پەروەردەیی خێزان زیاتر دەبێتو دەتوانن بۆ تێكەڵاوبون لەگەڵ كۆمەڵ رایانبێننو لەگەڵ چواردەوەری خۆیاندا ئارام بن

(نەسرین)ی تەمەن ٣٥ ساڵ، باسی بەسەرهاتی خۆی دەكرد بەدەست ئەو شەش منداڵەی هەیەتیو دەیگوت"من شەش منداڵم هەیەو هەمووشیان لەیەكتری هارترن، سەرەڕای كوێرەوەری زۆر بۆ بەخێوكردنیان، یەكێك لە كورەكانم سەسەری دەرچووەو شەوانیش زۆر كەم دێتەوە ماڵەوە، دووكچە گەورەكەشم هەرگیز گوێ لەقسەی كەس ناگرنو تۆزقاڵێكیش یارمەتی دایكیان نادەن، سێ منداڵەكەی تریشم بچوكنو بەداهاتووی ئەوانیش زۆر رەشبینم". نازەنین محمد دەڵێ" من زۆر حەزم لەمنداڵەو ئێستاش پێنج منداڵم هەیە، ئەگەر گەورەبون زۆر پێیان دڵخۆشین بەتایبەت بۆ كاتی پیری، ئەو ژنانەی منداڵیان نابێت دیتوومن چەندە لە ئازاردان".

زۆرێك لەپیاوان حەز لە منداڵی زۆر دەكەنو ئەوەش وەكو هێمایەك بۆ پشتو قوەتو توانای خۆیان سەیری دەكەن. یوسف محمد پێی وایە" ژن بۆچی باشە ئەگەر منداڵی نەبێت"و دەڵێ" من ژنم بۆچییە ئەگەر منداڵی نەبێتو ماڵ قەرەباڵغ نەبێت تامی نییە، من ئێستا چوار منداڵم هەیە حەزدەكەم ئێستا چوار منداڵی تریشم هەبێت". شتێكی تر ئەوەی كە زۆر بەشانازی دەبینرێ لە هەندێ ئافرەتاندا، شانازی كردنە بەسكو كێبڕكێكردنە لە بەینی دووگیانەكان، واتا ژنی برای هاوسەرەكەیان بەبڕوای ئەوان، ئەگەر هاوسەرەكەیان منداڵی زۆری ببێت، ئەوا لە داهاتوودا، ئەو زیاتر بەختەوەر دەبێت. شیرین كە خاوەنی سێ كچە دەڵێ" ژنی برای پیاوەكەم هەموو جارێك كە كورێكی دەبوو، شانازی دەكرد بەسەرمداو منیش هەوڵمدا منداڵی دیكەم ببێت، بۆ ئەوەی كورێكمان ببێت كە تا ئێستا نیمانە، ماڵە خەزورمو ژنی برای پیاوەكەم وایان لێكردم ئەگینا من هەر یەك منداڵم دەویست".

زۆرن ئەو ئافرەتانەی هەمیشە بەدەست قسەی خەڵكەوە دەناڵێننو مەراقی پێدەخۆن. سومەییە ئەحمەد باسی لەوەدەكرد تا پێنج ساڵ منداڵی نەبووە، لەو ماوەیەشدا خەڵكی مێشكیان بردووەو وایان لێكردووە هەست بە نەقس بكات لەبەرامبەر هاوسەرو ماڵە خەزورانیو خەڵكیش، دواتر زانیویەتی ئەوە شتێكە بۆخۆی بەسەرخۆیدا هێناوە. ئومێد كە خاوەنی دومنداڵە دەڵێ" من هیچ منداڵی ترم ناوێت، دەمەوێت ئەو دوو منداڵە بەجوانی پەروەردە بكەم، بەجۆرێك كە جێگەی دە منداڵم بۆ بگرێتەوە". زۆربوونی منداڵو نەبوونی پرۆگرامێك، تا منداڵەكان بەدوای یەكدا نەبنو نێوانیان لەبەیندا هەبێت، چوونكە بۆ لایەنی ئابووریو گرنگیدان بە تەندروستیانو پەروەردەكردنیان زۆر زەرورە. سەرتیپ نەجمەدین دەڵێ"ئێمە خێزانێكی قەرەباڵغینو تەنها دوو ژووریشمان هەیە، ئەمە جگە لەوەی میوانێكی زۆرمان دێتو منیش ناتوانم سەعی بكەم، لەبەر دەنگە دەنگی خوشكو براكانم سێ ساڵە لە پۆلی سێی ناوەندیم، بەڵام ئەگەر زۆرێكی ئارامی خۆم هەبایە، هەموو ساڵێك بە دەرەجەی باش دەردەچووم". م.بەیان پێچەوانەی زۆربەی ئەوژنانە دەڵێ" من حەزم لە منداڵ نییە، ئەگەر هەشبێت یەك منال چوونكە من واهەست دەكەم هەموو خێزانەكانی ئێمە ژیانی خۆیان لە بەخێوكردنی منداڵدا دەبیننەوە چ ژنەكەو چ پیاوەكەش".

دكتۆرە بینایی، دكتۆری نەخۆشیەكانی ژنانو منداڵان لە نەخۆشخانەی سەنگەسەر گوتی" منداڵی زۆر كاریگەری زۆر خاراپ دادەنێ لەسەر لەشی ئافرەتو منداڵ، بەهەمان شێوە دەبێتە هۆی كەمی ڤیتامیناتو كالیسیۆمو هۆرمۆنات...تاد. رەنگە ببێتە هۆی نەخۆشی وەك قژ رووتانەوەو نەخۆشی دڵو نەخۆشیەكانی منداڵان وەك لاوازی نەخۆشی بەردەوام". دكتۆرە بینایی لەسەر رێكخستنی شێوەی تەندروستی منداڵ بوون گوتی" واباشە (٢ - ٣) منداڵ ببێتو فاسیلەی چەند ساڵێك هەبێت لەنێوانیاندا، چوونكە هەم بۆ تەندروستی خۆیانو دایكیان، هەم بۆ دابینكردنی خواستە ماددیو مەعنەویەكانی خۆشیان هەلیان زیاتر بۆ دەڕەخسێ، بەمەش لە جیاتی ببن بەبار بەسەر كۆمەڵگاكەیانەوە، دەبنە كارەكتەرێكی بەسود بۆخۆیانو خێزانو وڵات".



# چەوسانەوەی ئافرەت

# لە كۆمەڵگادا بەهۆی ژن بوونیەتی



نەسرین حەسەن

هەركاتێ باس لە چەوساندنەوەی ئافرەت دەكرێت، راستەوخۆ وەڵامەكان بەو ئاراستەیدا دەدرێنەوە كە تەنیا ئافرەت ناچەوسێتەوە، بڵكو پیاوانیش دەچەوسێنەوە.. هەڵبەتە لێرەدا دەبێ تێڕوانینێكی قوڵمان بەرامبەر بە چەمكی (چەوساوە)هەبێتو زیاتر سەرنج لە شێوازەكانی ئافرەتو پیاو بدەین. دیارە ئەگەر بڵێین پیاو ناچەوسێتەوە، ئەمە دوورە لەمرۆڤایەتی، چوونكە چەمكی چەوساندنەوە بەواتای گوشاریش دێت، ئەگەر كەسێك یان شتێك بخرێتە ژێر گوشارەوە، دەكەوێتە نێوان كۆمەڵێك بەربەستو هێزەوە، كە پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە، ئەو كەسەی لەژێر ئەم گوشارە، بە سنورێكی دیاریكراو دەبەستێتەوە، یان لە جوڵەی دەخات یاخود دەیكاتە ناو چوارچێوەیەكی دیاریكراو، كە مافی هەڵبژاردنیش سنووردار دەبێتو زۆرجار ناچار دەبێت شتێك هەڵبژێرێت كە خۆی تێیدا زەرەرمەند دەبێت. كەواتە هەرتاكێكی ئەو كۆمەڵگایە، بەهەردوو رەگەزەوە زۆرجار دەكەونە ئەو گوشارەو سنوورە دیاریكراوەكە مافەكانیان تێدا زەوت دەكرێت، ئەمەش ئەو چەوساندنەوەیەی كە مرۆڤ تووشی دەبێت، هەندێكجار ئافرەت ناچار دەكات بەهەموو شتێك رازیبێت، ئەگەر لە ژێرباری توندوتیژیدابێت، ناچارە هەمووكات لەژێر فەرمانی پیاودابێت، ئەوەش بۆ پاراستنی ئەو دابو نەریتو عورفە كۆمەڵایەتیەو هەندێكجار پیاویش ناچار دەبێت بۆ بژێوی ژیانو خۆیو بنەماڵەكەی هەمووكارێك بكات.

لێرەدا ئەگەر بەوردی سەیر بكەین دەبینین هەموو مرۆڤێك، لەهەر بەرگێكدابێت، بەرادەی خۆی دەچەوسێتەوە، بەلاّم شێوازی چەوساندنەوەیان جیاوازە لە ئافرەتو پیاودا، لەوانەیە، پیاو زۆر ئاسانو زوو هەست بە چەوساندنەوەی خۆی بكات، ئەزمونی كەسێكی چەوساوە، ئەزموونی بەندكراوێكە، لێرەدا كە پرسیارێك دروست دەبێت دەڵێ: ئایا بۆچی زۆربەی ئافرەت هەست بە بەندكراوی خۆیان ناكەن، كاتێ لە چوارچێوەی حاكمیەتێكی پیاوسالارەوە روبەروویان دەبێتەوە..؟ (مرلین فرای) فەیلەسوفی ئەمریكی زۆر بەجوانی وەلاّمی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەڵێ: باڵندەیەك بهێننە بەرچاوتان، كاتی لەناو قەفەزێك بەندكراوە، بەلاّم كاتێ لە مەودایەكی زۆر نزیك سەیری ئەو قەفەزە بكەین، تەنیا دەتوانین یەك سیلەی ئەو قەفەزە بەباشی ببینینو تایبەتمەندیەكانی ئەو سیلەو ناو قەفەزەكە دەستنیشان بكەین، بێ ئەوەی سەرنج بدەینە ئەو خاڵەی ئەو باڵندەیە لێی دەرباز ببێت، بەلاّم كاتێ لە دوورەوە سەیری ئەو. قەفەزە بكەین، بۆمان روونەدبێتەوە كە ئەمە تەنیا سیلەیەك نییە بۆتە بەربەستی ئەو باڵندەیە، بەڵكو كۆمەڵێك سیلەی دیكە بەیەكەوە پەیوەندیان هەیەو بەربەستی سەرەكین لەبەردەم فڕینی باڵندەدا، ئەم نموونەیە ئەو ئافرەتانەش دەگرێتەوە كە لەناو كۆمەڵێكی پیاوسالاری دەژین، تاكێك لەم كۆمەڵگایەدا ناتوانێ ببێتە بەربەست لەبەردەم ئافرەتدا، بەڵكو كۆمەڵێكە كە هەموویان پەیوەندیان بەیەكەوە هەیەو ئەو دەسەڵاتە بەڕێوە دەبەن. لەو چوارچێوەیەدا هەمووشتێك بۆ ئافرەتان سنورداره(وەكو باڵندەكەی ناو قەفەز) تەنانەت توانای هەڵبژاردنی نیە.. بۆ نموونە كاتێك كچێك پرسیاردەكات: بۆچی من ناتوانم بەتەنیا بچمە دەرەوە یان پاركێكو...تاد، لەكاتێكدا براكەم دەتوانێ ..؟ئەوكاتەی كە وەلاّم دەدرێتەوە.. لەبەر ئەوەی تۆ كچی ..! چونەدەرەوە بەتەنیا بۆ كچ باش نییە! بابەتەكە گرنگتر دەبێت، ئەوكاتەی كچەكە هەمووكاتێ ئەو پرسیارە لەخۆی دەكات كە بۆچی سنوردار كراوم...؟ لێرەدا ئەگەر لە دوورەوە بڕوانینە ئەو كۆمەڵگایە دەبینین كە ئافرەت بەهۆی ئەندام بوونی لەناو رەگەزێكی سروشتی كە ژنانە دەچەوسێتەوە، ئەو كەسەی كە بەندكراوەو سنووردارکراوە تاك نییە، بەڵكو كۆمەڵە، ئەمەیە جیاوازیەكە. ئافرەتە كە دەچەوسێتەوە هۆكاری ئەسڵی ژن بوونیەتی، بەلاّم پیاو بەهۆی پیاوبوونیەوە ناچەوسێتەوە، ژن بوون هۆكاری سەرەكیە ئەو راستیەیە كە ناكرێ لەو كۆمەڵگایەدا كە ئافرەت بە پلە دوو دەناسرێت، ژن ببێتە قوربانی تێڕوانینی كۆمەڵگا، ئەگەر ئافرەت لەو كۆمەڵگایە ناتوانێ پلەو پایەی بەرزی سیاسیو ئابووری یان كۆمەڵایەتی هەبێت، هۆكارەكەی ژن بوونیەتی !، بەلاّم ئەو راستیە لەپیاودا نییە، پیاوبون بەربەست نییە بۆ بەدەستهێنانی پلەو پایەی باشتر، پیاو نابێتە قوربانی هەڕەشەو دەستدرێژی كردنو تووڕەبوون، ئەگەر كردەوەیەكی نامۆبێت بۆ ئافرەت ئەوا بۆ پیاو نیشانەی پیاوەتی ئەوە، پیاو ئەگەر، لە كۆمەڵگادا بچەوسێتەوە وەك تاكێك بۆ مەبەستێكی دیاریكراو، بەلاّم ئافرەت وەك ناچەوسێتەوە، بەلاّم وەك نیوەی زیاتری كۆمەڵ كە ژن بوونە



# کارکردن لەسەر ماف نەك لەسەر ئایدۆلۆژیا

## حزبی دادو گەشەپێدانی تورکیا بەنمونە



ئەحمەد حەمە مستەفا

حزبی دادوگەشەپێدانی تورکی کە پاشخانێکی ئیسلامی هەیەو درێژکراوەی حزبە ئیسلامیەکانی پێش خۆیەتی کە نەجمەدین ئەربەکان‌و رەجائی کۆتان سەرۆکایەتیان دەکرد، دوای ململانێیەکی سەخت‌و دژوار لەگەڵ باڵی سەربازی ئەو وڵاتە کە خاوەن هێزو دەسەڵاتێکی بێ سنوورن‌و خۆیان بە پارێزەری سیستەمی عەلمانی دەزانن کە کەمال ئەتاتۆرك بنیاتیناوە، توانیان پۆستە باڵاکانی تورکیا یەك لەدوای یەك لەژێر دەستی حزبە عەلمانیەکان دەربهێنن‌و سەرکەوتنی ئەو حزبەش عەبدوڵلا گولی وەزیری دەرەوە بوو بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری تورکیا. دوای چەند جەولەیەکی هەڵبژاردن‌و ترسی کودەتای باڵی سەربازی‌و فەشەل پێهێنانی پرۆسەی سیاسی، سەرەنجام کێبڕکێکە بە قازانجی دادو گەشەپێدان یەکلایی بۆوە. بە پێی بۆچوونی چاودێرانی سیاسی هۆکاری سەرکەوتنی دادو گەشەپێدان بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاکسازیە ئابووریەی کە ئەم حزبە کردویەتیە تایتڵی کارەکانی‌و فەشەلی چەپ‌و عەلمانیەکان لە پراکتیزەکردنی دروشمەکانیان‌و هەروەها بە ئاگایی‌و هۆشیاری کۆمەڵگای تورکیە بە گۆڕانکاریەکانی سەردەم‌و سیستەمی نوێی جیهانی، ئەجندای کاری داهاتووشی وەك سەرکردەکانی ئەو حزبە رایانگەیاندووە، بریتیە لەبەردەوامی هەوڵەکانیان بۆ ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، مکوڕبوون لەسە ریفۆڕمە ئابووریەکان‌و پێداچوونەوەی‌و پێداچوونەوەو دەسکاریکردنی دەستوورو چاوخشاندنەوە بەرەوشی مافی مرۆڤە لەو وڵاتەدا. مەبەستم نیە لەم بابەتەدا کاروبەرنامەکانی ئەم حزبە لەدیدێکی کوردانەوە هەڵسەنگێنم‌و شرۆڤەی داهاتووی کوردەکانی باکوور بکەم، چونکە شتێکی بەڵگە نەویستە چاککردنی رەوشی مافی مرۆڤو هەوڵدان بۆ ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا ئۆتۆماتیکی مەسەلەی کوردی دێنێتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە، مەسەلەیەکی روونە ئەوروپا هەرگیز تورکیای بەکێشەوە قبوڵ نیەو چەندین جاریش لەسەر زاری گەورە بەرپرسانی یەکێتی ئەوروپا ئەمە بەگوێی تورکیادا دراوە. بەڵکو ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانەو جێگای نەزەری منە دادو گەشەپێدان پێچەوانەی حزبە ئیسلامیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەتی جیهانی عەرەبی، حزبێکە ئیش لەسەر مافو داخوازیەکانی خەڵك دەکات‌و تا راددەیەکی بەرچاو بەرگە ئایدۆلۆژیەکەی فڕێداوەو وەك حزبێکی مۆدێرن‌و پێشکەوتوو خۆی نمایش دەکات، ئایدۆلۆژیا هەمیشە لەخەیاڵدانی مرۆڤی سادەو ساکارو گەشبیندا لەدایك دەبێت‌و چەکەرە دەکات، مرۆڤی ئایدۆلۆژی یان حزبی ئایدۆلۆژی خاوەن دیدگاو ئاسۆ بینیەکی فراوان نیەو بەردەوام لە پێناو پراکتیزەکردنی ئایدۆلۆژیەکەی‌و بەناوی بەبەهەشتکردنی کۆمەڵگا دۆزەخێکی گەورە بۆ کۆمەڵگاکەیان دەخولقێنن‌و مرۆڤ لە هەموو ئەو چەمکانەی وەك ﴿ئازادی‌و ماف‌و یەکسانی‌و........هتد﴾ کە مانایەك بە ژیانی دەبەخشن دادەرنێ.

حزبی ئایدۆلۆژی نوێنەری پێکهاتەیەکی بچووکی کۆمەڵگایەو هەرگیز توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی فرە رەنگ‌و دەنگی نیەو مومکین نیە بتوانرێت بەختەوەری بهێنرێتە دی لەژێر چەتری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا. ئایدۆلۆژیا خەونەکان بچووك دەکاتەوەو دونیا بینیمان لەچەند مەسەلەیەکی زۆر جوزئی‌و سادەدا قەتیس دەکات‌و مرۆڤی گرگن‌و هیچ لەبارادانەبوو بەرهەمدەهێنێت‌و قودرەتی خوێندنەوەی کۆمەڵگامان تیادا دەکوژێت. دەکرێت سەرکەوتنی دادو گەشەپێدان رامانکێشێ بۆ چەند راستیەکی دیکە لەوانە:-

١- دوای ئەو هەموو فشارو زۆر لێکردنەی عەلمانیەکان بەرامبەر ئیسلامیەکان‌و تەنانەت دورخستنەوەی سەرکردە ئیسلامیەکان لەدەسەڵات، ئەمە نەبووە پاڵنەرێك بۆ ئیسلامیەکان تاکوو پەنا بۆ کاری توندوتیژی بەرن، بەڵکو بە پێچەوانەوە سوربوون لەسەر شێوازی مەدەنی‌و یاسایی خۆیان دەستبەرداری میکانیزمی دیموکراسی نەبوون لەبەلاخستنی ململانێکە لەبەرژەوەندی خۆیاندا. ئەمە بەڵگەی بەهێزی‌و هەستی نەتەوەییە لەتورکیادا وەکو گووتراوە، ئیسلامی‌و علمانی ئەو وڵاتە گەر لەسەر هیچ شتێك کۆك نەبن ئەوا بێگومان هاوڕاو هاودەنگن لەسەر پاراستنی سەروەری تورکیاو ئامادەن قوربانی بدەن بەحزب‌و ئایدلۆژیەکەیان لەپێناو زیندوراگرتنی قەوارە نەتەوەییەکە بە پێچەوانەی وڵاتی ئێمە کە هەردەم لە خزمەتی بەرزڕاگرتنی حزب‌و ژێر پێخستنی پرسە نەتەوایەتیەکانین‌و دام‌و دەزگاکانی دەوڵەتمان لەپێناو بەرژەوەندیە حزبیەکان ئیفلیج کردووە.

٢- ئەوەی دادو گەشەپێدانی گەیاندە ئەو ئاستە، ئایدۆلۆژیاو فکرەکەی نەبوو



بەڵکو ئەو پلانە ڕێکوپێکە ئابووریە بوو کە لەماوەی رابردوودا ئەو حزبە جێبەجێیکردوە، بەمانایەکی دی لە کۆمەڵگای مۆدێرن‌و مەدەنیدا ئەوە درووشمە باق‌و بریقە ئایدۆلۆژیەکان نین حزب دەگەیەنێتە دەسەلات، بەڵکو پلانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی سەنگی مەحەکی بردنەوەو دۆڕانی هەر حزبێکە، هەر کەسێک بەووردی چاودێری هەڵبژاردنەکانی تورکیای کردبێت ئەو راستیەی لاروونە کە بە سفوورو حیجابەوە، بەدیندارو بێدینەوە دەنگیان بە پرۆژەی دادو گەشەپێدان داوە، ئەمەش سەلێنەری ئەو حەقیقەتەیە کە ئەم حزبە کاری لەسەر ریفۆرمی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی کردووە نەک لەسەر ئایدۆلۆژیا.

٣- گرتنە دەستی دەسەلات لەلایەن دادو گەشەپێدان بەهیچ جۆرێک مەترسی نیە بۆسەر عەلمانیەت بەڵکو بەرای من گەڕانەوەیە بۆ عەلمانیەتی راستەقینە. بەواتایەکی دیکە ئەمە شکستی عەلمانیەتی (شەرقیە) نەک عەلمانیەت بە تێگەیشتنە رۆژئاواییەکەی. ئەمە چ جۆرە عەلمانیەتێکە کێشەی لەگەڵ سەرپۆشی ئافرەتێکدا هەبێت؟ دەبێت فەرامۆشکردن‌و پەراوێزخستنی نەتەوەیەکی چەند ملیۆنی وەک نەتەوەی کورد لەکوێی عەلمانیەتدا جێگای ببێتەوە؟ مەگەرعەلمانیەت بریتی نیە لە بێلایەنی دەوڵەت لەبەرامبەر رەنگ‌و رەگەزو ئاینە جیاوازەکان؟.

٤- بەبۆچوون من (ئیسلامی سەلەفی توندڕەو)و( عەلمانی ئایدۆلۆژی گەندەڵ) دوو رووی یەک دراون‌و بەرپرسیاری دواکەوتوویی‌و نەهامەتی ئەم ناوچەیەی ئێمەن. شکستی فەتح لەبەرامبەر حەماس‌و شکستی چەپوعەلمانیەکانی تورکیا لەبەرامبەر دادو گەشەپێداندا، ئەو راستیە دوپات دەکەنەوە کە ناکرێت عەلمانیەت لە دروشم بازیدا کورت بکرێتەوەولە واقیعدا وەلامدەرەوەی ویست‌و داخوازیەکانی خەڵک نەبێت، هەروەک چۆن شکستی ئیسلامیەکانی ئەفغانستان‌و سودان لە بەڕێوەبردن‌و حکومڕانیدا دەریخست ( ئیسلامی ئایدۆلۆژی) جگە لەبەدبەختی هیچی دیکەی بۆ کۆمەڵگا پێنیەو گرفتێکی دیکە دەخاتە سەر گرفتەکانی کۆمەڵگا... لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کۆمەڵگای کراوە دەنگ بە بەرنامەو پلانی حزب دەدات‌و کۆمەڵگای چەقبەستووش دەنگ بە ئایدۆلۆژیای حزب، ئاخۆ کام کۆمەڵگایە گرەو دەباتەوەو ئێمەی گەلی کوردیش لە کوێی ئەم هاوکێشەیەداین؟....

# بۆچی
# نەفرینی سیاسەت دەکەین

سروش



تێگەیشتن لە مانای هەر شتێک وەکو تیۆرەیەک، دواجار داخڵی دیوەکەی دی دەبین، کە لێیەوە دنیایەک فەراهەمدێت کەمتر سەختی‌و کۆسپ دێتە ڕێگامان، لە دەرەوەی ئەمە واقیعێک دەبینین روون‌و ئاشکرا دەریدەخات تۆزقاڵێک پەیوەندی بە ئەسڵی بابەتەکەوە نییە. لە ژیانەوە بیگرە تا دوا شتی ئەم ئەستێرەیەی ئێمە، هیچ شتێکی پەیوەست نییە بە مێژوویەک‌و سەرچاوەیەک، شتێک دروستکات وەکو لە خودی شتە بنەڕەتیەکەوە وەریدەگرین. ژیان چییە؟ سیاسەت، ئیمان، ئەخلاق، کۆمەڵگا، ماف، ئەرک، حکومەت، یاسا... ئەمانە چین؟ بێگومان هەڵە دەکەم گەر بڵێم بۆ ئەمانە دەبێت سەیری کتێب‌و سەرچاوە فەرمییەکان بکەین. گەورەترین گوناه دەکەم لە دەرەوەی کولتورو واقیع بروانیینە شتێکی دی. کورد مرۆڤێکە یان مێژوویی‌و یان ئایینی‌و یان یاساو... هتد. مرۆڤی کورد نە کۆپی قبوڵ دەکات‌و نە مرۆڤێکی کۆنەخوازیشە، بەڵکو مرۆڤێکە لەسەر خودی خۆی‌و بیرکردنەوەکانی دەژیەت، ئەو بیرکردنەوانەی موتربەن بە ویستێکی سایکۆلۆژیێ دواجار ڕاگەیاندنی لەژێر ناونانی دۆخێکی هەستیارو ساوایی ئەزموون. لە سادەترین تاکی ئێرە تاکو خودی پەرلەمان‌و مزگەوت‌و زانکۆو پەروەردە... شتێک مانایان دەهێڵێتەوە لەسەرەوەی هەموو شتەکان، پارچە کاغەزێک پێدەچێت لە دوای زیادکردنی سفرەکانیدا شەرەفی پیرۆزبوونی زیاتری وەرگرتبێت. ئەو کاغەزەی لای ئێمە پیرۆزە؛ بێژمارەو بێ یەکەیەک وەکو مادده بێنرخەو هەر ئەمەشە کۆی شتەکانمان بەرێوە دەبات. کام ئەندام پەرلەمان کتێبێک دەخوێنێتەوەو دەیکات بە پرۆژەیەکی جددی کارو بەرنامەی خۆی؟ چ جیاوازییەک لە نێوان مرۆڤێکی ئاسایی‌و مرۆڤێکی پلەداردا هەیە؟! ئەو کەسانەی ئەندام پەرلەمان‌و بەرپرسی حکومین لە کوێوە ڕۆیشتوون‌و ئێستا لەچ دۆخێکدان؟ هەڵبەت بە ڕای من پرسیاری لەمانە گرنگتر ئەوەیە ڕۆشنبیران تێڕوانین‌و هەڵوێستیان چییە لە بەرابەر ئەم دۆخەدا؟ هەمووان دەزانن ڕۆشنبیران کائینە هەرە فێزەونەکەی ناو ئەم گەمانەیە، کائینێکە پتر تەقالیدو کۆپییەکی مەستکەرە. بۆ بژێوی ژیانی لە سیاسییەکان تۆتالیتارتر بیر دەکاتەوەو بە دەروازەی کرانەوەو مانەوەی دەزانێت. هەر ئەوەندەی دوو کتێبی خوێندبێتەوەو وشەکان ڕیز بکات‌و دەمەتەقێی هەموو شتێک بکات. لە کۆبونەوەکاندا لە دیارترین نیشاندەر بێت لە بەرابەر ڕاگەیاندنەکان‌و وتەبێژی فەرمی ئەم دەزگاو ئەو دەزگا بێت. سەیرکەن لەم هەموو مرۆڤەی لە دەزگای حیزبیدا دەژیەت، باوەڕ ناکەم لە حیزب موقەدەستر هەبێت. کۆمەڵێک مرۆڤ تەنها لەسەر ڕێکخستنی ئەوانی دی دەژیەت تا دابەشیکات بەسەر رەش‌و سپی‌و دیاریکردنی ماف‌و ناونانی جۆراوجۆر، بتوانێت وەک سەگ مامەڵەی لەگەڵدا بکات بێئەوەی بهێڵێت بجەپێت، دنیایەک ڕاگەیاندنت بۆ دروستکات تا بە درۆتخاتەوە لەسەر نەبوونی بیروڕای ئازادو گلەیی لە کەمتەرخەمی هەوڵەکانی حکومەت بۆ خزمەتگوزاری. فەزایەکت بۆ دروستدەکات بیر نەکەیتەوە، جۆرێک بژیت ئەوەی ئەو دەیەوێت، لێوانلێو لە دابەزاندنی موقەدەس بۆ زەوی. خەوو خۆراک، شەرەف‌و ئابڕو ئەو بیپارێزێت. لە هەموو شوێنێک‌و لە هەموو کاتێکدا وێنەی ئەو لە مێشکی تۆدا چێنرا بێت. لە ڕاستیدا لێرە سیاسەت لەوە نەفرینتری دەبینم تا وشەیەکی تری بخەمە سەر.

# عەتا سەقزی:

# قەیرانی نەبوونی خوێنەر نەبوونی فەرهەنگی خوێندنەوەیە



شەپۆلی گلۆبالیزمو شۆڕشی تەکنەلۆژیا پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە بواری راگەیاندنو چاپەمەنی هێنایە ئاراوە، بەتایبەتی بواری راگەیاندنی بینراو بیستراو ئەلکترۆنیدا سەرباری ئەوەش هێشتا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کتێب بە سەرچاوەی هەرە گرنگی زانستو زانیاری دەژمێردرێت هێشتا ئەو پێشکەوتنە نەیتوانیوە جێگا بەو شێوازە تەقلیدیەی وەرگرتنی زانستو مەعریفە لەق بکات، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کوردستان ئەم راستیە تەواو پێچەوانەیەو بەداخەوە بازاری کتێب رۆژ بە رۆژ روو لەکزیەو خوێنەری کتێب لە کەمبووندایە. سەبارەت بەو پرسەو هۆکارەکانی بە پێویستمان زانی نوسەر(عەتا سەقزی) لەم دیدارەدا بدوێنین.

**دیمانەی: بەهمەن غەفور**

**زنار. خوێندەوە لە چ ئاستێکدا دەبینی**

**عەتا سەقزی:** بۆوەڵامی ئەم پرسیارەت پێم وابێ دەبێت بەراوردێکی رێژەی خوێندەواران‌و ئاستی رۆشنبیری خەڵك لە نێوان دەیەی پێشوو هەنوکەدا بکەین. بە حسابێکی سەرپێیانە دەبینین رێژەی خوێندەواران لە چاو ئەو ساڵانەدا زۆر زیادی کردوە، ژمارەی خوێندکارانی زانکۆ، قوتابییان زیادی کردوەو ئاستی فەرهەنگی‌و ئابوریی بنەماڵەکان گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەبەرامبەردا رووکردن لە خوێندنەوە گەشەیەکی بەرچاوی نەکردووەو خوێندنەوە لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە. خوێندنەوەو فێربوونی زانست ژێربناغەی گەشەو پێشکەوتنی وڵاتەو دەبێتە هۆی تێگەیشتویی‌و بەختەوریی کۆمەڵگاو مرۆڤەکان. خوێندنەوە زانیاریی دەبەخشێت، کتێب دەبێتە خەڵوەتگەیەك بۆ خوێنەر تا فێر ببێتو بیربکاتەوە. خوێندنەوە دیاردەیەکە کە دەبێت فێربکرێتو ئەم فێرکردنەش دەبێت هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەستپێبکات. بۆ ئەم کارەش پرۆسەیەکی درێژخایەن پێویستە کە دەبێت لە لایەن حکومەتەوە جێبەجێبکرێت. لە ساڵدا رۆژێك هەیە بە ناوی رۆژی کتێب کە ئەو رۆژە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت. لەزۆر وڵاتدا لەو هەفتەیەی کە رۆژی کتێب هەیە، تێیدا دەزگا رۆشنبیریەکان بۆ پەرەپێدان بە خوێندنەوەی کتێبو بە گشتی پەرەپێدان بە فەرهەنگی خوێندنەوە دەیان بەرنامە دەگێڕن. یەکێك لەو بەرنامەو شێوازێك کە لە زۆربەی وڵاتان تاقیکراوەتەوەو دواتر جێگیربووە، دانانی کتێبە لە شوێنە گشتیەکان جیا لە کتێبخانەکان، بۆ وێنە لە نێو مێترۆو پاسەکان، بۆ وێنە لە ئێران پاش ئەوەی لە ئامارێکدا دەرکەوت کە نێونجی خوێندنەوەی هەرئێرانییەك لە رۆژدا تەنیا شانزە چرکەیەو ئەمەش بە چاو دانیشتوانی ئێران رێژەیەکی کەمە، هەروەها بۆ ئەوەی رێژەی خوێنەری کتێب بچێتە سەرەوە لە لایەن دەزگاکانی سەر بە دەوڵەت لە ناو پاسەکانی ناوشارو دەرەوی شاردا چەندین شوێنی تایبەت وەك سندووقێك بۆ کتێبی هەمەجۆر تەرخاندەکەن بۆ ئەوەی سەرنشینانی پاسەکان تا شوێنی مەبەستیان بە خوێندنەوەی کتێبەوە سەرقاڵبن. کە بەم کارە خوێندنەوە دەکەنە فەرهەنگی خەڵك. ئێستا رەنگە ئەمە بۆ کۆمەڵگای ئێمە دوور بێتو سەرنشینانی پاسەکانی ئێمە تا گەیشتن بە شوێنی مەبەست هەر قسەوباسی پەنجا

دیناریو سەد دیناری بکەن، بەڵام حکومەتو دەزگا رۆشنبیرییەکان دەتوانن لە سەر منداڵانی کوردستان لە قوتابخانەکانو ئەو شوێنانەی منداڵی روو تێدەکات، بە دانانی بەرنامەی تۆکمە لە ژێر چاودێری شارەزایانە، منداڵان لە گەڵ خوێندنەوەدا ئاشنابکەنو نەوەیەکی کتێب خوێنو تێگەیشتوو پەروەردەبکەن. بە وتەی ڤۆڵتەر "پەڕەکانی کتێب وەك ئەو باڵانە وایە کە رۆحی ئێمە بەرەو جیهانی رووناکی دەفڕێنن".

زنار.نەبوونی خوێنەر لە چیدا دەبینی

عەتا سەقزی:هۆکاری زۆر هەن بۆ قەیرانی نەبوونی خوێنەر بەڵام بە رای من گرنگترینیان نەبوونی فەرهەنگی خوێندنەوەیە. فەرهەنگی خوێندنەوە سەرمایەیەکی نەتەوەییە کە دەرەنجامەکانی خۆی بە شێوەی راستەوخۆ لە گەشەکردنی وڵاتدا نیشان دەدات. لە هەر وڵاتێکدا بۆ زانینی ئاستی خوێندنەوەو خوێنەرانی کتێب ساڵانە ئامارێك لە لایەن دەزگاو ناوەندە رۆشنبیریەکان کە زۆربەیان حکومین ئامادەو بڵاودەکرێتەوە کە بەداخەوە لە کوردستاندا تا ئەوە جێگای من ئاگادارم شتی لەو شێوە نەکراوە. زۆرکەس بناغەی فەرهەنگی خوێندنەوە لە سەر پەرەپێدانی کتێبخانەکان دەزانن، بەڵام کەسانێکش دەڵێن ئەم فەرهەنگە دەبێت سەرەتا لە خانەوادەوە دەستپێبکات. منداڵێك کە لە خێزاندا بۆ هەموو شتێك جیا لە کتێب پارە سەرف دەکات، منداڵێك کە کەمتر باوكو دایکی خۆی لە حاڵی خوێندنەوەی کتێب دەبینێت ئایا دەتوانێت پێوەندییەکی ئوسولیو دروستی لە گەڵ کتێب ببێت؟ منداڵانی لای ئێمە لە وەرزی هاوینو کاتی پشوی قوتابخانەکان لەباتی ئەوەی سەرقاڵی پەروەراندنی هۆشوبیرو جەستەیان بن، بە کاری بۆیاخچێتیو فرۆشتی عەلاگە لە بازاڕو شەقامەکان سەرقاڵدەبن. بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێت رێکخراوو دامەزراوەکانی منداڵان بە پێکهێنانی ناوەندگەلی جۆراوجۆر بۆ بارهێنانی فکریو جەستەیی منداڵان هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ. ئەمەش لە ئەرکەکانی دەسەڵاتە کە دەبێت بودجەو هێزی تایبەت بۆ پەروەراندنی نەوەی دوارۆژ تەرخان بکات. ئەگەرچی چەندین دامەزراوی وەك منداڵپارێزی کوردستان لە شارەکانی هەرێم بەم کارە هەستاون، بەڵام سەرەڕای سەرکەوتوو یان ناسەرکەوتووبوونیان ئەم دەزگایانە هیچ پلانو پرۆژەیەکیان بۆ دروستکردنی فەرهەنگی خوێندنەوەو ئاشناکردنی منداڵ لە گەڵ کتێبدا نەکردووە. سەرەڕای ئەمانەش فەرهەنگی خوێندنەوە لە ناو چینی خوێندەوارو رۆشنبیری ئێمەشدا لاوازە، بەجۆرێك کە لە دەزگایەکی راگەیاندنی حوکمی یان ئەهلیدا بەجورئەت دەتوانین بڵێین کە کەمتر کەسێك هەیە لە ساڵدا لانیکەم سێ کتێب بخوێنێتەوە، زۆربەی ئێمە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکانمان لە میدیاکان کەڵك وەردەگرین یان لە رێگەی هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە زانیاریی خۆمان بەدەستدێنین.

زنار.ئایا تاچەند خوێنەری کورد تێرە بەو بڵاوکراوانەی لەبەردەستی دایە، واتە ئەوەی هەیە لە ئاستی پێویستدایە.

عەتا سەقزی: ژمارەیەکی زۆر لەو کتێبو گۆڤارو رۆژنامانەی رۆژانە لە کوردستاندا بڵاودەکرێنەوە، سەرەڕای کەم یان زۆرییان بەڕای من هێشتا خوێنەریان نییەو زۆرێك لەو بڵاوکراوانە لە سەر قەراخ جادەکانو لە کتێبخانەکاندا خۆڵ لە سەریان دەنیشێت. رەنگە هۆکار زۆر بێت، وەك هۆکاری ئابوریی، سیستمی بڵاوکردنەوەو...هتد.

بەڵام بە چاوخشاندنێك بە تیراژی رۆژنامەکانو بەراوردێکی خوێندەواران دەردەکەوێت خوێنەری تەنانەت رۆژنامەکانیش لە قەیراندایە. بۆ رێژەی خوێنەرانی کتێب هیچ ئامارێکمان لە بەردەستدانییە، بەڵام دەتوانین لە تیراژی رۆژنامەیەکی ئەهلی وەك هەفتەنامەی ئاوێنە کە" ١٢٥٠٠"هەزاردانەیە، بە راستیەك بگەین، ئەویش ئەوەیە کە لە کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لانیکەم دەبێت پێنجسەد هەزار کەسیان خوێندەوار بن (ئەم بەراوردە بە بێ هیچ سەرچاوەیەکی زانستیەو رەنگە ئەم ژمارەیە زیاتریش بێت) لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا" ١٢٥٠٠"هەزار رۆژنامەبۆ دوو ملیۆن خوێندەوار کافیە؟ ئەمەش لە حاڵێکدایە زۆر جار دەبینین بەتەواوی نافرۆشرێتو دەمێنێتەوە. مەبەست لە هاوردنی ئەم نمونەیە ئەوەیە کە بڵاوکراوەکانی ناو هەرێم بە بڕوای من جیا لە ناوەرۆكو بابەتەکانیان، خوێنەری تەواوی نییە. وەك لەسەرەوەش باسم کرد رەنگە هۆکاری زۆر بۆ ئەم کەم بوونی خوێنەرە بدۆزینەوە، بەڵام لای من گرنگترینیان نەبوونی فەرهەنگی خوێندنەوەیە.گەنجی خوێندەوار هەیە کە حازرە چەندین کاتژمێر لە کافی نێت لە رەگەزی بەرامبەریدا سەرقاڵی چات کردن بێت، بەڵام قەت ئەو پارەیە نادات بە کتێبێكو بیخوێنێتەوە کە بە بڕوای ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگ نەبوونی کتێب لە ژیانی ئێمەداو نەبوونی فەرهەنگی خوێندنەوە لە لای خۆمان. کتێب گرنگترین پێوەری گەشەی فەرهەنگی هەر وڵاتێکەو بە دیارترین کەرەسەی گواستنەوی فکرو بیروڕا دەژمێردرێتو ژمارەی خوێنەرانی هەر وڵاتێك ئاستی گەشە عەقڵانی هەر کۆمەڵگایەك نیشان دەدات. کاریگەرییەك کە کتێب لە رۆحی فەرددا دایدەنێت زۆر قوڵترە لە باقی کەرەسەکانی راگەیاندن وەك سینەماو تەلەفزیۆنو جاری وا هەیە خوێندنەوەی کتێبێك کاریگەریی قوڵ لەسەر کەسایەتی تاك دادەنێت، سەرەڕای ئەم هەمووە هۆکاری راگەیاندنەی ئەم سەردەمە هێشتا کتێب شوێنو پێگەی خۆی هەیە.

زنار.پێتوایە لەم سەردەمی پێشکەوتنەداو کاڵبوونەوەی پیرۆزییەکان، هێشتا خوێندنەوە لە قەیراندایە.

عەتا سەقزی:هاتنی سەتەلایتو



ئینتەرنێت، کاریگەری زۆری لەسەر تەواوی بوارەکانی تردا داناوە، لەوانە خوێندنەوە. بەجۆرێك کە ئەم دوو هۆکاری راگەیاندنە لایەنگرانی بوارەکانی تری تا نیوە کەمکردەوە، بەڵام ئەمە لە زۆر وڵاتدا رێگەچارەی بۆ دۆزراوەتەوە.

دەوڵەتان بە گرتنەبەری رێوشوێنی شیاو هەوڵیاندا خەڵك لە خوێندنەوە دانەبڕێن. ئەوەی کە لە ئەمەریکا کتێبی رۆمانی هەری پۆتر زۆرترین فرۆشی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ زیندوو بوونی فەرهەنگی خوێندنەوە لەو وڵاتەدا، رەنگە لای خۆمان کەم کەس تاقەتی ئەوەی ببێت کە ئەو کتێبە بخوێنێتەوە زیاتر بۆ بینینی فیلمەکەی هەوڵبدات. واتە سەردەمی پێشکەوتن و هاتنی سەتەلایت و ئینتەرنێت خوێندنەوەی زیاتر توشی قەیران کردووە، کە بۆ چارەسەری ئەمەش هەوڵی جدی بەتایبەت لە لایەن حکومەتەوە پێویستە.

زنار.دەکرێ ئاستی نوسین دابەزێنری بۆ خوێنەر، یان خوێنەربەرزبکەیتەوە بۆ ئاستی نوسینی نوسەرەکان.

عەتا سەقزی:پێموانیە نوسەرێکی سەرکەوتوو لە نوسینی بەرهەمی خۆیدا بۆ وێنە لە نوسینی رۆمانێکدا زەوق و حەزی خوێنەر لەبەر چاوبگرێت و بۆ ئەوە بنوسێت خوێنەر تێیبگات. هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئەگەر بەم مەبەستە خولقا، پێموایە تەمەنی زۆر کورت دەبێت و زوو فەرامۆش دەکرێت. خوێنەر لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا رەنگە نەتوانێت تەواوی پەیامەکانی نوسەر وەربگرێت ئەگەرچی ئەم وەرگرتنەکەش بە پێی خوێنەرەکان لە گۆڕاندا دەبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نوسەر لە بەرهەمی دواتریدا خۆی دابەزێنێت بۆ ئەوەی بە حەزو زەوقی خوێنەر بێت.

من بۆ خۆم رەنگە لە تەواوی رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان تێنەگەم، بەڵام وێنەیەك کە ئەم رۆمانە بۆ نمونە لەکارەساتی ئەنفال و قوربانیانی بەمنی نیشان ئەدات، رەنگە هیچ شتێکی تر نەتوانێت بەم شێوەیە من بباتە قوڵایی کارەساتەکەوەو بمکات بە شاهیدێك کە لە نزیکەوە لە قوڵایی ئەم زامە دەڕوانێت. هەر ئەمەشە کە وادەکات لە من ئەم کتێبە وەك کتێبێکی پیرۆز لە لای خۆم بهێڵمەوە. لە راستیدا نوسەر نابێت بەدوای خوێنەردا بگەڕێت، بەڵکو هەر لە دەورە زەمەنییەکدا ئەوە خوێنەرە بە دوای کتێبدا دەڕوات. ئەو نوسەرانەی هەوڵدەدەن لە بەرهەمەکانیاندا ژیانی واقیعی خەڵك نیشانبدەن و لە گەڵ ساتە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی مرۆڤدا لە دایك دەبن، هەموو کات خوێنەریان هەیە.

زنار.نوسین چەندە دەسەڵاتی بەرەو چاکسازی هانداوە.



عەتا سەقزی:دەتوانم بڵێم هیچ. من پێموابێت ئەرکی نوسین ئەوە نییە چاکسازی لە دەسەڵاتدا بکات، بەڵکو ئەرکی مێژوویی نوسین بریتییە لە بەئاگاهێنانەوەو رۆشنگەری خەڵك. ئەگەر نوسین هاندەری چاکسازی بوایە، لەماوەی ئەم چەن ساڵەی دەسەڵاتی کوردی بە هەزاران وتارو بابەت و کتێبی رەخنەیی لە سەر دەسەڵات بڵاوکراوەتەوە بەڵام هیچ کاریگەرییەکمان نەدی. ماوەی نزیکەی ٨ساڵە بە هەر دوو رۆژنامەی هاوڵاتی و ئاوێنەوە سەدان بابەت لە سەر گەندەڵی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا بۆ کامەیان بەدواداچوون کراوە، یان رەنگدانەوەی لە ناو خەڵکدا چۆن بووە، جیا لەوەی کە تا کاتی خوێندنەوەی بابەتەکە گرنگی بووەو دواتر فەرامۆش کراوە. لە راستیدا هاندانی دەسەڵات بەرەو چاکسازی یان گوشار خستنە سەر دەسەڵات بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە رێگای رێکخراوو دامەزراوە نادەوڵەتییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت. نوسەرێکی رەخنەگری دەسەڵات بە نوسینی بابەتێك یان کتێبێك تەنیا دەتوانێت ژمارەیەك خوێنەر ئاگابکاتەوە، بەڵام ئەرکی ئەو ئەوە نییە دەسەڵات بەرەو چاکسازی هانبدات و ناشتوانێت. ئەمە دەبێتە ئەرکی یەکێتییە سەربەخۆکانی خوێندکاران، کرێکاران، مامۆستایان...هتد.

زنار.پێتوایە نوسین بۆ کۆمەڵگەی دەسەڵاتی کوردی کەڵکی نەماوە.

عەتا سەقزی:وەك پێشتر ئاماژەم پێدا نوسین ناتوانێت کاریگەری لە سەر دەسەڵات دانێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە نوسین کەڵکی نەماوە. هەتا گەندەڵی هەبێت، رەخنە لە گەندەڵی هەیە. هەتا ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و هەڵاواردن لە کۆمەڵگادا هەبێت، خامە رەخنەگرەکان هەربەردەوام دەبن لە نوسین. مبوونی رەخنەو نوسینی رەخنەیی لە کۆمەڵگادا هەواڵی مەرگی ئەو کۆمەڵگایە دەدات. بە دیوێکی تردا دەبێت بڵێم ئەگەر نوسین نەیتوانیوە لەسەر دەسەڵات کاریگەری ببێت و بەرەو چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی هانیبدات، لە غیابیشیدا بارودۆخەکە خراپتر دەبوو لەوەی کە ئێستا هەیە. نوسین لەسەر دەسەڵات ئەوە دەدات بەگوێی دەسەڵاتدا کە کەسانێك هەن، نوخبەگەلێك هەن، وەك نوێنەری بەشێکی کۆمەڵگا دژی سیاسەت و پراکتیکی دەسەڵاتن. رەنگە گوێی دەسەڵات لە حاست ئەم دەنگانەدا کەڕو نەبیس بێت، یان بایەخی پێنەدات، بەڵام نەبوونی ئەو دەنگانە دۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات و ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی هیچ دەنگێکی نارەزایی لە ناو نوخبەی کۆمەڵگادا بوونی نییە. هەربۆیە نوسین لە هەموو سەردەم و قۆناغێکی کۆمەڵگادا بایەخ و نرخی تایبەتی خۆی هەیە.

# داهێنان و نوێگەری لەشیعری
# ئەبونەواس و ئەبوتەمام دا

ن: ئەدۆنیس
و: عومەر میراودەلی

بەشی(١ - ٢)

کاتێك لەشیعری ئەبونەواس دەکۆڵینەوە، چوار بابەتمان بۆئاشکرا دەبێ، کە پەیوەندییان بەیەکدییەوە هەیە، ئەوانیش لە هەستپێکراوێکی نوێ، واتە شێوازێکی دیاریکراوی شتەکان و ڕووداوێکی نوێ، واتە شێوازێکی دیاریکراوی کەتوار (واقیع)و ئەزمونێکی نوێ، واتە شێوازێکی دیاریکراوی ژیان و زمانێکی شیعری نوێ، واتە شێوازێکی دیاریکراوی دەربڕیندا بەرجەستە دەبێ. بەم شێوەیە(ئەبو نەواس) واز لەلاسایی کردنەوەو ڕەمزە کۆنەکان دێنێ، هەر لەهەوارگەو حوشترو ئەوانەی پەیوەندییان بەوانەوە هەیە..گاڵتە بەدەشتەکی و ژیانی دەشتەکی دەکا. بەواتایەکی دیکە ژیانی دەشتەکی و گوزارشتکردن لە شێوازی ئەو ژیانە ڕەتدەکاتەوەو بانگەشەی شێوە ژیانێکی دیکە دەکات، کەژیانی شارە، بێگومان ئەم ژیانەش پێویستی بە جۆرێکی دیکە لەگوزارشتکردن هەیە. واتەئەبونەواس میراتگرنییە؛ بەڵکو دامەزرێنەرە، تەواوکەر نییە، دەستپێکەرە. ئەوناگەڕێتەوە بۆ بنەما؛ بەڵکو لەو بنەمایەوە ژیان و ئەزموونی تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە. ڕۆدەچێ لەزمان و دەنگی زماندا، نەك لەگوتەوگوتەبێژدا. بەم شێوەیە بە شوێنپێی ئەوانی دیکەدا ناڕوا؛ بەڵکوخاوەنی هەنگاوی خۆیەتی و لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێ. لەئەزموونی خۆیەوە سەیری



جیهان دەکا. ئەبو نەواس بێ ئابڕوویی دەکاتە دەمامکێك بۆ گوزارشتکردن لەجیهان. مەی لەلای ئەو چەقی گۆڕانکارییە، ڕەمز کلیلەیە.

مەی لەلای ئەم شاعیرە ئیرادەی گۆڕانکارییە، ئیرادەی دروستکردن و هەڵوەشان، قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە. لەگەڵ بەدیهێنەر(الخالق)دا یەکسانی دەکا(ئەمە بیروڕای ئەدۆنیسە، دەشێ ئەبونەواس بەو ئەندازەیەش مەی لەلا بەهادار نەبووبێ گەرچی مەیخۆرێکی بەردەوامیش بووبێ، وەرگێڕی کوردی)، بەکۆن ناوزەدی دەکا، شتەکان دەدرێنەپاڵ ئەوو، ئەوناردێتە پاڵ شتەکان. دایکی سەرەتاو سەرمەستییە، ژوانەو لەنێوان سەرمەستی و ژواندایە، خۆشەویست و خۆشەویستییە. ئەگەر ئەمە جەوهەری مەی بێ، کەواتە بوونی ژیان دەبەخشێ و مانادەدا بەژیان، خۆشەویستی دەخاتە نێوان شتەکان و لۆژیکی کاتی ئاسایی ڕەتدەکاتەوەو بەندیخانەی ژیانی ئاسایی دەڕوخێنێ، ڕوناکی بەخش و ڕێ نیشاندەرە، خودو جیهان بەیەکەوە گرێدەدا. ئەگەر خودا جەوهەری بوون بێ و جیهان کۆمەڵێك ڕەمزی ناووسیفەت و کردارەکانی بێ، ئەوا مەی جەوهەرەو شتەکانی نێوژیان هیچ نین، جگە لەچنراوێك لەنێوان ژیان و مەیدا.ئەوئاگرو بوونەوەرێکی زیندوویە، قسە دەکاو دەبینێ، کاسەکانی چراو ئەستێرەن. لەو مەجلیسەدا، کەمەی تێدا دەخورێتەوە، ژیان و مردن ئاوێتەی یەکدی دەبن. مەی شتێکە پەیوەندی بە هەموو شتێکەوە هەیە. کلیلێکە دەمانگەیەنێتە هەموو دەرگایەك. شێوازی بوونی هەمووشتێکە، ناوێکە بۆناولێنانی هەمووشتێك، خاڵێکە بۆبەیەکگەیشتنی خودو سروشت، دەچێتە قولایی ناخ و کوناودەری دەکا، بەهەمان شێوە دەچێتە قولایی سروشتیشەوەو کوناودەری دەکا. مەی لەم ڕووەوە، خەونەو ڕۆڵی خەون دەبینێ، نادیار ئاشکرا دەکا، چ لە خودو چ لە سروشتدا، لەقوڕاوی شتە سادەکانمان دەردێنێ و فڕێماندەداتە ئەو دیوی ئەوانەوە. فێرمان دەکا، کە بینراو ڕوویەکی نەبینراوە، دەستلێدراو سەرەتایەکە بۆدەستلێنەدراو. ئەوەی دەیبینین و هەستی پێدەکەین، قاڵدرمەیەکە بۆگەیشتن بەنەبینراوو هەستپێنەکراو، تا دەگەینە ئەو جێگەیەی، کە سنوورەکان دەسڕێنەوەو ڕواڵەت و ناوەڕۆك یەکدەگرن.

هەروەها لەشوێنێکەوە دەمانبا بۆشوێنێکی دیکەی نەبینراو. بەهەمان شێوە لە نێو کاتەوە دەمانباتە دەرەوەی کات. زاراوەکانی کات و چرکەو دەقیقە تێدەپەڕێنێ بە شێوەیەك، کەژیان دەکاتە بەشێك لەسەرمەستی و گەشە. ئەم سەرمەستییە ژیانێکە، کەجۆش و خرۆش و هەست و نەست و هوشیاری و نائارامی بەیەکەوە گرێدەدا. ژیان خەون نییە؛ بەڵکو دەستبەسەرداگرتنی خەون و بەرجەستەکردنێتی. ئەبو نەواس خەون بەو ژیانەوە دەبینێ، کەتێیدا دەژی. ئەو ئاسۆیە دادەهێنێ، کەپێیدا دەڕوا. خەون دەکاتە چەکێك بۆدەستبەسەرداگرتنی کەتوار(واقع)، بەم شێوەیە ئەوەی دەیدۆزێتەوە بەسەریدا زاڵدەبێ، لەدواییدا دیارو نادیار، شێوەو ناوەڕۆك یەکدەگرن. خەون لەلای ئەبو نەواس شێوەیەکی دیکەی مەیە. ئەو بێدارییەیە، کەلایەنە ناکۆکەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، دوایی بەسەر ناکۆکییەکانی نێو خۆشیدا سەردەکەوێ و کۆتاییان پێدێنێ. بێداری تاکە جیهانی ڕاستەقینەیەتی، کاتێك دەنوێ یان خەون دەبینێ، خەون و نووستن دەبنە هۆکارێك بۆزیاتر باڵادەستی و زاڵبوونی بێداری. بێداری لەلای ئەبونەواس شێوەیەکی بێ ئابڕوویانەی هەیە، دەرچوونەلە دابو نەریت و ئاکاری باو، هەروەك چۆن خەون چوونە نێو ئەوجیهانەیە، کە کەتوار(واقع) شاردویەتییەوە، بەهەمان شێوە بێ ئابڕوییش چوونە نێو ئەو جیهانەیە، کەدابو نەریتی باو قەدەغەی کردووە،خەون دیالێکتیکی ڕەتکردنەوەو قبوڵکردن، تێکدان و دروستکردن لەخۆی دەگرێ. بێ ئابڕویش بەهەمان شێوە دیالێکتیکی ڕەتکدنەوەو قبوڵکردن لەخۆی دەگرێ، ئەوەی باوو قبوڵکراوە تێیدەپەڕێنێ.

بێ ئابڕویی، لەڕاستیدا وەك خەونی ئەودیوی کەتوارە، هەمووئەو شتانە ڕەتدەکاتەوە، کەدژی ئازادی مرۆڤن،



هەردووکیان سەرمەستییەکی تەواون. بێ ئابڕویی پاککەرەوەو ڕزگارکەرە. کاتێك دەبێتە سروتی ئاهەنگێك گرنگییەکی تایبەت وەردەگرێ، واتە هەمووی دەبێتەکردار. خۆشیو شادی گشتگیر دەبێ، چینە هەژارو نەدارەکانیش دەتوانن بەیەکسانی بەشداری تێدا بکەن. تەنها پێویستییەکانی تاك جێبەجێ ناکا؛ بەڵکو پێویستییەکانی کۆمەڵگەش جێبەجێ دەکا. کاری شیعر بەلای ئەبونەواسەوە، تەنها گۆڕینی ژیان نییە؛ بەڵکو ئامانجو مەبەستی شیعر گۆڕینی مرۆڤە. ئەوەی بەلای ئەبونەواسەوە گرنگە، دۆزینەوەی وزەو توانا شاراوەکانی مرۆڤە. تێپەڕاندنی دوالیزمی خودوبابەتە، لێرەدا ئەبونەواس تەنها دژی شیعری باوی ڕابووردوو نییە؛ بەڵکو دژی نەریتی ئایینیشە. لەم بارەوە شیعر، لەلای ئەو چالاکییەکی ژیانە، قەرەبووی کەمو کورتییەکی گشتگیر دەکاتەوە. لەم چالاکی ژیانەدا، سنووری نێوان خودوبابەت دەسڕێتەوە، جیاوازی لە نێوان نەغمەی ژیانو نەغمەی خوێنو دڵدا نامێنێ، دەرەوەو ناوەوە ئاوێتەی یەکدی دەبن.

هەرکەسێك بەم ئەزموونەدا تێبپەڕێ، بەسیەتی. جارێکی دیکەجیهان دوژمنو ڕۆژی دوایی دۆست نییە؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە جیهانو مرۆڤ دەبنە یەك. جیاوازی نێوان ئەبو نەواسو شاعیری لاسایکەرەوە ئەوەیە، کەئەمەی دواییان، شیعربەلێکدانەوەو ڕامانێکی زەینی دەزانێ، ڕادەمێنێو دەنووسێ؛ بەڵام ئەبونەواس هەموومەعریفەیەك ڕەتدەکاتەوە، کەبەرەنجامی جۆشو خرۆشو یەکگرتنی نێوان مرۆڤو گەردوون نییە.لێرەدا هەوڵی ئەبو نەواسمان بۆئاشکرادەبێ، کەویستویەتی بەهۆی زمانەوە بەختیارییەکی ونبوو بدۆزێتەوە. مەبەستی لەو وێنەیەی دەیکێشێ ئەوە نییە، شتە هەستپێکراوە بەسەرچووەکانی جیهانی دەرەکی دەربخا؛ بەڵکو دەیەوێ درێژە بەجوڵەی ناوەکی بدا، وەك ئەوەی شتەکان بەهۆی شاعیرەوە دەربکەون. هەموو وێنەیەك ڕەمزە، وشەکان یەشێکن لە جوڵەی مرۆڤو شتەکان. بەم شێوەیە شاعیر جیهانێکی ئەفسوناوی دروست دەکا، باڵادەستی خۆی بەسەر ئاکارو دابو نەریتەکاندا دەسەپێنێ، بەدەر لەهەر چەپاندنو سەرکوتکردنێکی ئایینی یان کۆمەڵایەتی. ئەمەیە ئەبونەواسی گوناهبار کردووە، یان خەڵك بەگوناهباری دەزانێ، ئەو دەیەوێ لەبەرامبەر سەختیو دژوارییەکانی ژیاندا، جیهانێکی پڕلە سۆزو میهرەبانی بەرجەستەبکا، ئەمەش نایەتەدی تاکو لەکەشو هەوای فەرمانکردن بەچاکەو نەکردنی خراپە دەرنەچێ، واتەدەبێ پێ بنێتە سنووری گوناهەوە. لێرەدا ئەو پەیوەندییەمان بۆ دەدۆزرێتەوە، کەلەنێوان جەستەو گیاندا هەیە، نەك هەر ئەمە؛ بەڵکو بەلای ئەوەوە جەستە هیچی لەگیان کەمتر نییە، هەتا لەپێشتریشە. هەستو نەستو ئارەزووە نزمو باڵاکانی نێو دەروونی مرۆڤ بەیەکەوە گرێدەدا. بەم شێوەیە دەبێ خۆی لەپاڵەپەستۆی کاتی بەسەرچوو ڕزگار دەکاو کاتێکی نوێی تایبەت بەخۆی دروست دەکا. کاتێك دەڵێین (ئەبو نەواس) کاتێکی نوێی تایبەت بەخۆی دروست دەکا، مانای ئەوەیە بەدوای جەستەی ئەوشوێنەدا دەگەڕێ، کە تێیدا دەژیو لەهەمان جەستەدا بۆ چرکەساتە جوانەکان دەگەڕێ. شیعری( ئەبونەواس) لەو بەرگەزیاتر هیچی دیکە نییە، کەئەو جەستەیە دادەپۆشێ، ئەمەش سەرەتای ژوانێکە ئەو ژوانەی، کەدڵدارو دولبەر بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. ئەو بەدوای ئەو ڕەگەزانەدا دەگەڕێ، کەدابو نەریتی ئایینیو کەلەپوور شاردونیەوە، ئەو نهێنی ڕەتدەکاتەوەو ئەوەی ئاشکرایە دەیخاتەڕوو. سووربوون لەسەر کاری خراپ، هەروەك ئەبونەواس گوزارشتی لێدەکا، بەزاندنی سنوورە قەدەغەکراوەکانو ڕەتکردنەوەی چەمکی قەدەغەکردنە.

دیارە بەزاندنی ئەو سنوورانەی خودا دیاری کردوون، یاخیبوونەلەخودا. هەرسەرپێچیکردنێك لەیاساکانی خودا، بەهەمان شێوە یاخیبوونە لەخودا. ئەم سەرپێچیکردنە والە مرۆڤ دەکا، خۆی بێنێتە ئاستی خوداو خۆی بەخودا بچوێنێ، ئەوکاتە مرۆڤ ملکەچی یاساو بەرنامەی خودا نابێ؛ چونکە بۆخۆی بەرنامەو یاسا بۆخۆی دادەنێ، ئەوکاتە قەدەغەکراو مانای نامێنێو مرۆڤ ئازادوخاوەن ئیرادەی خۆی دەبێ. کاتێك مرۆڤ پەرژینی قەدەغەکراوێك دەشکێنێ، خۆی بەخودا دەزانێ؛ چونکە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان خۆیو ئەو سنوورەی، کە بەزاندوویەتی پەیوەندییەك دەبێ، کە یەکێکیان شوێنکەوتەی ئەوی دیکە دەبێ. سنوورە شکێنراوەکە شوێنکەوتەی ئەو کەسە دەبێ، کەشکاندوویەتی.کاتێك ئەبو نەواس دەڵێ: ((ئایینی خۆم بۆخۆمو ئایینی خەڵکیش بۆ خۆیان)) بانگەشەی دابڕان لەچەمکی باوی ئایین ناکا بەتەنها؛ بەڵکو دەیەوێ خۆی لەو چەمکە باوەش دابڕێ، کە خەڵك بەرامبەر بەخودا هەیانە. دیارە خۆبەخودا زانین، مانای ئەوەیە ئەو کەسە بڕوای بەخودا نییە، ئەم خۆ بەخودا زانینە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە، ئەوجیهانەش ڕەتبکاتەوە، کەهەیە یان بەو شێوەیە، کەخودادروستی کردووە.(خۆبەخودازانین دیاردەیەیەکەلەقورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێکراوە، وەرگێڕی کوردی)

ئەم بابەتەلەکتێبی (الثابت والمتحول الجزء الثانی)ئەدۆنیس ورگیراوە)

# قۆناغەکانی عەشقو خۆشەویستی لە روانگەی عیرفانیەوە

ئا: م. عبدللە تاهر عومەر

هێزی عەشقو خۆشەویستی، هەمان یاسای کێشکردنی گشتییە، کە زەڕڕاتی جیهانی بەیەکەوە گرێداوەو بەرەو کەماڵ دەیانبات. هێزی عەشق شیرازەی کتێبی بوونەوەرەو ئەو عەرشەیە کە دەسەڵاتی پڕشکۆی پەروەردگار وەکو نوورێك لێیەوە پەخش دەبێت. عەشق لە(جماد)بێگیاندا وەکو هێزی بەکێشکردنو پێکەوە لکانو لە رووەکدا وەك هێزی گەشندەو لە گیانەوەردا بەشێوەی هەستی غەریزەیی لە مرۆڤدا بەشێوەی نەفسی ناتیقە دەرکەوێ. بەڵام، لەراستیدا هەموو ئەمانە، هەریەکنو وەکو تیشکی خۆر لەمیان هەرجۆرە شوشەیەکەوە رەتبێ، رەنگی ئەو شوشەیە پەخش دەکاتەوە.( مایکلٚ فژیلۆ) دەیگوت: عەشق هەنگوینێکە خودا بەمرۆڤی داوە، تا بەهۆیەوە بەرەولای خۆی بفڕێت. عەشقو ئەوین، لەرووی پەرەسەندنو کامڵبوونەوە ئەم قۆناغانە دەبڕێ: -

١- مەیلو بەکێشبوون: کە بریتیە لەسەرنجڕاکێشانو (اعجاب)، مەیلیش بەواتای لاربوونەوەیە بەلایەکی دیاریکراودا. لە رووحی مرۆڤدا تایبەتمەندیەك هەیە بەرەو روناکیو جوانی بەکێشی دەکات، ئەمەش بەپێی قۆناغەکانی تەمەن دەگۆڕێ، سەرەتا لەشتە رەنگاوەرەنگو بەرجەستەکانەوە دەستپێدەکات، کاتێ مرۆڤ منداڵەو پاشان بۆ یاریو جوڵەی زیاترو دواتر بۆ خۆشویستنی مرۆڤ، خۆشەویستیش لەیەکەم نیگاوە درووست دەبێ.. ئەهلی تەسەوف دەڵێن: ئەمە ناسینەو(تعارف)ە، بەو واتایەی کە لە جیهانی پێش بەدیهاتندا وەکو رووح، مرۆڤەکان یەکتریان ناسیوە، ئیتر ئەوانەی لەوێ دۆست بوون، لێرە روحەکانیان بۆلای یەکتر بەکێش دەبن. زانستی تازەی روحیش دەڵێ: ئەوانە لەرەی فریکوانسی روحیان لەئاستی یەکتریدایە. فەرمودەی پێغەمبەریش (د.خ)دەفەرموێ (الارواح جنود مجندە).

٢- قۆناغی دۆستایەتیو حەزکردن بەتێکەڵاوی. لێرەدا چێژوەرگرتن لەنزیکیو حەزکردن لە (تملك) دەستبەسەراگرتنو بەدەستهێنانی دۆست، روخسارێکی ئەم قۆناغەن، دڵداریش یەکێکە لە رواڵەتەکانی ئەم قۆناغە، کە هەستەکانو خواستەکان، زیاتر رەهەندێکی جەستەیی بەخۆوە دەبینن کە خاڵی نییە لە خۆپەرستیو منایەتی (انانیەت)و ترسو دودڵیو بێوەفایی.

٣- خۆشەویستی(محبت): کاتێ دۆستایەتی پەرەی سەند، دەبێتە خۆشەویستیەکی وەها، بەرگەی ئازارو سەختیو رەنجو زەحمەتکێشان بگرێت، ئەویش لەپێناو بەدەستهێنانی مەعشوقەکەیدا، بەڵام ئەم پەرەگرتنە سنوردارەو هەر کە مەترسی گەورە هاتە پێش، روحی خۆی لە یارەکەی بەلاوە لەپێش ترە، بۆ نموونە کاتێ داوای گورچیلەیەکی لێ بکات نای داتێ بۆچی؟ چونکە دەسەڵاتی عەقڵ بەسەر دڵدا زۆر چالاکە.

٤- خۆشەویستی پاك: لێرە دەسەڵاتی عەقڵ کەم دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی بەختکردنی بێسنوورو قوربانی دانەوە، کۆسپو تەگەرە سامی نامێنێ، ئازارو مەترسی گرنگی خۆی لەدەست دەدات. مێروولەیەك نیازی وابوو، ئەو شاخە دەنك دەنك بگوازێتەوە بۆ ئەوبەر. سلێمان فەرمووی بۆ وادەکەی؟ گوتی: یارەکەم ئەو مەرجەی بۆداناوم. فەرمووی خۆ ئەگەر تەمەنیش هەزار هێندە درێژبێو هەزار هێندەش بەهێزبێ، تۆ ناتوانی بەشێکی بچووك لەم کێوە بگوازێتەوە!!؟ گوتی: قوربان ئاخر لە مەبدەئی ئاشقاندا لێکدانەوە درووست نییە، نموونەی خۆشەویستی پاك وەکو خۆشەویستی دایك بۆ جگەرگۆشەکەی.

٥- قۆناغەکانی عەشق: کاتێ پێمان نایە ناو خولگەی عەشقەوە، جوانیو ناوی یار (معشوق) زۆربەی ساتەکانمان دەگرێتەوەو بەبێ یادی ئەو، هەست بەبەختەوەری ناکەین(تەحیات دەخوێنم تۆم لەخەیاڵە)، دەڵێن زولێخا سامانی خۆی بەسەر ئەو کەسانەدا دەبەشیەوە، کەناوی یوسفیان دەهێنا، هەتا وایلێهات هیچی نەما. لێرەدا بۆ بەدەستهێنانی یار، نەك هەر لەمەترسی سڵ ناکەینەوە، بگرە خۆمان بەرەو پیری ئازارو مەترسی دەچینو بەگیانو دڵ سەودایان دەکەین. ئێرە مەملەکەتی جاویدانی عەشقە، ئێرە سنووری نێوان (حەقیقەتو مجازە)، عەشقی مەجازی، کە پێچەوانەی حەقیقیەو دەگاتە خاڵی کۆتایی، بریتییە لەعەشقی نێوان مرۆڤەکان کە لەم پێنج قۆناغەدا بەدی دەکرێ، کەباس کران، بەڵام عەشقی حەقیقی بەرای خواناسانو(عارفان)بریتیە لەخۆشەویستی خودا کە لەقۆناغی دواتردا دەستپێدەکات، کەمتر لەکەسانێك هەبوون لەم قۆناغەدا زیاتریان بڕیبێ. ئەوەی لە هەموو زمانەکانو لای هەموو میللەتان پێی هەڵگوتراوە، شان بەشانی شێتی ناسراوە، هەمان ئەو عیشقەیە، کە دڵان بەجۆش دێنێو تەبعان بەخرۆش دێنێ قەڵەمان وەسەرخۆ دێنێو زمانان وەگۆ دێنێ. ئەگەر بەرهەمی مرۆڤ لەمەڕ عەشق کۆبکرێتەوە لە شیعرو گۆرانیو ئاوازو نیگارو چیرۆکو داستانو پەخشان کە هەر لەسەرەتای مێژووەوە دایانناون، لەهەموو بەرهەماکانی دیکە زیاترن کە لەباقی بوارەکانی دیکەدا بەجێی هێشتووە. بەندە پێش بیست ساڵ هەستمکرد کە عەشق لە مرۆڤیش کۆنترە، ئێستاش دەڵێم چاخی عەقڵ داهاتو پێشکەوتنو پیشەسازی زۆری لەگەڵ بوو، هەرچەندە زۆرجار عەقڵ دەکرایە( فێڵ)و ئەو چاخە پڕبوو لە خوێنڕێژیو شەڕو شۆڕو هەناسە ساردی مرۆڤ، بەڵام بەپێی مۆژدەی هەموو پێغەمبەرانو (عارفان) دەبێ چاخی دادوەری دابێ کە بێگومان دەبێتە چاخی دڵو عیرفانو عەشق، کە وزە ناخیەکانی مرۆڤی تێدا دەتەقێتەوەو دەبێت بەچاخی بەختەوەریو عەشقو دادوەری. لەلای ئەهلی تەسەوف عەشقی مەجازی قۆناغێکی حەتمییەو دەبێ ببڕدرێت، هەتا مرۆڤ بگاتە عەشقی حەقیقیو راستەقینە. عەشقی سەلما لەلای (جزیری)و شیرین لەلای(وەفایی)و... ئەو پەیژەیە بوون کە ئەو خواناسانەیان گەیاندە ترۆپکی عیرفان.

شایانی گوتنە، داستانەکانی عەشق لەشێوەی شیرینو فەرهاد، مەمو زین، لەیلاو مەجنون...تاد. سەربەم قۆناغەن کە عەشقە. بەڵام بەپێی موژدەی هەموو پێغەمبەرانو(عارفان)، دەبێ چاخی دادەوەری دابێ، کە بێگومان دەبێتە چاخی دڵو عیرفانو عەشق، کە وزە دەروونیەکانی مرۆڤی تێدا دەتەقێتەوەو دەبێتە چاخی بەختەوەریو عەشقو دادوەری. لەلای



ئـەهلی تەسـەوف، عەشـقی مـەجازی قۆناغێکی حەتمییەو دەبێ ببڕدرێت، هەتا مرۆڤ بگاتە عەشقی حەقیقیو راستەقینە. عەشقی سەلما لەلای جزیریو شیرین لـەلای وەفـایی.. ئـەو پەیژەیـە بـوون کـە ئـەو خوانەناسانەیان گەیانـدە ترۆپکی عیرفان. شایانی گوتنە، داستانەکانی عەشق لەشێوەی مەموزینو شیرنو فەرهاد، لەیلێو مەجنون سەر بەو قۆناغەن کە عەشقە

٦- عەشـقی پـاك: ئەمـەش قۆناغـی پاکژکردنـەوەی عەشـقە لـە ئـارەزووی جەسـتەییو منایـەتی(انانیـەت)و حـەزی خاوەنداریـەتی، لەقۆناغـەکانی پێـشوودا بـەهۆی پاشماوەی دەسـەلاتی عـەقڵ، پەڵـە هـەوری گومـانو تـرسو دوودڵـیو خۆپەرسـتی، جارجـارە ئاسمـانی پڕلـە جەلالـەتی عەشـقی پاکدا، وەکـو خاشـاکی بەردەم شالأی گڕ دەسوتێن. لـەم قۆناغـەدا دڕكو گوڵو روەك، گیانەوەرو مرۆڤ، ...تاد، بەوە لەبەر چاوی عەشق یەکسان دەبن، کـە هـەموویان ڕواڵـەتی شـوێنەواری سـۆزو میهـری پـەروەردگارن( وەرن سـەیرکەن شوێنەواری سۆز.. مـردوو هەسـتێنە سۆزی واپیرۆز) رابیعەی عەدەویـە کـە ئافرەتێکی خواناس بوو دەیفەرموو( خوایـە گیان مـن بۆیـە ناتپەرسـتم بمبەیتـە بەهەشـت، یـان نەمخەیتە دۆزەخ، بەڵکو لەبەر ئـەوەی تـۆم خۆشدەوێ کە تۆ خوای منیو مـن بەنـدەی تـۆم). یـەکێك لـە سیفەتەجوانەکانی ئـەم عەشـقە ئەوەیـە کـە سەرچاوەکەی روحـی ئەبـەدی ئێمەیـە کـە لـە رووحـی خـواوەوە سەرچاوە دەگرێ کە کرا بەبەر ئادەمدا هەر بۆیەش پێی دەڵێن پاك.

بـەلأم قۆناغـەکانی پێـشوو هـەمووی شەپۆلی نەفسی ئاژەڵیو نەفسی ناتیقەبوون کە قابیلی لەناوچوونن. شەیخی عـەتتار لـە غەزەلێکدا دەڵێ: عەشق ئاگرێکەو عەقڵ لـە سەودای عەشقا ئوستاد نییـە عەشـق کـاری عەقڵی( مادرزاد) زگمـاك نییـە، کـە بـەهۆی عەشـقەوە چاوی غـەیبت کرایـەوە هـەموو جیهانو زەڕاتەکانی قەت لەگەڵ دەکەن لـەم قۆناغـەدا وەك دلۆپـە بارانێـك لـە سینەی دەریـادا لـەنێو شـــــەپۆلی عەشـقی زولاڵـدا نقـووم دەبـینو تـەنیا ئەوەنـدە دەزانین، هێزێـــك بێرەو بەوێماندا دەبات.

٧- عەشـقی ئیلاهـی: ئەمـە دواقۆناغـی عەشـقەو لـە قـەوامی وەسفکردنی مرۆڤدا نییـە. گەردیلەیـەك لـە ژوورێکـدا، لـە درزێکـەوە تیـشکی خـۆر لێیـدابێ چـۆن دەتوانـێ لـە مـەزنیو شکۆی خـۆر بدوێو بەرجەستەی بکات؟! یان دلۆپە ئاوێك چۆن دەتوانێ پێناسەی پانتاوی پڕسامو هەیبەتی ئۆقیـانووس بکات؟! ئێـرە سنووری پلـەی کەماڵە کـــــــە هەر گیانێـــــك لـە تێکۆشاندایە بۆلایو دەبـێ بیگـاتێ(یا ایهاالانـسان انـك کـادح الـی ربـك کدحـا خملاقیـه)یـان کـە خـودا بـە پێغەمبـەری فـەرموو (ئـەی بەنـدەی مـن گوێڕایـەڵیم بکـە، هـەتا وەکـو خۆمـت لێبکـەم) ئـەو دووریـەی کـە لەعەشـقی پاکـدا لـەنێوان عاشـقو مەعـشوقدا هەسـتی پێـدەکرا نامێنێو لێرەدا سێگۆشـەی رێگـەو رێبـوارو رۆیـشتن دەبنەیـەك، عەشـقو عاشـقو مەعـشوق دەبنـە یـەك، چـوونکە ئێـرە مەقامی (فنا ڤ الله)یە، کەتوانەوەیە لەنێو پرشـنگی نـووری خـودادا. ئێـرە قۆناغـی بێخودیەکـە نەمنایـەتی دەمێـنێ نـە تۆیایەتی.

# ئایا حیزبە کوردستانیەکان دەتوانن درێژە بە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت بدەن

عومەر ئەمین عەلی
omer_raniya@yahoo.com

له دوای ڕاپەڕینەوە بەڕێوەبەرایەتی دەولەت لەژێر دەسەلاتی ڕەنگەکاندایە، هەر سەردەمەی بەشێوەیەك، ڕۆژگارێك بەدەسەلاتی بەرەی کوردستانیو ئاواکردنی هەموو شتێك بەرەو ئێرانو کاولکردنی ولاتو داگیرکردنو قوتدانی ئەملاکی دەولەتو سەردەمێك پەنجا پەنجای زەردوو سەوزو ئەنجام دانی شەڕی یەکەکەو قوتدانی ئیبراهیم خەلیل بەهاوبەشیوسەردەمێك بەرووداوەکانی کێلێو سەردەمێك بەدوو حکومەتیو ڕقەبەرایەتی یەکترکردنو بەهەدەردانی سامانو سەروەتی دەولەت بەنەزانیو بێبەرنامە، کەتیایدا نەبوونی یاسا بووە هۆی ئەوەی هەرچی ناپاساییە بکرێت، کورد کوردی ئەنفال دەکرد، بەشێوەیەك ئەوەی کەمابۆوە لەدەزگا دەولەتیەکان لەلایەن دەسەلاتدارەکانەوە بەتەواوی قووتدران، هەتا شاخەکانیشیان بۆخۆیان دابەش کردن، کۆمپانیا گەورەکانی دەولەت بزربوون، شوێنەوار هەمووی قووتدرا، مەرقەدی پیاوچاکەکانیش دەرهێندرانەوەو فرۆشران، سەردەمێك بەحکومەتێکی یەکگرتووی دووگیان، ئەم حکومەتە هەتا ئێستاش هەر دووگیانەوە بەدلنیاییەوە هەتا هەبێت هەردووگیان دەبێت، لەوەش چاکتر ناتوانێت خزمەت بکات، لەڕاستیدا شتێك بۆکورد کراوە لەژێر سێبەری ئەم ڕەنگانەدا، بەلام ئایا دەکرێت شتێکی چاکتر بکرێت؟ یان ئایا دەکرێت لەسێبەری ڕەنگەکاندا زیاتر خزمەت بەمیللەت بکرێت بەشێوەیەکی زانستیانەو سەردەمیانە؟ جا ئایا ڕەنگەکان خاوەنی ئەو عەقلیەتەن کەخۆیان بکەن بەمۆمو لەپێناوی ڕەوشنکردنەوەی ڕێبازی نەتەوەکەیان خۆیان بتوێننەوە؟ بەدلنیاییەوە دەسەلاتی هەموو ڕەنگێك کە لەوپەڕی پێشکەووتووخوازیو دیموکراتیدا بێت لەپێشەوە بەرژەوەندیەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێت، ئەوسا بەرژەوەندی نەتەوەو لایەنەکانی دی، ئەمە حەقیقەتێکی مێژووییە، کوردیش تالاوەکەی چێژتووە، لەسالی ١٩٦١ هەتا ئێستاش ڕەنگەکان لەبەرژەوەندی خۆیاندا کارێکی وەهایان کردووە کەمیللەت زۆر بەزەحمەت بگات بەئامانجەکانی خۆیو ئەم کارە هەتا ئێستاش بەردەوامە، من نالێم ئێمە بەهۆی ڕەنگەکانەوە لە بەستەلەکێکداین، ڕەنگەکان پێکهاتەی جەستەی گەلی کوردن هەبوونیان زۆر پێویستە، بەلام ململانێی ڕەنگەکان ناهێلن یاسا لەهەموو ناوچەکانی هەرێمدا وەکویەك جێبەجێ بکرێت، ئاوەدانکردنەوە بەپێی ویستی تاکەکانی ناو دەسەلاتەکەیە، بەرنامە درێژخایەنەکان بەپێی ویستی پێکهاتەی ڕەنگەکانن لەناودەسەلاتی هەرێمدا، کەواتە فەرهەنگی سیاسیو ڕۆشنبیری ڕەنگەکان فەرهەنگێکی تەمبەلە لەئاست ویستو ئارەزووی نەتەوە، جا ئایا ئێمە چی بکەین بۆئەوەی گرۆتینێك بدەین بەکێشەی نەتەوەکەمان بۆئەوەی هیچی دی لەخێرایی پێشکەوتنی شارستانیەت دوانەکەوین، لێرەدا ڕێڕەوی کێشەکە دەبێت بەدووئاراستەی تەریب بەیەکتری، کەبەدلنیاییەوە یەکێکیان لەوەی تریان خێراترە، ئاراستەیەکی بەناچاری ویستراوی سەپێندراوو ئاراستەیەکی سادەی ویستو ئارەزووەکانی تاکەکانی کۆمەلگاکە، جا کاتێك کە ئاراستەی یەکەم نەیهێشت کەسێك پەیڕەوی ئاراستەی دووەم بکاتو گرفت بێت لەبەردەمیدا، ئەوا ئەم ئاراستەیە وەکو ئەگەرێك دەمێنێتەوە، کە دوای کارەساتەکان خۆزیای بۆدەخوازرێت، بۆنمونە کێشەی کەرکوك ئەگەر هەر لەسەرەتاوە ئاراستە نەتەوەییەکەی وەرگرتبایەو فەرهەنگی سیاسیو ڕۆشنبیری ڕەنگەکان وازیان هێنابواو پشتیوانیەکی تەواویان لەجەماوەری کوردستان کردبا ئێستا کەرکوك بەم دەردە نەدەگەیشت کە لەنێوان کوردا کەرکوك لەت بکرێت، لەتێك بۆ زەردو لەتێك بۆسەوز، بەرژەوەندی ڕەنگەکان کارێکی وەها بکات کەچارەسەری کێشەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دوابخرێت، ئاراستەی یەکەم ئاراستەی ڕەنگەکانی ناو دەسەلاتی هەرێمە کە لەسەر بنەمایەکی بنەڕەتی ئۆقرە ناگرن، بەلکو لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا، زۆر جاران مافەکانی نەتەوە ئەوەندە دوادەخرێن وایان لێدێت لەبیردەکرێن، کەواتە ئێمە دلنیاین لەوەی عەقلیەتی ڕەنگەکان ڕێگە بەتاکەکانی ناو کۆمەلگاکە نادەن بەئارەزووی خۆیان ویستەکانیان دەربڕنو بەرنامەیەکی سەردەمیانە داڕێژن بۆمیللەتەکەیان، بۆ نمونە: ڕێگە نادرێت تاکەکانی کۆمەل ئەندامانی پەرلەمان دیاری بکەن، ئەو دەنگدانەش کەدەکرێت دیاریکردنی ڕەنگەکانە بەهۆی داشە یاریکراوەکانەوە، واتە پەرلەمانەکە هەر لەژێر دەسەلاتی خۆیاندا دەمێنێتەوە، واتە تەنهاوتەنها خۆیان خاوەنی بڕیاردەبن، کاتێکیش کەمەترسیەك هەبێت لەسەر دوو ڕەنگی دژبەیەکتر ئەوا هاوپەیمانیەتی یەکتر دەکەن، ئەگەر بیروباوەڕەکانیشیان تێك نەکاتەوە،جا ئەم هاوپەیمانیەتیە لەپێناوی چیدا؟ لەپێناوی نەتەوەدا؟ یان لەپێناوی دژایەتی ڕەنگەکانی تردا؟ بەلکو لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا.

چەند پیرۆزە کە گوێبیستی هەوالێك دەبیت کە کورد دەبێت بەخاوەنی کۆمپانیا نەوتیەکانی خۆی، بەلام کاتێك کە دەبیستیت لە دانیشتنێکی پەرلەماندا ڕازی نەبوونی (٤٠) پەرلەمانتاری سەوز بەواژۆنەکردنی یاسای نەوت، چەندین مانای جیاواز دەدات بەدەستەوە، بۆئەوانە ناڕازینو پەرلەمانتارە زەردەکان ڕازی بوون؟ دیارە بەشی ئەوان زۆرەو بۆیە بەتێکڕای دەنگ پشتیوانیان لێکردووە، یان ئایا ئەندامانی زەردیش ڕاسپێردراونو نایانەوێت نانی خۆیان ببڕن؟ بۆچی دوای چەند ڕۆژێك پەرلەمانتارە سەوزەکان لەهەلوێستەکەی خۆیان پەشیمان بوونەوەو بڕیارەکەیان واژۆکرد؟ خەلکی دەپرسن: دەبێت چی ڕوویدابێت؟ ئایا ئەندامانی سەوز ناچارکراون ئەگەر واژۆی نەکەن هەلوێست لەبەرامبەریان وەربگیرێت؟ ئایا بەشی سەوز زیادکرا بۆیە پەرلەمانتارەکان ڕازی بوون؟ کارێکی زۆر پیرۆزە هەلوێست وەرگرتن لەبڕیارێك لەپێناوی داهاتووی نەتەوەدا، بەلام کاتێك کەهەلوێستەکە تەنها ڕەنگێکی پێوە دیاربێت مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەلوێست وەرگرتنەکە لەبەرژەوەندی نەتەوەدا بووە، جا لەم بارەدا مێژوو گلەیی لێناکرێت، لەبەندەکانی بڕیارەکەوە بۆ هۆلی پەرلەمانو هەتا بیرە نەوتەکان. ئەمە حەقیقەتێکە ناوبازاڕی کوردستان لەئەنجامی ململانێی کۆڕەكو ئاسیادا فێری ئەم جۆرە پرسیارانەبووە، کە قوربانیە سەرەکیەکەش تەلەفوونە نۆرمالەکانی سەردەمی قائیدی زەرورەیە،

کەواتە بەهۆی عەقلیەتی ڕەنگەکانەوە ئەگەر نەتەوە بیەوێت ئاراستەی ئەو ڕێبازە بگرێتەبەر کەڕەنگدانەوەی ڕەنگەکانی تێدانەبێت، ئەوا بۆخۆی لەناوخۆیدا توشی ڕووبەڕووبوونەوەو کارەسات دەبێت، کە ئەمەشیان کارێکی خراپە، کەواتە بوونی ڕەنگەکانیش پێویستە، بۆیە دەبێت هەموو هەولێك بدرێت عەقلیەتی ڕەنگەکان لەگەل بەرژەوەندیە هەنوکەییو داهاتووەکانی

نەتەوەدا تێك بکاتەوە، بۆنمونە: هەموو ڕەنگەکان دەتوانن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی شارەوانیەکانو پەرلەمانی کوردستاندا خەڵکی خۆیان کاندید نەکەن، بامیللەت کەسایەتی هەڵبژێرێت نەك ڕەنگەکان، دەرگای ئازادی ئاوەڵا بکەنەوە بۆهەموو تاکێکی کۆمەڵ کەبەپێی یاسا مافی خۆهەڵبژاردنی هەبێت، بەڵام ئایا دەیکەن؟ من بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەخێر، چونکە ئەگەر پەرلەمانەکە هی میللەت بێت دەسەڵاتی بەڕێوەبردنەکە دەبێت ئامرازێك بێت بۆجێبەجێکردنی ویستەکانی پەرلەمانەکە کەدەنگی زۆرینەی نەتەوەکەیە، ئەوکاتە هەموو ڕەنگەکان دەخرێنە ناو پەراوێزەکانەوە کە هیچیشیان بەوە ڕازی نین، سەر ئەنجام ڕەنگە بێبەشو بێدەسەڵاتەکانیش کار بۆئەوە دەکەن ببنە برابەشی دەسەڵاتەکە، بۆیە بەدووری نازانم لەوانەیە ڕەنگەکانی دیکەو ڕەنگە ئیسلامیەکانیش لەداهاتوودا بەبەرگێکی عەولەمەوە بچنە ناو دەسەڵاتەکەوە، چونکە بەڕاستی هیچ شێوازی مامەمەڵە کردنێکیان لەبەردەمدا نەماوە پڕبەپێستی خۆیان بێت. کەواتە تاکە ڕێگە بۆمانەوەو خۆپاراستن لەم هەل‌ومەرجەدا خۆ گونجاندنی ڕەنگەکانە لەپێناوی نەتەوەدا نەك لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا.

لەجیاتی ئەوەی دووڕەنگ یەکتری بگرن لەپێناوی مانەوەیاندا لەدەسەڵات، وا چاکترە یەکگرتنیان بۆ یەکخستنەوەی کەرکوك بێتو بۆ خۆئامادەکردن بێت بۆ قۆناغێکی سەختتر، من لە کتێبێکمدا بەناوی ئیرهابو کورسی دەسەڵات لەسەرەتای ساڵی(٢٠٠٧) ئەوەم بۆ ڕوونکردنەوە کە ئیرهاب دەچێتە قۆناغێکی ترەوە کەچەکی کیمیاویو بایۆلۆجیو هەتا نەوەویشی تێدا بەکار دێت، دەبێت لێکدانەوەتان چی بێت بۆ ئەوکولێرایەی کە تەنها کەرکوكو سلێمانی گرتۆتەوە؟ ئیرهابچیەکان کە دڵنیابوون لەوەی کەناتوانن شورەی پۆڵاینی سلێمانی ببڕنو ئۆتۆمۆبیلێك لەبەر دەمی مەرقەدی کاك ئەحمەد بتەقێننەوە بە ڤایرۆسی کولێراوە بۆمان هاتن، لەکاتێکدا کە لەهەموو سەردەمەکاندا پارێزگاکانی باشوور تووشی ئەم دەردە دەبوونو ئەم دەردە بەدەگمەن کوردستانی دەگرتەوە، با ڕەنگەکانی تریش بەم پۆشاکە سەردەمـــــــــــــیەوە بێنە مەیدانەکەوە بۆئەوەی وابکرێت بەناچاری هەموو میللەت یەکتری بگرێت، کلیلەی کردنەوەی گرێکوێرەکانی عەقڵەتی کورد لەلای ڕەنگـــــــــــەکانە، با هەموومان بگەڕێینەوە بۆ قوتابخانەی کوردایەتیو لە سەنگەری خۆبەختکاریدا ڕووبەڕووی ئەو ڤـــــــــــایرۆسە ببینەوە کە بەدوای ڤایرۆسی کولێرادا بۆمان دەنێرن.



# گوزارشت


**هێرش ڕەسوڵ دەینووسێت**
خـوێـنـدکـاری
ماستەر لە میدیـاو
Herish82@yahoo.com


# زمـــــــانـــــی ڕاگەیاندنی بیستراوی کوردی

بابەتی زمانی ڕاگەیاندن، خۆی باسێکە لە کایەی میدیاو ئەکادیمیای میدیایی جێگای گفتوگۆو مشتومڕی بەردەوامە. سەرباری ئەوەی لەهەریەك لە زمانەکاندا رەنگە تێڕوانینی تایبەت بۆ ئەم بابەتە هەبێتو لە گۆشەنیگای تایبەتی ڕێساو دەستوریی زمانەوانییەوە تەماشابکرێت. بەڵام ئەوەی زۆربەی لێکۆڵیارانی بوارەکەو لە زۆربەی زمانانی دنیا لەسەری کۆکنو گەیشتوونەتە کۆدەنگییەك ئەوەیە کە، زمانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی پێویستە زمانێکی سادەو بێ گرێو گۆڵ بێتو وەرگر لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی ڕۆشنبیریو تێگەیشتنو لە هەموو تەمەنو لە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لێی حاڵیببێت.

لەبارەی زمانی ڕاگەیاندن، لە سۆنگەی سروشتیی میدیا خۆیەوە کە دەبێ لە جەماوەرو ئێشوئازارەکانی جەماوەرو رای شەقام نزیك بێت، سەرەتا ڕایەك هەبوو پێیوابوو پێویستە زمانی میدیا زمانی شەقام بێت، بەڵام شارەزایانی بواری زمانی ڕاگەیاندن دوای توێژینەوەو بەدواداچوونە وردەکانیان گەیشتنە ئەو بڕوایەی ناکرێ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو زمانەی هاووڵاتییان لەسەر شەقامەکان پێی دەدوێنو زمانی ناو ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا نەبێت؟ لە هەمانکاتدا، ئەو ڕایەش جێی خۆی نەگرت کە پێیوابوو پێویستە زمانی دەزگاکانی میدیا زمانی ڕۆشنبیریو ئاستی باڵای نووسین بێت. بۆیە، لەو نێوانەدا، پسپۆرانی بوارەکە بۆ زمانی میدیا بیریان لە هەڵبژاردنی زمانێك کردەوە لەنێوان زمانی شەقامو زمانی ڕۆشنبیرییدا. بەڵام هەر لەو چوارچێوەیەدا، زمانی ڕاگەیاندن لە کەناڵی نووسراوەوە بۆ کەناڵی بینراوو لەوێشەوە بۆ بیستراو دەگۆڕێت. ئەوەی لەم گۆشەیدا دەمانەوێ لەسەری بوەستینو گوزارشتی لێبکەین زمانی ڕاگەیاندنی بیستراوی کوردییە، واتا زمانی ڕادیۆکانمان.

لێرەدا، بەر لەوەی باس لە زمان لەو هۆکارەی میدیا بکەین، پێویستە گەر بە کورتیش بێت لە تایبەتمەندییەکانی بابەتو مەتریاڵو پرۆگرامی ڕادیۆ بدوێین، کەوا لە سادەترین ئاماژەدا دەتوانرێت بوترێت، بەهۆی ئەوەی وەرگر لەبەرامبەر پەیامی میدیای بیستراودا تەنها دەتوانێ سود لە هەستی بیستنی ببینێت، هەروا پەیام لەو جۆرەی ڕاگەیاندندا بروسکەئاسا ڕەتدەبێو وەکو ڕاگەیاندنی نووسراو نیە، وەرگرەکەی کە خوێنەرە بتوانێت بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەریو لەسەر هەموو برگەو رستەو بابەتێـــــــــــك هەڵوەستە بکات. لەمەوەو بە لەبەرچاوگرتنی زمانی ڕاگەیاندنی بیستراو، ئەگەر بۆ چەند ساتێکی کەم میلی ڕادیۆکەمان بخەینە سەر ڕادیۆیەکی کوردی، چەندین وشەو دەستەواژەی ئەوتۆ دەبیستین کە زۆرجار رەنگە لە ماناکەیان تێنەگـــــــەین یان کاتێـــــکی زۆرمان بۆ تێگەیشتنی بوێت. سەیرەکە لەوەدایە، زۆرجار ئەمە لە خوێندنەوەی هەواڵەکانیشدا هەر وایە. ئاخۆ سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرو هەواڵسازی ئەو ڕادیۆیانە پرسیویانە گوێگری ئاسایی لە وشەگەلی: سیڤیل، فەرمی، دسپلین، میکانیزم... تاد دەگەن؟!



## ئیسماعیل خورماڵی:

# منو نیشتیمان دانی پایزه هەنارێکی هەورامانین

ئیسماعیل خورماڵی، گەواڵە سازگارەکەی شیعری کوردی، ئەو دەنگو قەڵەمە هەناریە مێخۆشەی لەوەرزە عومرێکی کاڵەوە بۆنو بەرامەو تامو چێژی چامە بەخاکو بەدوولبەران دەبەخشێ، ئەولەسەروی باسە پەیڤی ئێمەوەیەو خاوەنی دەیان بەرهەمی ناوازەی سەرسەختە لەگەڵ دنیای عیشقو هاوتەریبە لەگەڵ مەوداکانی جوانی، ئەو باڵندەیەکی ئەفسانەییە، خۆڵو خاکو گەڵاو گوڵو بەفرو هەتاوی هەڵگرتووەو بەردەوام دەفڕێو بەدەم نەرمە فڕینەوە ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ سازدا...

**گفتوگۆی: ئەرسەلان مەحمود**

زنار: بالێرەوە دەست پێبکەین، تاچەند بیری منالێتان دەکەن، بابزانین مرواری ژیانی خورمالّی لەکوێوە بۆکوێ دەست پێدەکات، دەمانەوێت باسی ئازارو برینەکانی دوێنێی خۆتمان بۆبکەی..

ئیسماعیل خورمالّی: گەڕانەوە بۆمنالّی، فڕینێکە لەمبەری پایزەوە بۆ ئەوبەری بەهار، مەلەکردنێکە لەگۆماوی پیرییەوە ڕووەو سەرچاوەکانی شیری. خۆشکاننەوە بەسەر دنیای منالّیدا، خۆخالّیکردنەوەیە لەگوناهو لەتۆببەکانی مەستایەتی‌و جارێکی تر ئاگرکردنەوەیە لەتەك جوانی‌و ئاشتبونەوەیە لەتەك خەرمەنی گەمەکان، کێ لەئێمە ناخوازێ؟..ڕۆژێ ببێتەوە پالّەوانی حیکایەتەکانی منالّی‌و جارێکیتر لەسادەیی‌و لەبەرائەت، لەخوێندنەوەی چیرۆکی کوچەکان، لەمنالّی ڕەنگە منالّیەکان هەلّچێتەوە، سپێدەیەك بەداری هەلووك‌و ئێوارەیەك بەشایی‌و بەجۆجۆی کوچەکان شادبێتەوە!..کێ لەئێمە ناخوازێ؟..بەم هەموو گوناهو بەم هەموو حوزن‌و دلّشکانەوە سەفەرێ بەنیشتیمانی منالّیدا بکاتەوەو لەڕێدا گەر بەور بوو، وە مەلۆی بزەوە شەڕە تۆپەلّ‌و گەر خوا پۆلێکی منالّیشی بەقیسمەت کردەوە، دەست بۆمێوژی سەرسینیەکەی مام زۆراب ڕانەکێشێ‌و کێ لەئێمە بەعوومری پیرییەوە ناخوازێ لەنێوان دوو دارەکەی وانەی داردا، بەخەیالّێکە چکۆلانەوە گیا ڕن کاو بەدیار وێنەی مام گورگ‌و بزنەوە هەلّنەتوتێ!..یاران من ئەوەندە مەعشووقم بەمنالّی، شەوان بەرلەنوستن، پیریم لای منالّیمەوە دەنوێنمەوەو دەلّێم ئاخۆ قەیاغی ئەم عوومرە کلۆلّەم بەرەو کوێ دەمبات؟!..هاوڕێ گیان من لەهەرکوێبم، منی خۆم نا، منی قەلّەم، من‌و برین کووت ومت بەلاولاوو پەنجەرە دەچین، بێیەك درەنگ دەگەینە خونچەکانی جوانی‌و درەنگ بەتامی ماچەکان ڕادەگەین!..برالەگیان دوێنێم نیشتیمانی فیرقەت‌و خەرمەنی حوزن، ئەوڕۆشم فیرقەت، دیسان غەریب‌و لەحوزنی ولّات هەلّدەڕوانم!..لێ برادەر لەدوورەوە سوپاسی ئەو برینانە دەکەم، منیان بەدارە نوقلّی شیعر کردو منیان بەتۆفانی نوسین ناسان!..لێ برادەر لەبرینی دوێنێم گەڕێ، هەر کەنگێ لەبرینی من دەپرسی، من عوومری مەخلوقێکم لەبرین‌و لەفیرقەت‌و لەنەگبەتی!..بەلام هەنووکە کەمێك لەدوێنێ ئاسوودەترم‌و لێ ئاسوودەیی ناو تاراوگەو دوور لەحەزرەتی نیشتیمان، ڕەنگەکانم بەدەربەنی ڕەشیدا دەبات!..

زنار: سەرەتای نیوەی دووەمی (١٩٩٤) لەهەولێر، لەخولێکی سیاسی‌و ڕۆشنبیریی، تۆم بینی، چەند ڕۆژێکیش لەلامان مایتەوە، ئایا درەخت‌و فرمێسکە هەلّوەریوەکانی ژیانتان، پایزی ئەو ڕۆژگارانەی بەجێهێشتووە؟..

خورمالّی: ڕۆژانی هەولێر سەرەتای سەفەری عەشقێکی من بوو، سەفەری هەموو ڕەنگ‌و جولّەیەکی من بوو، لەبابانەوە ڕووەو قەلا، سەفەری ئاگرە مێیەکی من بوو، لەچوارباخی چامەی شارەوە ڕووەو نیشتمانی زانکۆو نیشتیمانی گلّکەند!..مانەوەم لەوێ مانەوەم بوو لەتەك ژیان‌و لەتەك عەشقدا، لەهەولّی ئاشتکردنەوەی پایزو بەهاردا بووم، لێ برادەر وێڕای کەف‌و کۆلّی ئەو عەشقە پەنهانەی خواش، مانەوەم لەوێ ڕامان بوو لەتەنیاییەکانی ژووان، ڕامان بوو لەسەختاییەتیەکانی خۆم، ڕامان بوو لەو ڕێگایانەی نالّۆسکا بوون، ئەو ڕێیانەی ڕێی جەننەت‌و دۆزەخیان لێتێکدابووم!..دوێنێم بەشەڕی ژیانەوە وا کوشت‌و ئەمڕۆشم بەشەڕی تاراوگەوە دەکوژم!..هاوڕێ یەقینت وابێت، خەمی هەر مەخلەقێ وابەستەیە بەئەشکی ڕۆح‌و وابەستەیە بەئاژنی برین، ئێ منیش لەهەرکوێبم ئەشکم ئەشکی چاوانی سنەوبەرەو برینم برینی درەختەکانی جوانییە، لێ هەنوکە برادەر، من دوورە برینی ڕۆحم‌و من دوورە مالّی جوانیم، لێ هەرچۆنێ بم، من سێبەرێکی ئەوێم بەهەزارو یەك دوورگەی ئێرە (ئەروپا) ناگۆڕمەوە، پەنجەی گەلا پایزێکی ئەوێ (کوردستان) بەهەزارو یەك پەنجە گولّی ئێرە ناگۆڕمەوە!!..

زنار: باشە دەتوانی بۆمان باسبکەی بارانی شیعری خورمالّی چۆن داباری‌و لەچ وەرزە هەورێکەوە دادەکات، ئاخۆ ئەم ڕشێنە بارانە بلّێی چ گیایەك تەڕبکاو دەریای چ دلّێك پڕدەکا لەژیان..

خورمالّی: ڕەنگە هەلّڕوانین لەبارانی شیعر، هەلّڕوانین لەپرووشەکانی جوانی هەلّڕوانین لەشەنگە ڕۆژی دوای تاوە بروسکە، ڕوانین لەئاونگ‌و گیا، ڕوانین لەئاسمان‌و فڕینی بالّندە بەمەکرەکان، ڕوانین لەبادەو ژەهر، ڕوانین لەنێوانی ڕەوتی خەجۆیەکی ئاوایداو سەندریلایەکی ڕێی ئۆرزیدا، هەلّڕوانین لەشیلك‌و لەخوێن، لەجەلادو لەفریشتەیەك دۆست بەژیان، ڕەنگە ئەو هەموو هەلّڕوانینە لەڕۆحێکەوە بۆ ڕۆحیکی تر بگوێزێ‌و جێ پێی تر هەلگرێ، لێ برادەر لەکن من دەبنە نیشتیمانی شیعر، دەبنە نمەو ئاونگ‌و تاوە بارانی حەرف، دەبنە سوڕەتی عەشق‌و دەبنە گولّە جوجرەی خاك، وای خودایە چ شیرینە نیشتیمانی شیعر!..دواجار برالەگیان باس لەخوڕەمی کام شیعربکەم؟..کەمن بۆخۆم گەوالّەیەکی مێخۆشی ئەو دنیایەم، لەچی بدوێم، کەمن بۆخۆم ئاگرم‌و شیعر دەمسوتێنێ!..لەچی بدوێم کەمن بۆخۆم بارانم‌و ئاو دەمخنکێنێ!..دواجار هاوڕێ گەر لەدەربەنی بەڕۆح هاتنی شیعرم دەپرسی من لەعومرێکی کالّەوە ڕژامە دنیای نووسین‌و تا هەنووکەش بەیەقینی بەیەقینی جوانییەوە دەنووسم، ئەوەی من دەینووسم ڕەنگێکی تر بەعەشق دەداو ئاوێکیتر بەگیا دەداو دلّێتر بەدلّشکاوان دەدا، دواجار سلاو لەو شیعرانەی ئاگر دەکوژێننەوەو دلّێ دەبوژێننەوە!..

زنار: لەپیاهەلّدانەوە زۆرشت فێربووین، لەتێکست‌و دەقی خراپیشەوە زۆرتر، لەوە تێگەیشتین ئەوەی دەگوترێ‌و بلاودەکرێتەوە ئەگەر بەجۆرێك لەجۆرەکان هەلگری پەیامێکی یاخیگەرا نەبێ، کاریگەرییەك بەجێناهێلّێت، خورمالّی تاچەند لەخەم یا لەهەولّی شکاندنی توێکلّی ئەوتێزو تێگەیشتنەدا، کاریکردووەو دەکات..

خورمالّی: بێشك لەدنیای ئەدەبدا، زمانی هەلّگوتن‌و ستایش بەسەرچووەو دەکرێ بلّێین بەوری ئەو تەرزە نووسینانە ناچنە پێدەشتی دەقێکی خۆڕاگرو نەمرییەوە، هەرچەندە من پێم وایە نووسینی هەردەقێ کەم تازۆر، بۆخۆی، بایی خۆی مەیلێ دروست دەکاو مەیلێ دەهێنێ، بەلام ئەوەی گرنگە ئەو مەیلە تاچەن مەیلێکی دەولّەمەند تر دێنێ، تاچەن لەسەر نەخشی نووسین، جێ پێی دەقێکی گەورە دەکاتەوە، بێگومان لەڕۆژگارێکی وەك هەنووکەدا کەبێ مەلامای خەمەکان‌و بێ مەلامای کۆستەکان وایان کردووە عیشقمان لەتەك ساختایەتیدا ئاوێتەبن‌و بای قەلّەممان لەبەر پەنجەرەی دەقە یاخییەکاندا ووچان بگرن!..بێگومان لەهەر کۆمەلّگایەکدا کەژیان پڕبوو لەبەلّێنی درۆ کەدلّەکان کەوتنە هێلّنج دان لەحوزنی ژیان، ئیدی قەیاغی ئاسوودەیی سەرەوبن دەبێ‌و لەبەرامبەر ئەودا بەرچنەی قەلّەمەکان پڕ دەبن لەسێوی تانەو گلەیی، پڕ دەبن لەبۆلّی تووڕەیی، هەلّبەتە منیش وەك هەنێ لەو قەلّەمانە زۆر جار بەردە شیعرم لەپەنجەرەی دەسەلات داوەو زۆر جاریش گوێیانم لەحیلەی ئەسپی چامە پڕکردووە!!..

زنار: خۆدواندن بەلای زۆرێکمانەوە پەسند نازمێردرێت، بەوپێوەرەی دەگوترێ ئێمە نرخی خۆمان نازانین‌و لەم جۆرە گفتوگۆیانەش تێناگەین، هەلی زێڕین، بەلامانەوە هەر ئەوکاتانەن کەلەسەر گۆڕەکانین، تۆ ماوە دەدەی لەسەر گۆڕەکەت یاری شەترنج‌و کاغەزێن بکرێت..

خورمالّی: من پێم وایە پەنجەرەی ئەو خۆدواندنانە ناتاریك‌و ڕۆشنن، گەر مرۆ بەتەرزێکی نوێوە سەرێ لەنیشتیمانی دوێنێی خۆی باو بلّێ تۆ هەیت، تۆ دەژیت،



دەبێ لەمەو دوا خودا كارو ڕییا كوژبێت!..دەبێ لەمەو دوا وەك ئاو، قورس گران لەمرواریەكانت هەڵڕوانی!..دەبێ لەمەو دوا بارانێ بخەیتەوە، هەورێ بڵێ لەمنە!..دەبێ لەمەو دوا بڵێی من ئەو قەرتاڵەیەم، سێوە سەوزەكانی كفتو كۆم تیا خڕكەنەوە، من هەناری ئەو دار هەنارەم، هەموو هەلەكانی مێخۆشیم تیا خڕكەنەوە، من ئەو قەیاغەم مەرگە مەوج نامگلێنێ!!..دواجار هاوڕێ نەخوازیارم لەسەر دەفەی گۆڕی كەس بەردێ بنووسم، نەخوازیارم لەسەر گۆڕم، مەكرە با بەگوڵ بفرۆشن!!..

زنار: نیشتیمانی شیعر لەكوێیە، بەمانایەكی دی، شیعر لەكوێ نیشتەجێیە..

خورماڵی: لەكن من ڕەنگە سەخت بێ، دەست نیشان كردنی نیشتیمانی شیعر، چۆن سەخت نەبێ ؟..وەرز نەبیو بەڵام جوگرافیایەك بی بەژوور سەری مانگو ڕیحانە كێویلكەكانی خواوە، دەربەن نەبیو بەڵام هەناوی هەزارو یەك دەربەن بی، باز نەبیو بەڵام فڕگەی هەزارو یەك بازبی!..برادەر سەختە دەست نیشانكردنی ماڵی شیعر، كەئەو خۆی لەهەر جێگایەك جوانی هەبێ، ئەو لەوێیە، لەهەر جێگایەك جریوەی چۆلەكەیەك هەبێ، ئەو لەوێیە، لەهەر جێیەك ئاگری ماچێ لەش بسوتێنێ ئەو لەوێیە، یا دڵان لەكوێ شكۆفەی عەشق ڕاژەنن، ئەو لەوێیە، لەهەر جێیەك مێیەك بكوژن، ئەو لەوێیە، دواجار هاوڕێ ماڵی شیعر وابەسەر قەڵای ئەوبەیتەوەیە كەدەڵێن شیعر نیشتیمانی ئینسانو نیشتیمانی عیشقە.

زنار: ئەگەر شیعر بەئەسپێكی ڕەسەن بچوێنین، خورماڵی جارێك لەجاران شیعری خۆی ناچاری ڕۆیشتن كردووە، یان ئەسپی شیعری خورماڵی لەكوێدا دەوەستی..

خورماڵی: ئەزیزم گەر لێرە ئێستێ لەسەر نیوە دێڕی یەكەمی پرسیارەكەتان بكەمو لەتەك حیلەی كەحێلی بەیتا بێژم، دەسەڵاتی شیعر لەقودرەتی بروسكەدایەو چوونو نەچوونی بروسكەش لەدەسەڵاتی خۆی دایە!..گەر مەبەستیشتان لەچوونو ناچاركردنی شیعر ئەوەبێ، گەر جارێ قەڵەم لەعیشقی نووسین كەم مەیلی نواندبێو وەك دەڵێن ئاسایی ناسكە وشەی بەدەشتی شیعردا كردبێ، گەر فەرموودەتان وابێ نایەتەوە بیرم جامێ لەبادەی شیعرم نابێ بەلێوی خوێنەرەوەو لێی ڕازی نەبووبم، نایەتە بیرم لەتەك سەوزەڵانی حیكایەتێكدا، لەنانی شیعر بابۆڵەیەكم كردبێو تێری نەكردبم، هاوكات ناشڵێم قەڵەمەكەی ئیسماعیل مەرەكەبەكەی لەگوڵاوی جوانییەو ئیدی ناجورێو ناجوانی بەلێویدا نایە، دواجار ئەگەر لەوێسگەی شیعری من دەپرسن، من پێم وایە گەر بەهارو بانەمەڕێكیشبم لەنووسین، هێشتا وام لەدەمی خونچەیەكدا، چوون دنیای نووسین، لەتەك زەمەندا، هەڵدەكشێو شیعر مەخمەڵترە لەوەی سنوری بەیتێ!..

زنار: ڕاوچییەكان، لەوەرزی ڕاوو پێچەوانەشدا، كەموو زۆر ڕاوی خۆیان هەر دەكەن، شاعیریش لەسێبەر یا بەسەر لقی درەختەكانەوە، لەدیار یا بەسەر سەری مانگەوە، تاكەی زوڵفی كچان دەهۆنێتەوەو بازبازێن دەكات، ئایا تیۆرێك بۆ نوسینی شیعر لەوجودی شاعیردا بوونی هەیە..

خورماڵی: برالەگیان، ئەگەرچی من كەمێ لەشێوازو دەربڕینی پرسیارەكەتان كەمێك گومانم لەجوانی هەیە، بەڵام دەكرێ بەچەن دێڕێكی سادە، بێمە وەڵام، دڵنیابە وەڵامدانەوەشم بەرپەرچدانەوەی ئەو دێڕانە نین كەدەڵێن شاعیران قەڵەمیان زێدەتر خولقاوی دنیای عیشقە، ئەوەندەی ئەو دێڕانە گوڵی بەڕیحانەی ڕوونكردنەوەیەكن، بەڕێزم وەزیفەی شاعیر تەنها هەڵتوتان نییە بەدیار سێبەری دولبەرەوەو تەنها ڕامان نیە لەمەرجانی سیا چەمان، لەبای بزە، لەمەكری هەناری بەرزە چڵان، تەنها خۆڕووتكردنەوە نییە لەشەوی خوڕەم ختوكەی شەودا، ئەوەندەی كەخولقاوی خەمی نەتەوایەتیو كێشە كۆمەڵایەتیەكانە، تۆ بڕوانە قانع بەو هەموو عیشقەوە، چ دەف شكێنو چ ڕەخنەگرێكی سەردەمەكەی خۆی بووە، بێكەس بەو هەموو عیشقو زیندانی بوونەوە، چ ئاگرێك بووە لەسوتانی پوشەڵانی بێهۆشیو وەتەن پەرستیو هۆشیاریدا، تۆ بڕوانە چەن خوازیاربوون كۆمەڵ بەكۆمەڵێكی شارستانیدا بەرن، كەوابوو لەكن من خوێندنەوەم بۆ دنیای شیعر جوداترە لەخوێندنەوەی كەسانێتر، من وای دەبینم شاعیر بەرلەهەمووشتێ ئینسانەو ئینسانیش مافی خۆیەتی چۆن مومارەسەی ژیانی خۆی دەكا، خۆ ئەگەر شاعیر لەتەك عیشقیشدا دۆستایەتیەكیان هەبێ، ئەوا پێكەوە سەوزەڵانی بەژیان دەدەن، ئەوە پێكەوە قەرەی ئاگرەكانی جوانی دەكەون، دواجار هاوڕێ لەكن من شیعر لەپشت هەموو تیوورێكەوەیە، شیعر لەپشت چەخماخەی هەموو سیحرێكەوەیە، لێگەڕێ برالە، باشیعر بەشیعری بمێنێتەوەو باشیعر بەنەزاكەتی خۆیەوە بژی!!..

زنار: چ جیاوازییەك بەنێوانی سروشتی خۆتو شیعرەكانتەوە بەدیدەكەیت..

خورماڵی: ڕەنگە زۆر جار لەنێو دەقەكاندا، سروشتی خۆمو سروشتی قەڵەم لەچەند خاڵێكدا یەكیان گرتبێتەوەو ڕەنگە زۆر جاریش دوور بوبینو دووڕیانێ لەتی كردبینو دابڕابین، بەڵام ئەوەت بیر نەچێت سرووشتی شیعر هەزار بارە، لەسرووشتی خۆمان جوانترە، هەر هیچ نەبێ، هەر هیچ نەبێ لەسرووشتی شیعردا لەو ئاسمانە شینەدا، كۆلارەیەك لەخوێن نابینی، لەو ژوورەوە تەوری جەلادێ نابینی، فڕكەی بازی بازە درۆ نابینی، بەڵام لەكن خۆمان ئەوەندەی كەعەشقبازو جوانبازو گوڵبازین، هەزار هێندەش درۆبازو خوێنبازو جادوو بازی جادووستانین!!..

زنار: مرۆڤ لەبەر ئەوەی دەجولێت، دەدوێت، مومارەسەی غەریزەكانی دەكات، كەوابوو تێوەگلانی چاوەڕێكراوە، خورماڵی دووچاری چ جۆرە تێوەگلانێك بووە هەراسانی كردبێت..

خورماڵی: جوڵەو دواندنو مومارەسەی غەریزەكان لەكەسێكەوە بۆكەسێكیتر دەگۆڕێو مینا كەپری ژێر تەرزان، تەرزی چەشنە جوودایێك هەڵدەگرێ ڕەنگە هاوكات تێوەگلانیشی جوداتر بێ تاكەسێكی تر، من بۆخۆم جگە لەسەرێشەكانی دنیای عیشق، جگە لەهەراسانیەكانی دنیای عیشق، جگە لەم غوربەتو سەفەرەی تێوە گلاوم شتێكی ترم بەشك نایە، دواجار ئەم هەراسانیانەش نەبونایە، ئێمە نەعاشق

دەبووین و نەدووکەڵی شیعرو عیشقیشمان بەرز دەبوویەوە!..

زنار: لەنێوان (پاسپۆرتو جانتاو پرووشەکانی غوربەت)و( نیشتیمانێکی ئاوا غەمبارو پەژارە تیایدا نیشتەجیبێ ) شتێك هەیە ئێوە نەگەیەنێتەوە یەك..

خورماڵی: ڕەنگە هێندە سانا نەبێ دواندن لەتەنیاییەکانی نێوان تاراوگەو نیشتیمان، لەنێوان سەفەری قەڵەمێك لەهەنارو باخێ لەجنسی باو جوانی، ڕەنگە هێن سانا نەبێ، نزیك کەوتنەوە لەگوڵچنی، پەموو چنی خەمەکانی غوربەت، ئاوڕدانەوە لەنیشتیمانی کێوە بەورو چەمە پونگە، ئاوڕدنەوە لەدوا نەگبەتیەکانی تاکی نیشتیمانێکی مێخۆش چوون دەزانم دەست بردن بۆ سێوی ئەو برینانە جەنگ کردنە لەتەك تۆفانی باخەوانەکان!..دواجار ئەوەی منو نیشتیمانی بەم حاڵی هیجرەتەوە هێڵاوەتەوە تەنها درەنگ ئاکامی ئەم سەفەرە لەعنەتییە، دەنا منو نیشتیمان دانی هەناری، پایزە هەنارێکی هەورامانین، ئەو لەمندا من لەئەو دا، تۆ بڕوانە شێوەنی چامەکان (مەدەد یاگوڵ، نێرگزو مەی، ئاوی نەیی، چامەیەکی درەنگ وەخت)..

زنار: لە( مەغریبی عیشق )دا، دەڵێی"خەجاڵەتبی کچی پایز، چیت لێنەدزیم..لەتەرزو لاسکی شیعرەوە، تاکۆلارەی پێکەنینو..هەتا تەرزی ماڵ بەماڵی کچەکەشم...."پرسیار ئەوەیە ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەتەك کەسێك بەم هەموو ئازارەوە بەجێت بهێڵێت، بۆ پەشیمان نی لەوەی کردوتە بۆی، ئایا ئەوە هزرێکی پیاوانەیە یان بەرائەتی دڵو هۆنراوەی تۆ..

خورماڵی: لەکن من ئەزیزم لەیەکەم کردنەوەی قاپی عیشقدا، عیشق نیشتیمانێکی سەوزەڵانییەو چاوانی ئەهلی عیشقیش زێدەتر نمەو ئاگرو ژووانو خوڕەمی وەنەوشە دەبینن، لەگوێ چەمی ئەندێشەدا، باڵندە کچو شۆخی سبەی دەبینن، لێ هاوڕێ کەعیشق خەیاڵ بەجێدەهێڵێو ڕووەو سەختاییەتیەکانی ژیان دەبێتەوە، ئیدی لەوێوە بای نەگبەتی هەڵدەکاو عیشق فەقیر دەکەوێو ئاگر پەیوەندیەکان دەسوتێنێو هەرچی قەیاغی تێگەیشتنە، ئاوو تەمتومانی ناتێگەیشتن وونیان دەکا، دواجار هاوڕێ ئەو دێڕانەی لەمەغریبی عیشقدا هاتوون، ئەوەندەی بەردە گلەیی پەنجەرە شکێنو ئەوەندەی توڕەبوونێکی شیعرین، ئەوەندە فەرامۆشیو پەشیمانییان پێوەنیە، ئەوەندەی بیرهێنانەوەی ڕاستگۆییەکانن، هەرچەن لەکن دڵی بازە قەڵەم، گەڕاننەوە بەساری یادەکاندا، گەڕانەوەیە بەمیهرەبانی بەخشندەیدا، هەڵاتنە لەتوڕە بوون، گەرچی من نایشارمەوە لەقوفڵی ئەو شیعرەدا، مێخۆشیم وەلاناوەو کەم تا زۆر توڕەبوونم هەڵبژاردووە، بەڵام توڕەبوونێکی شیعریانە!..

زنار: هەنارو بەفرو هەتاو..پانتاییەکی ئێجگار زۆریان لەجیهانی هۆنراوەی تۆدا پێبڕاوە، هەر بەڕاست ئێوە هۆزانڤانێکی هەنارین، یان گەرەکتانە سەما لەگەڵ بەفربکەنو هەتاویش جێتان نەهێڵێت..

خورماڵی: ئەزیزم بەبڕوای من دنیای شیعر نازی قەڵەم لەو دەسەڵاتە مێخۆشانە کەهەرگیز تێر نابن، لەپانتاییەکی وێنەو ووشە، وێنەو زمان، وێنەو دەربڕین، وێنەو قەڵای ناوەرۆك، وێنەو مۆنۆمۆی شیعر، مادامەکی شیعریش بەشێکە لەسرووشتی ئینسان، بەشێکە لەنانو جوانی، ئیدی چۆن بەور پرووشە نادا بەشیعرو تاو سان تینێ زمستانی دەقو دەق چۆن نابێ بەماڵی هەنارو هەنار چۆن نابێ بەمەعشوقەکەی قەڵەم، بەتایبەت بۆمنێك کەتاسەر ئێسقان عیشقبازی دنیای زمانمو بێشك زمانیشم بۆڵی بەورو هەتاوو هەنارو خەرمانی پایزانە، کەوابوو من فڕینم وا لەتەك زمانداو فڕینم وا لەناو هەناردا، دواجار ئاسوودەم گەر شەنسی قەڵەمێکی هەناریم بەرکەوتبێو مێخۆشیم بەخاكو مێخۆشیم بەدوولبەران دابێ!..

زنار: هۆنراوەی کوردی دەنگی خۆی دۆزیوەتەوە، دەشێ بووترێت لەمیراتی بابو باپیران ڕزگاری بووە..

خورماڵی: بمانەوێو نەمانەوێ لەگوێ چەمێکدا هەرێز، هەرێز بەخوڵقاندن دێنێو ئاو بەئاوو ئاگر بەئاگر دێنێ، خۆ گەر بڕۆینە سرووشتی قەڵەمو دنیای نووسینەوە، ئەوا بەهەمان چەشن پار جاڕی نووسین، سەوزەڵانی نووسینێکی نوێ دێنێ، من بۆخۆم پێم وایە شیعری کوردی وەکوو هەوران بارانە قەڵەمی زۆر جوانی هێناوە، بەڵام هەموو بارانێکیش نەبۆتە ئەو بارانەی کێڵگەی دڵان تێر کەن، پاشان من دنیای کلاسیكو قۆناغی شیعری نوێ بەمیرات ناژمێرم، چوون هەتا ئێستا نالیو مەحوی، سالمو کوردی، کێو کێ بەردەوام لەتەکماندا دەژینو دەنگیان هەر باڵا دەنگە!!..

زنار: بۆنو بەرامەی ڕەسەنایەتی بەتایبەتیش لەدنیای ئەدەبدا، شتێکی جوانە، بەڵام زۆرێك لەگەورە هۆزانڤانو ئەدیبو ڕووناکبیرانی کوردەواری سنورێ بەزمانو ئەداکردنی ئەو جیهانەوە نابینن..

خورماڵی: بەڕێزم، لەکن من هەموو دێڕێ کەبەلەدایك بوون دێ جوانەو هەموو دێڕێ کەدەبێتە شەتڵێ لەگۆلاوی پەڕە



جوانە، بەڵام گرنگ چۆنیەتی پاراستنی ئەو جوانییەو گرنگ چۆنیەتی گەیاندنی ئەو جوانییە، بەدرێژای مێژوو، بەدرێژای سەدەکان، هەتا ئێستا گەڵێ کارو گەڵێ دەقی ئەدەبی نووسراوون، ئایا هەموویان وەك یەك بەنازی خوێندنەوە گەیشتوون، من بۆم وای نابینم، لەهەمان کاتیشدا دەقی جوان خۆی خۆی دەکاتە چرای زمان‌و زمانی دوای خۆی، وەك ئەوەی ئێستە لەماڵەکانی کلاسیکدا، دەیانبینین، من بۆخۆم مەعشوقم بەسنووری ئەو گەورە قەڵەمانەی جارێتر بەڕۆحدا نایەنەوە!..

زنار: ئەگەر بەچاوێکی ڕەخنەگرانە بەراوردێك لەنێوان بەرهەمەکانی دوێنێ‌و ئەمڕۆی خۆتان بکەن، هەست ناکەن ئەوەندەی گرنگیتان بەگوڵ‌و گەڵاو مانگ‌و ئەستێرەو سرووشت بەگشتی داوە، ئەوەندە گرنگیتان بەمرۆڤبوون وەك خۆی نەپێکاوە..

خورماڵی: بەڕێزم مامەڵەکردنی من لەتەك ئەو سرووشتە جوانەدا، مامەڵەکردنە لەتەك بەشێك لەجوانی، ئەو جوانیانەش بێشك بەشێکن لەو جوانیانەی دڵی ئینسان دەیانخوازێ، پاشان بیرت نەچێ زۆر جار جوانیەکانی سرووشت، خۆیان دەبنە دەلالەتەکانی هێماگری لەنووسیندا، من بۆخۆم هاورای بەڕێزتانم کەمامەڵەیەکی پڕم لەتەك بەورو گوڵ‌و مانگ‌و جوانیدا هەیە، هاوکات قەڵەمی منیش دانەبڕاوە لەخەمە مرۆییەکان، دەتوانی بەووردی چاوێ بەدیوانی بەورو خاك‌و مێدا بخشێنیتەوە، دواجار بشێ هەمووان لەنامەکانی موحیبەتدا، دولبەر بەمانگ‌و گوڵ، دوولبەر بەترۆپکی جوانی، ناوازە نەکەین!..

زنار:چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ وشەو لەگەڵ مۆسیقاو لەگەڵ هەوڵی دووپاتنەکردنەوەی خۆتاندا دەکەن؟..

خورماڵی: مامەڵەکردنی من لەتەك وشەو مۆسیقای شیعریدا، گەڕانمە بەدووی جوانیدا، گەڕانمە بەدووی بازنەیەکی نوێدا، تاخۆم لەدووپاتکردنەوە بپارێزم، هاوکات بەدووی ووشەیەکی نوێدا تاهەنووکەش ئامادەم ئەمسەرو ئەوسەری فەرهەنگەکان بکەم، هەموو ووشەیەکیش نا، ئەو ووشانەی بەماڵ‌و بەڕەنگی شیعر جوانن!..

زنار: ئەوکارە نوێیانەی هەنووکە خورماڵییان بەخۆیانەوە خەریك کردووە چین، دەتوانین بەم زووانە چاوەڕێی بەرهەمی ناوازەتر لەوەی بڵاوتانکردۆتەوە بکەین، دەشێ نمونەیەك لەتازەترین بەرهەمی بڵاونەکراوەتان لێرەدا بڵاو بکەینەوە..

خورماڵی: بەڕێزم گەرچی ماوەیەکی دوورو درێژە دابڕاوی دنیای بڵاوکردنەوەم بەڵام دە هێندەی ئەو دابڕانە سەرقاڵی

# زەحمەتە لەزەمەنێکی وادا مەخلوقێ لەجنسی هەنارو گوڵ بدۆزیتەوە



خوێندنەوەو کارو نووسینم، بێگومان خواستمە بەکاری نوێوو جوانەوە بێمەوە بەرهەیوانی خوێنەران، وەك هەنوکەش سەرقاڵی تەواوکردنی چامەی (ترێستان)م، کەخۆی بۆخۆی ڕۆژژمێرێکە لەعیشق لەملامایەکی نوێ لەخۆشەویستی، بەئومێدم هەرچی زووە لەتوێی کتێبێکی نوێدا، پێتان ئاشنا ببێ، کەرەمکەن بۆ ئێوەو بۆ خوێنەرانی گۆڤاری زناریش پەرەگرافێ لەسەرەتای ئەو چامەیە..

ئەگەر هەمووان،
لەبەردەم ئاوێنەکانی عیشقا، عەشق کارەی لای جوانیبین
لەبەردەم سێبەرەکانی گیادا، ئاونگی گیابازو سپێدە بازبین
وەکوو خەیام گۆزەبازو شیعربازو کفربازی کوچەی هەقبین
وەکوو مەحوی قوڵ بوێژو بوێر بێژی، خانەقاکانی عەشق بین
لەڕۆژگارێکی وا تاڵ‌و پڕ حەرامدا
هەموو شتێ بەحەرامی بەسەرماندا ناشکێتەوە
ئاگرمان بەقوماتەی بەفر ناکەن‌و خەیاڵمان بەتووی داتەکیوو!
ئاوەدانیمان بەژەهری چۆڵەوانی‌و
ماسیمان بەبوختانی لم بەکوشت نابەن!
وەرن یاران هەتا دەستیان نەداوەتە یەخەی ژیان
ئێمە فرین بەکۆترە ژنەکانمان بەین
ئاوەدانی بەجووزنی تاوسە قەسرەکانمان بەین
ئەی کۆترە ژن گەر خوازیاری لەشیعری من ماڵت هەبێ
لەساماڵی دیوانی من تۆ فرینی نیشتیمانێ باڵت هەبێ
ڕازی نەبی، گوڵەگەنمی فڕینت، بەتەوێڵی قەفەزێکەوە هەڵواسن!
کێشمەکێش ئاگرت بەبفرا کێش کەن‌و
تۆش وەك شەم‌و دەروونێ شەم، بارانت لەشوشەیەکدا خەفەکەن!
ڕازی نەبی، ئەی کۆترە ژن دڵت بەئاوی عیشقەوە بخنکێنن
ڕازی نەبی، بەمەوجێ بەهارو گوڵەوە بتسوتێنن
ڕازی نەبی، ئەی کۆترە ژن ڕازی نەبی ..

زنار: ئەگەر خورماڵی بیەوێت، چۆن گوڵ ئەگەر بیەوێت بۆنی خۆی بکا، یان ئەگەر هەنار هاتوو تامی خۆی بکا، تۆبڵێی چیمان پێبڵێت..

خورماڵی: هاورێ گیان ئەگەرچی زەحمەتە لەزەمەنێکی وادا مەخلوقێ لەجنسی هەنارو گوڵ بدۆزیتەوە، بەڵام خوازیارم لەیەکەم پۆلی شیعرمەوە هەتا ئێستە، گەمە کردنم لەتەك مێخەکدا بۆ ئێوە بووبێ، بێگومان ئێوەی خوێنەرو ئێوەی مەعشووقی شیعری تەڕو جوان!..

زنار: شتێکی دی ماوە لەچوارچێوەی ئەم گفتوگۆیەدا، ئێمە درکمان پێنەکردبێ، بپرسین..

ئیسماعیل خورماڵی: وێڕای سوپاس‌و خۆشەویستیم بۆ گۆڤاری زنار، کەمنیان لەم قوتبی فیراق‌و هیجرەتەوە بەسەر کردەوە جارێتر منیان بەخشییەوە بەنیشتیمانی خوێنەران، سەرکەوتن بۆ خۆتان‌و بۆ گۆڤارەکەتان دەخوازم

# ئێستێتیک

**کاوە جەلال لە ئەڵمانییە کردوویەتی بە کوردی**

بەشی یەکەم

بەگشتی زۆر جار زمانی رۆژانە واژەی ئێستێتیک وەک سینۆنیم (مورادیف) بۆ "جوان، پرچێژ، هەستبزوێنەر"، بەکار دەهێنێ. بەڵام بە پێچەوانەوە واژەکە لە زانستدا نیشانەیە بۆ سەرجەم کاتیگۆرییەکانی ئەو سیمایانە، کە دیاریکەری ئەوەن، کە چۆن ئێمە دەرکی ئۆبژێکتەکان دەکەین، بەڵام هەروەها بەتایبەتی دیاریکەری ئەوەشن، کە داخۆ ئێمە ئەو ئۆبژێکتانە وەک جوان یان ناشرین هەست پێبکەین.

ئێستێتیک (بە گریکی aísthesis: دەرککردنی سێنسی) هەتا سەدەی نۆزدەیەم زۆر جار یەکسان بە زانینوومای "جوانی" (کالیستیک = Kallistik) دادەنرا. بەڵام ئێستا فەلسەفە لەم جۆرە لێتێگەیشتنە پاشەکشەی کردووە. "ئێستێتیک" بۆ فەلسەفە بەزۆری برێتییە لە تیۆری و فەلسەفەی دەرککردنی سێنسی، یان برێتییە لە تیۆریی (سۆسیۆلۆژییانەی) هونەر یان دیزاین. بەم پێیە ئەوە تێگەیشتەکانی "جوان" و "ناشرین" نین، کە بریار دەدەن بەسەر بەهای ئێستێتیکییانەی ئۆبژێکتێکدا، بەڵکو ئەوە جۆرو شێوازی چێژو یان چێژمەندییە پەیوەست بە سیستەمی هێمای ئۆبژێکتەکەوە، کە دیاریکەرن. زانستە ئەمپیرییەکان، لەوانە سایکۆلۆژیی ئێکسپێریمێنتی (تەجریبی)، هێشتا هەر لە ئێستێتیک دەدوێن وەک هەوڵێک بۆ دیاریکردنی ئەو مۆرکانە، کە مرۆڤان بەرپێیانەوە شتەکان - هەروەها لەوبەر هونەریشەوە - وەک "جوان" یان "ناشرین" دەنرخێنن. ئەمە هەروەها تێگەیشتی ئێستێتیک (aesthetics) دەگرێتەوە، وەک چۆن هێشتا هەر لە ناوچەی ئەنگلساکسیدا بەکار دەهێنرێ. بنەما تیۆرییە نوێکان هەوڵ دەدەن فەلسەفەو زانستی ئەمپیری لە یەکتری نزیک بخەنەوە.

**١-مێژووی تێگەیشتی ئێستێتیک**

ئەلێکساندەر گۆتلیب باومگارتن بە نووسینی "لێهزرینەکان" (Meditationes /١٧٣٥) ئێستێتیک لە ئەڵمانیا وەک بەشێکی سەربەخۆی فەلسەفی دادەمەزرێنێ. ئێستێتیکی ترادیسیۆنی گریمانە دەکات، کە مۆرکی گشتی و سەرمەدی (بێکات) بۆ نرخاندنی چێژمەندانەی بەرهەمە هونەرییەکان هەن. ئێستێتیکی مێتافیزیکیانەی ئیدیالیزمی ئەڵمانی (رۆمانتیک، تێگەیشتی ژێنی) بە ئێستێتیکێکی رێنیشاندەر دانرا، واتا ئەو رەخنەیەی لێگیرا، کە گوایە لەتەک سەردەمدا ناگونجێ. لەم هەڵوێستە بناغەییە رەخنەییەوە دوو جەرەیان هاتنە گۆڕێ: ئێستێتیکی سایکۆلۆژیانە لە لایەک، زانستی هونەر لە لایەکی دی، کە لە لایەن فیدلەر گۆڕانی پێدرا. زانینی ئێستێتیکی (چێژمەند) بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وەک دژبەری زانینی ئاقڵانە دەبینرا. گوستاڤ تیۆدۆر فێشنەر، کە پزیشکی بوو، لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە نێوان دوو جۆری ئێستێتیکدا جیاوازیی کرد: "ئێستێتیک لە ژێرەوە" و "ئێستێتیک لە سەرەوە". ئێستێتیک لە سەرەوە برێتییە لە ئێستێتیکی "هۆشجوانانە"ی فەلسەفەی ترادیسیۆنی، بەڵام هەروەها هینی زانستی ئەدەب، کە نزیکەی تەنها پەیوەست بە هونەرەوە لە ئێستێتیک دەڕوانێ. لێرەدا جوانیی دیمەن و بابەتەکانی بەکارهێنان یان تیۆرییە زانستییەکان خرایە دەرەوەی کەوانە یان لە چاکترین حاڵەتدا وەک شتێکی رۆخیی وەلاوەنرا. بەڵام بە پێچەوانەوە ئێستێتیک لە ژێرەوە تەقەلا بۆ بناغەیەکی ئەمپیریانە دەدات. ئەم ئێستێتیکی پابەند نەدەکرد بە هونەرەوە، بەڵکو ژیاندنی (Das Erleben) جوانیی وەک دیاردەیەکی رۆژانەی سایکۆلۆژی ئەوتۆ دەبینی، کە مرۆڤ دەتوانێ لەنێو ئێکسپێریمێنتدا لێی بکۆڵێتەوە.

**٢-ئێستێتیکی دەرەوەی ئەوروپا**

لەبارەی گۆڕانی ئێستێتیک لە وڵاتانی دەرەوەی ئەورووپادا، هەتا ئێستا بەهۆی ئاراستەوەرگرتنی یەکلایەنییەوە رووەو خودی ئەورووپا، هەتا رادەیەک کەرەسەی کەم لە بەردەستدایە.

**٢-١ چین**

لە چین لە کاتی کۆنفوسیوسەوە (٤٧٨-٥٥١ پ.ز.) چەندین ئاماژە بۆ پەروەردەی ئێستێتیکی ناسراون. ئەو دەمە بەدیهێنانە هونەرییە پایەبڵندەکان ترادیسیۆنێکی درێژخایەنیان هەبوو. هونەرەکان (بەتایبەتی موزیک و هونەری هۆنینەوە)، لە روانگەی کۆنفوسیوس رۆڵێکی گرنگ لە پەرەپێدانی هەقیقەتەکانی سروشتی مرۆڤدا دەگێڕن و لە توانایاندایە پشتگیریی رەفتارو ئادەتە ئایینییەکان لەوەدا بکەن، کە ئەوەی لە مرۆڤبووندا (یان مرۆڤی-بووندا) گرنگە، لە مرۆڤان نزیکتر بخرێتەوە. بەڵام دژبەرانی ئەم تێڕوانینە، لەوانە مۆتسی، لە دژی ئەم تێڕوانینە ئەرگومێنتیان دەهێنایەوە، کە گوایە موزیک و هونەر گرانبەهاو دەستبڵاوین و لێرەشەوە تەنها چینە خاوەن ئیمتیازەکان قازانجیان لێدەکەن نەک گەلی سادە. هەندێک نووسین ناسراون، کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی چوارەمی پێش زایین و تێیاندا هونەرمەندان لەبارەی ئامانجە گونجاو راستەقینەکانی هونەر دانوستان دەکەن، بۆ نموونە سێ بەرهەمی "گوو کاییتسهی" گەیەنراون، کە سەبارەت بە هونەری شێوەسازی نووسراون. ئەوەش هەروەها نائاسایی نییە، گەر لە سەردەمی درەنگتردا نووسینی هەمان کەس بە هەمان شێوە لەبارەی هونەرو بەرهەمە هونەرییەکان ببینرێتەوە. کاریگەرییە ئایینی و فەلسەفییەکان لەسەر هونەر، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، زۆر بڵاو بوو بوونەوە، بەڵام ئەم حاڵەتە هەردەم ئاوها نەبوو. لە هەموو قۆناغێکی چیندا بەئاسانی بەرهەمی هونەری دەبینرێن، کە بە هیچ شێوەیەک گرنگی بە فەلسەفەو ئایین نادەن. "لائۆتسی" لە دەوری ٣٠٠ی پێش زاییندا، لە روانگەی دائۆییزمەوە پلانێکی هزریی ماتەریالیستی و ئێستێتیکی فۆرموڵە کرد. دائۆییزم وای پێشبینی دەکرد، کە یاسای سروشتی هەن و بە گشتی چواندنیان هەیە، ئەمەش دژبێژییەکی ئاشکرا بوو بەرانبەر بەرژەوەندییەکانی کەمینەی فەرمانڕەوا. فەیلەسوف "وانگ شۆنگ" (سەدەی یەکەم) بە گرنگترین نوێنەری قۆناغی پەڕینەوە رووەو ئێستێتیکی چەرخی نێڤینی چین دادەنرێ. وانگ شۆنگ گریمانەی تۆخمێکی بناغەیی دەکرد (بەناوی "کی" qi)، کە تایبەتمەندە بە سەرجەم جەوهەری ئەستوویی و گۆڕانە یاسامەندەکانی، هەروەها بە پێرسەپسیۆنی (ئیدراک) مرۆڤیش. لێرەوە جیهانی ئەستوویی بۆ ئەو برێتی بوو لە سەرچاوەی پێشبینیی جوانی و ناشرینیش؛ راستیی هونەری بۆ وانگ شۆنگ یەکانگیر بوو بە هەقیقەتە دراوەکان. "سائۆ پی" (١٨٧-٢٢٦) لەم جۆرە لێهزرینانەوە سەرچاوەی گرت، بەڵام ئەم نەک تەنها ناوەڕۆکی وەک مۆرکی جوانێتی (das Schöne) دەبینی، بەڵکو هەروەها بەڕوونی رەچاوی فۆرمیشی



دەکرد."کسی هێ" (٤٧٩-٥٠٢) ئەم پێشبینیانەی لە "شەش پرنسیپەکەی شێوەسازی"دا کۆنکرێتیزە کرد. ئەم شەش پرنسیپە بۆ ئەو برێتی بوون لە: دەربڕینی کرۆکی دیاردەکانی ژیان؛ هونەری شێوەسازاندن بە فڵچە؛ بەکارهێنانی رەنگ بە گونجاوی لەتەك کارەکتەری بابەتەکەدا؛ کۆمپۆزیسیۆن (تەرکیب)؛ گونجاویی فۆرم بە شتە ریالەکان؛ لاساییکردنەوەی باشترین نموونەکانی رابوردوو. سوو شی (سوو دۆنگپۆ، ١٠٣٦-١١٠١) ئاماژەی دا بە رۆڵی سروش (ئینسپیراسیۆن)و بەهرەمەندی. بەڵام ئێستێتیکی چینی، سەرباری ئەم لێهزرینە هەمەلایەنیانە، لە سەردەمی دواتردا نەیتوانی زۆرتر ئاوەڵا بێ، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی کەمی هێزە بەبەرهەمەکانو وشکهەڵهاتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو فۆرمە فیۆدالی یان کۆنترەکاندا. ئەو کۆبەرهەمە لەبارەی هونەری شێوەسازی، کە سەدەی هەڤدەیەم لە لایەن "ڤانگ گای" بڵاو کرایەوە، بە دەگمەن زۆرترە لە کۆکراوەیەکی تێڕوانینە کۆنەکان. ئەو تێڕوانینانە دوور لە سنوورەکانی چین کاریگەرییان نواند.

### ٢-٢ هیندستان

ئێستێتیکی هیندستانیش، کە کەمتر لە ئێستێتیکی چین دەوڵەمەندانە شکۆفەی کردبوو، لە دۆخێکی هاوشێوەدا بوو. پێدەچێ رێکخراوی وشکی کاستییانە کاریگەرییەکی سستکەری نواندبێ، ئەمەش تەنانەت دوای هەڵمەتهێنانی بودیزم لە دژی براهماتیزم لە سەدەی شەشەمی پێش زایینی بەدوواوە. زووترین نووسینی ناسراوی ئێستێتیك دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەم، ئەم نووسینە بەتایبەتی پێکهاتووە لە دەستوور بۆ پێگەیاندنی ئەکتەران. ئینجا لە سەدەی شەشەمدا نووسینێکی بەناوبانگ بە ناونیشانی سیلپا ساسترا (Silpa Sastra) سەری هەڵدا، کە ئاماژەی بەربڵاو بۆ دروستکردنی گوندو خانووی گوزەران، پەرستگاو تەلار، بەڵام هەروەها بۆ چۆنێتیی دانانی پەیکەر بە پاڵ تەلارەکانەوە، لە خۆ دەگرێ. فەیلەسوف ڤامانا (سەدەی هەشتەم) لەتەك پرسیارەکانی ستیلی هۆنراوەدا خەریك بوو. لە سەدەی دەیەمدا کێشەکانی ناوەرۆکی شاراوەی هونەر خرانە بەر باس. ئەبهیناڤاگوپتا دەرککردنی ئێستێتیکیانەی لکاند بە تێگەیشتنی ریالێتییەوە.

## ئەورووپای ئەنتیکە

### ٣-١ گریکستان

ئێستێتیك لە گریکستانی ئەنتیکە، لە پەیوەندییەکی چڕدا بە ئاوەڵابوونێکی مەزنی هونەرەوە، گۆڕانی رووەو لوتکەیەکی تایبەتی بینی، کە کاریگەرییەکەی هەتا نوێترین سەردەم خایاندوویەتی. لەم گۆڕانەدا میتۆلۆژیای گریك، کە پێشبینییەکانی خواوەندایەتیی مرۆڤاندبوو، هەروەها گۆڕانی زانستە سروشتییەکان، بە تایبەتی ماتماتیك، بەشدارییەکی کرۆکییان هەبوو. لە هونەردا هەتا رادەیەك راستەخۆ کار بە دۆزینەوەکانی ئەو زانستانە کرا (بۆ نموونە رێژە لە بیناسازیدا)، بەڵام هەروەها بەشداریش بوون لە پلەی بەرزی تێکچڕینە تیۆرییانەکانی ئەو لێهزرینە زانستیانەدا، کە بە کێشەی ئێستێتیك تایبەتمەند بوون. کاتی گەشانەوەی ئێستێتیك دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمو چوارەمی پێش زایین لە قۆناغی بەپڕی ئاوەڵابووی دیموکراسیی پۆلیسدا بە پەیوەندییە بازرگانییە جیهانییە فراوانەکانییەوە، بەڵام هەروەها بە ئاوەڵابوونی کەسی تاکی خۆرێکخەرەوە لەنێو سەرجەمێتیی پۆلیسدا. نێوەندەکانی گۆڕانی ئێستێتیك بەتایبەتی برێتی بوون لە شارە کۆلۆنیستەکانی سەر رۆخەکانی ئاسیای بچووك، پاشان سیسیلیا (سقلیە)و ئیتالیا؛ بەڵام ئێستێتیك لە وڵاتی دایکدا بەتایبەتی لە ئەسینا واتای پەیدا کرد. بێگومان تێگەیشت و دیاریکردنە ئێستێتیکییەکان لە سەردەمی زووتردا هاتبوونە ئاراوە. تەنانەت هۆمێر (نزیکەی سەدەی نۆیەمی پ.ز.) لەبارەی "جوانی" و "هارمۆنی" و هتد دەدوا، بێگومان بەبێ ئەوەی لە رووی تیۆرییەوە بییان چەسپێنێ. بۆ هۆمێر کاری بەبەرهەمی پیشەدەستییانە برێتی بوو لە بەدیهێنانی هونەری، ئەو هاوکات باوەڕی دەکرد، کە خوایەتییەك لەنێو ئێستێتیکێتیدا کاریگەرە. بە هەمان شێوە لە لای هێسیود (نزیکەی ٧٠٠ی پ.ز.) کاری ریال و میتۆلۆژی پێکەوە گرێدراون؛ هێسیود ئاگامەندییەکی مەزنی بۆ کێش (Maß) وەك کاتیگۆرییەکی ئێستێتیکی تەرخان کردو لە پەیوەندیدا بە کاری جوتیارییەوە دەیبینی. هێراکلیت (نزیکەی ٥٥٤ هەتا ٤٨٣ ی پ.ز.) چۆنێتیی ئەستوورییانەی روودانگەی بۆ روونکردنەوەی جوانێتی وەرگرت. لە روانگەی هێراکلیت هونەر لەنێو نەسازییەوە هارمۆنی دەهێنێ، ئەمەش "وەك دیارە بەرێی لاسایی سروشتەوە". دێمۆکریت (نزیکەی ٤٦٠-٣٧١ پ.ز.) کرۆکی جوانێتی لە رێکخراوییەکی چێژمەندانەی سیمەتری (تناسق) و هارمۆنیانەی کەرتەکانی سەرجەمێکدا دەبینییەوە. لە پێشبینییە کۆسمۆلۆژیو ئێستێتیکییەکانی پیتاگۆرییەکاندا زانیننومای ژمارەو پرۆپۆرسیۆن (رێژە) رۆڵێکی مەزنی بۆ جوانێتی و هارمۆنی دەگێڕا. بۆ سۆکرات (٤٦٩-٣٩٩ پ.ز.) جوان و چاك یەکانگیرن. لە روانگەی ئەم پێویستە هونەری شێوەسازی بەتایبەتی مرۆڤێك دروست بکات، کە چ بە هۆشو چ بە لەش جوان بێ. پلاتۆن (نزیکەی ٤٢٧-٣٤٧ پ.ز.) بە پێچەوانەوە رەچاوی چالاکیی ریالی سێنسیانەی (حسسی) مرۆڤ ناکات. لە روانگەی ئەم جوانی کارەکتەرێکی سەرسێنسیی هەیەو لەبەر ئەم هۆیەش لە شێوەی ئیدێدا روو دەکاتە توانستی هزرین، واتا روو دەکاتە زەینی مرۆڤ. شتەکان تەنها دەروێنەی ئیدێکانن، هونەریش تەنها لاسایی ئەم دەروێنەیە دەکاتەوە. پلاتۆن بەتایبەتی هونەرێك، کە لاسایی کردار بێ، بە شێوەیەکی نێگەتیڤ دەنرخێنێ، ئەویش چونکە، لە روانگەی پلاتۆن، مرۆڤ لەم لاساییەدا ناجەختە. پلاتۆن هاوکات جیاوازی لە نێوان هونەری لاساییکەر و بەدیهێنەردا دەکات (لەناو ئەم جۆرە هونەرانەدا بۆ نموونە تەلارسازی) و هونەری بەدیهێنەر لە سەرووی ئەوەی یەکەمەوە دادەنێ، هاوکات پەیوەست بە تێگەیشتنیەوە بۆ دەوڵەت هونەری هیرارشییانەی (هەرەمییانەی) میسری کۆن بەرز دەنرخێنێ. هاوکات لە سەدەی شەشەم بۆ پێنجەمی پ.ز. چیدی ئەفسانەکان وەك هەقیقەت نەدەبینران، بەڵکو وەك کەرەسەی گەیەنراو، بەم رێیەشەوە سەرلەنوێ پرسیاری راستی سەری هەڵدایەوە. سەبارەت بەمە تەنانەت ئەو تیۆریکانەش پەرچەکرداریان نواند، کە هۆنراوەیان وەك ئاخافتنی گرێدراو راڤە دەکرد (گۆرگیاس)و زانیننومای رەوانبێژییان دامەزراند، ئەویش کاتێك بونیادی رەوانبێژیانەی هەموو کۆمونیکاسیۆنێکی مرۆڤیان ئاشکرا کردو تەنانەت بۆ ئێستێتیکیش سوودمەندیان کرد. ئەمە لە لایەن تیۆریکە رۆمییەکانەوە، لەوانە سیسەرۆ، درێژەی پێدرا. لە هەمان مەغزادا ئاللێگۆرێز

(مەجاز)ی مۆرالیزەکەر لە راڤەو رەخنەی مێتۆلۆژییەوە گۆران پێدرا ( یەکێك لەو تیۆریکانە برێتی بوو لە پرۆدیکۆس). ئیستێتیکی گریکی لە لای ئەرپستۆتێلیس ( ٣٨٤-٣٢٢ پ.ز.) دەگاتە لوتکە. مەزنترین زاناکەی ئەنتیکە رەخنەی لە ئیستێتیکەکەی پلاتۆن گرت، بەلام هەروەها لە رەوانبێژو ئالیگۆریکییەکان؛ ئەم لە لێکۆڵینەوەی هونەری هەبووی گریکییەوە (دراما، ئێپۆس، موزیك، پلاستیك، شێوەسازی) گۆرانی دا بە تیۆوانینە ئیستێتیکییەکانی خۆی. هەوڵەکەی ئەرپستۆتێلیس، کە دیالێکتیکی ناوەرۆك و دیاردە و پەیوەندییان بە جوانێتیی هونەرەوە دیاری دەکات، بوو بە بناغەرێژی مێژووی ئیستێتیك. سازاندنی هونەری لە لای ئەرپستۆتێلیس روو ناکاتە ئۆبژێکتی تاکی سرەوتوو لەنێو شازێتیدا، بەڵکو روو دەکاتە کرۆك و یاسای ئۆبژێکت، روو دەکاتە رەهەندی سروشت لە دروستکردنی بابەتدا. بۆیە ئەرکی هونەری برێتییە لە ئیدیالیزەکردنی ئۆبژێکت بەگوێرەی کارەکتەرەکەی. بەرهەمی هونەری بەرێی چارەسەرکردنی چاکییەوە هەمیشە دەبێ بە شتێکی جوان، جا گەر تەنانەت ئۆبژێکتە سازێنراوەکە لە ئۆبژێکتە ئاساییەکە جوانتر نەبێ (تراژیدیا) یان تەنانەت لەژێر ئۆبژێکتە ئاساییەکەوە بێ (کۆمیدیا). ئەرپستۆتێلیس، لەپاڵ ئەم پەیوەندییەی جوانێتیی هونەر لەتەك بابەتی هونەریانەی سازێنراودا، ئەو چۆنێتییانەی جوانێتی وەك دراو دادەنێ، کە ناخەکین بە فێهیە چێژمەندەکەی ئەو جوانییە (پرۆپۆرسیۆن، رێکخراوی، دیاریکراوی). ئەرپستۆتێلیس هاوکات هەوڵ دەدات پەیوەندیی نێوان چاك و جوان دیاری بکات. لەم روانگەیەوە هونەر لە خزمەتی بزواندنی هەستی تایبەتی و کاتارزیسی (خاڵیکردنەوەی) ئەو هەستانەدایە، لە خزمەتی شادیبەخشین و حەواندنەوەی رەسەندایە. ئەمە لە روانگەی ئەرپستۆتێلیس بەتایبەتی بەو رێیەوە بەدیدەهێنرێ، گەر کرداری هونەری برێتی بێ لە هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤی جیاواز، ئەمەش بە چەشنێك، کە "هەروەك چۆن کردارەکە بشێ ئاوها بێ"، نەك پابەند بێ بە هەقیقەتە دراوەکانەوە (میمێزیس). بەم پێیە ئەو دارشتنە، کە هونەرییانە پیشاندەرە، شتێکی پارادیگماییە – میمێزیس واتای "دارشتنی سازێنەرانەی مرۆڤی کردارنوێن دەگەیەنێ".

**سەرچاوە:**

http://de.wikipedia.org/wiki/Ästhetik



# رسکان

سدیق عەلی دەینووسێت

# شوێنی........... بێ بەرامبەر

## بۆ چاك کردنی هەموو جۆرە شیعرێك

لەو رۆژانە هاورێیەکی نزیکم بینی، بە دەفتەرێکی پڕ کراووە چەندین کاغەزەوە سەری داخستبوو، خەریکی کارێکی ئەستەمو ناچار بوو، لە دەموو چاویدا دەبینرا، هیچ باوەری بەو کارە نەبوو، کە دەیکات، خۆمم بیر کەوتەوە کە چەندین کاری لەو شێوەیەم کردووە، تەنانەت زەمانێك کورێکی گەنج حەزی لە نووسینی شێوازی تازەی شیعر بوو، منیش هاوکاری تەواوم لەو بارەیەوە کرد، بەراستیش ئاسانتر بوو، کەسێکی ناشی بکەیتە شاعیر، نەك کەسێك کە پێشتر قالبێکی تەواو کرچی وەرگرتووەو هاتنە دەرەوەی نزیکە لە مەحاڵەوە، کاتێکیش تۆزێك لەشێوازی تازە تێگەیشت، یەکەم شیعری هاوچەرخی جنێونامەیەك بوو بۆ منی نووسی بوو وەك پاداشت بۆ ئەو ناخێرەی بۆم کردبوو، یان چەندین جار، بە داوای ئەمو ئەو پەخشانو نامەو شیعرم نووسیوەو بێئەوەی تۆزقاڵێك هەستی خۆمی تێدا بوو بێت، لەدواییشدا براو خوشکی تکار کار بوونەتە خاوەنو منیش لەو سەرەوە هاتومەتەوە نەك هیچم پێ نەبراوە، بەڵکو زۆر شتیشم لە دەست چووە، لەو هاورێ نزیکەی خۆمم پرسی، کە خەریکی چیە؟ ئەگەرچی لە دەموچاویدا ئەوەم بەدی کرد، کە کارێکی لەشێوەی کارەکانی من دەکاتو زوو زوو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەو شتانەی بۆ ئەوم نووسیوە، هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتووە بۆ خۆمیان بنووسمو بەناوی خۆمەوە بلاویان بکەمەوە.

دیاربوو بە هەندێك لەو شتانەی خۆی سەرسام بوو، کە بەناهەق بۆ کەسێکی تری دەنووسین، بە بێتاقەتیەوە ووتی: کێشە چیەو گەنجێکەو حەز دەکات وەك خەڵکی تر شتێك لە بازار بلاو بکاتەوەو دڵی پێ خۆش دەبێت، ئەوە ماوەی سێ شەوە من خەریکم شیعرەکانی بۆ چاك دەکەم، کاریشم بەوە نیە سوپاسم دەکات، یان نا؟

زانیم هاورێکەم تەنیا وەك کارێکی مرۆڤانە ئەمە دەکاتو مەبەستی هیچ شتێکی تر نیە، ئەگەرچی منیش ئەویش بەهۆی ئەو جۆرە کارانەوە ستەممان لە زۆر خەڵك کردووەو شتێکمان بەسەردا بریون کە هی ئەوان نیەو فێرمان نەکردوون پشت بەخۆیان ببەستن، ئاخر ئەوان سبەینێ منو ئەو هاورێیەم لەکوێ دێنن، ناملیکەیەکی وێنەداری تر بخەنە بازارەوەو شتێك پارەیان دەست بکەوێتو ژمارە مۆبایلەکەیان دوو کۆڵانی تر بڕواتو دوو نامەی مۆبایل پڕ بکەنەوە، منو ئەو هاورێیەم تاوانبارین لەوەی نەمانهێشت ئەوانە خۆیان پێ بگەن، هاتینو بۆمان نووسینو بۆمان دەسکاری کردنو چاپۆشیمان لە کرچیو کاڵیەکانیان کردو ووتمان دەستتان خۆش بنوسنو بلاو بکەنەوە کارەکانتان جوانن، منو ئەو هاورێیەم دڵنیام لە کۆتاییدا تەنیا ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە کە بڵێین، چاکەی سەربەخۆ سەر بە خاوەنەکەیەتی، هاورێکەم بە بزەیەکی نەرمەوە ووتی: ئەو گەنجە پەلەیەتیو چاوەرێی من دەکات، بۆ ئەوەی پێش رەمەزان نامیلکەکەی بکەوێتە بازار، ئەو نامیلکەیەی کە هاورێکەم تەنیا دەسکاری ناوی شاعیرەکەی نەکردووە، بەیانی دەکەوێتە بازارو لێ دەنووسرێت دیوانی.... لەنووسینی شاعیری لاو..... ناونیشان...... ژمارەی تێل ئاسیا..... سانا..... موبتێل..... ئیمەیل..... ناونیشان.... شار..... گەرەك..... کۆڵان........هتد.

# تەوار یەکەمین ڕادیۆی تایبەت بە ژنان لــە کوردســـتانو عــێراقدا

راپۆرتی گەرمیان حەمەخان

تەوار تاکە ڕادیۆی تایبەت بە ژنانە لە کوردستانو عێراق کە لە دوای شەڕی عێراق ـ ئەمریکا لە لایەن یەکێتی ژنانی کوردستان بە هاوکاری ڕێکخراوی (NPA)نەرویجی دامەزراوەو لە ٤/١١/٢٠٠٣ پەخشی ئاسایی خۆی بە سیستەمی (AM)دەست پێ کردووەو بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی بەرنامەکانی پەخش دەکرد. ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی ڕادیۆی تەوار هۆشیار کردنەوەی ژنانو کۆمەڵگایە دەربارەی ئەرکو مافەکانی ژنانو قسەکردنە لەسەر پرسەکانیان لە دەڤەرەکە، ساڵی پار لەسەر ئەرکی یەکێتی ژنانی کوردستان مەودای ڕادیۆکە فراوان کراو مانگی ئابی ساڵی پار پەخشی ئاسایی لەسەر سیستەمی (FM) لەسەر شەپۆلی ٨٨,٥ دەست پێکردو ژمارەی کارمەندانی زیاد کردو لە ئێستادا جگە لە پەیامنێر ١٧ کارمەندو ڕۆژنامەنووس کاری تێدا دەکات، بەشی ڕاگەیاندنی یەکێتی ژنانی کوردستان سەرپەرشتی دەکات. پەخشی ڕادیۆی تەوار ئێستا سنوورەکانی کەلار، کفری، خانەقی، جەلەولاو گوندەکانی دەورو بەری رووماڵ دەکات، گوێگرێکی زۆری لەو سنوورانەدا هەیەو ڕۆژانە بۆ ماوەی ١٢ کاتژمێر بە زمانی کوردی بەرنامەکانی بڵاو دەکاتەوە، چەندین بەرنامەی ڕاستەوخۆو تۆمار کراوی هەیە. لەوانە بەرنامە ڕاستەوخۆکان وەك بەرنامەی سەکۆی تەوار کە بەرنامەیەکی ڕۆژانەی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ بەرنامەی ژوانی تەوار کە لە هەفتەیەکدا سێ جار پێشکەش دەکرێتو بە یەکێك لەبەرنامە سەرکەوتووەکانی ڕادیۆکە دادەنرێت کە ژمارەیەکی زۆر گوێگری لەخۆی کۆکردووەتەوە بە تایبەت کوڕانو کچانی لاو لەگەڵ بەرنامەی بەیانیت باشو گەنجانو لەکۆمەڵەو زەنگی پرسیارو خواستی گوێگرانو زیاتر لەڕایەك، یاساو تەندروستی کە هەموویان ڕاستەخۆ پەخش دەکرێن لەگەڵ چەندین بەرنامەی تۆمار کراو وەك ئەدەبوهونەر، ئاوێزە، ئاسۆی منداڵان، وەرزش، هەرجارە ژنێك و گەشتێك بە ژیانەوەو کێشەکەت چییەو ئەتەکێت، جگە لە کۆمەڵێك گۆشەو برگەی ڕۆژانەو هەفتانە وەك چەمك، ئاسۆی یەکسانی، ژنان، لێرەوە لەوێ، وتاری ڕۆژو ڕاپۆرت، لە پاڵ ئەمانە گرنگی زۆر دەدات بە پرسەکانی ژنانو پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە گەڵ گەیاندنی هەواڵی ناوچەکە بە گوێگرانی کە یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی کارکردنی ڕادیۆکە. ئێستاش بە هاوکاری ڕێکخراوی (NPA) نەرویجی کار لەسەر پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژیو جێندەر دەکەن کە ڕۆژانە کورتە دیدارو دروشمو ڕیکلامو بابەتو هەواڵو هەفتانەش بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە ناساندنی توندوتیژی، توندو تیژیو پەروەردە، توندو تیژیو ئایینو گاریکەرییە دەروونییەکانی لە ڕادیۆکەوە پێشکەش دەکرێتو پرۆژەکەش ماوەی سێ مانگ دەخایەنێتو ئێستاش پرۆژەکە درێژەی هەیە.

ئەم ڕادیۆیە یەکەمین ڕادیۆی تایبەتە بە ژنان لە سەرتاسەری کوردستانو عێراق، هەروەك یەکەمین ڕادیۆی دەڤەری گەرمیانە کە بەسیستەمی (FM) بەرنامەکانی پەخش دەکاتو بەسیستەمی کۆمپیتەریش کارەکانی ڕایی دەکات. مامۆستا سەباح عەلی جاف بەڕێوەبەری ڕادیۆی تەوار دەڵێ "ئامانجی سەرەکی ڕادیۆکە هۆشیار کردنەوەی گۆمەڵگاو تاکی ناوچەکەو ژنانە بۆ شارەزاییو ئاشنابوون بە ئەرکو مافەکانی ژنان، هەروەها کار دەکەین بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزیو پێدانی زانیاری لەو بارەوە بە گوێگرانمان". ئێستا تۆڕێك پەیامنێری چالاکی لە شارەکانی کەلارو کفریو خانەقیو کەرکوكو دەربەندیخانو چەمچەماڵو سلێمانیو ڕزگاری هەیە. لە وەڵامی پرسیارێکدا کە بۆچی پیاوێك دەبێتە بەڕێوەبەری ڕادیۆیەکی تایبەت بە ژنان مامۆستا سەباح گووتی "ئێمە کار لەسەر نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی نەك ئەوەی کە دەبێت ژنێك ڕادیۆکە بەڕێوەبەرێت تەنها لەبەر ئەوەی کە تایبەتە بەژنان، گەر ئێمە بەو شێوەیە کار بکەین کەواتە ئیتر بۆچ باسی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی بکەین، ڕاگەیاندنی یەکێتی ژنانیش دیارە ئەوەیان پێ باشترە، ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە خزمەت کردنە بە ژنانو داکۆکی کردن لە پرسەکانی ژنان ئیتر ئەو خزمەتە لە لایەن ژنان خۆیانەوە بێت یان ئەو پیاوانەی کە بڕوایان بە مافەکانی ژنان هەیە، منیش ئێستا بە شێوەیەکی کاتی بەڕێوەی دەبەم، ئامادەشم هەر کاتێك ژنێکی بە توانا هەبێتو ئاماییو توانای ئەوەی تیابێت کە ڕادیۆکە بەڕێوەببات من بە خۆشحاڵییەوە قەبووڵی دەکەم".

ڤیان سابیر کە ماوەی ساڵێکە وەکو دەرهێنەر لە ڕادیۆی تەوار کار دەکات دەڵێت "من خۆم زۆر بە خۆشحاڵ دەزانم کاتێك لە گەڵ هاوکارەکانمدا دەتوانم خزمەت بە ژنانی ناوچەی گەرمیان بکەم کە زۆر بەیان بە هۆی نەهامەتییەوە نەخوێندەوارنو ناتوانن بخوێننەوە بەڵام دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ڕادیۆوە بە ئەرکو مافی خۆیان ئاشنابن دەبێت ئەوەش باش بزانرێت کە ژنانی ئێرە ژنانی پاش ماوەی ئەنفالو کارەساتو نەهامەتین". ڤیان بۆ



خزمەتکردنی ژنانی هەموو کورد داوای فراوانکردنی پەخشەکە دەکاتو دەڵێت "بۆ ئەوەی بتوانین خزمەت بە هەموو ژنانی کورد بکەین پێویستە ڕادیۆکەمان بۆ بکەن بە فەزایی بۆ ئەوەی هەموو ژنانی کورد بە ئەرکو مافی خۆیان ئاشنا بن، بۆچی عەرەب کەناڵی ئاسمانی ژنانی عەرەبیان هەبێت ئەی بۆ ئێمە کەناڵێکی تایبەت بەژنانمان نەبێت کە ڕووماڵی هەموو جیهان بکاتو باهەموو جیهان لە کێشەو پێشکەوتنەکانی ژنی کورد بگەن؟" ئارەزوو عەلی یەکێك لە بێژەرە دیارەکانی تەوارەو هەر بۆ خۆی جەماوەرێکی زۆری هەیەو ماوەی نزیکەی ساڵێك دەبێت لە تەواردا کار دەکات. ئارەزوو پێشتر لە ڕادیۆیەکی لۆکاڵی کاری دەکرد، بەڵام خەونەکانی لە تەوار دا دەبینێتەوەو دەڵێت "من بە بینینی ئەو هەموو نەهامەتییو بەدبەختییەی ژنانی دەڤەرەکەم هەستم دەکرد زۆر پێویستە لە تەواردا درێژە بە کاری ڕاگەیندن بدەم هەرچەندە من پێشتر لە ڕادیۆیەکی لۆکاڵی کارم دەکرد، بەڵام دەمزانی کە ڕادیۆیەکی تایبەت بەژنان ڕەنگە پێویستی من بێت، ویژدانی منیش بە خزمەتکردن بە ژنانی گەرمیان ئاسودە دەبوو بۆیە لەو ڕادیۆوە هاتمە تەوار ئێستا بە خۆشحاڵییەوە لێرە کاردەکەم". ئارەزوو وەك خۆی دەڵێ تا ئێستا خۆشەویسترینو نزیکترین هاورێی تەنها مایکە. ئەمیش وەکو تەواوی کارمەندانی دیکەی ڕادیۆی تەوار داوادەکات مەودای پەخشەکە زیاد بکرێت هیچ نەبێت تەواوی گەرمیان بگرێتەوە. بەڕێوەبەری ڕادیۆکە ئاماژەی بە کۆمەڵێك گرفت کرد کە پێویستە چارەسەر بکرێن وەك نەبوونی بینای تایبەتو گونجاو بەکارەکانیانو کەمی مەودای پەخشەکەیان کە ئێستا کار بۆ فراوان کردنی دەکەن، لەگەڵ پچڕانی بەردەوامی کارەباو کەمی کادری ڕاگەیاندنی ژن لە سنوورەکەدا کە تەوار خۆی هەوڵ دەدات لەم ڕووەوە دەستپێشخەر بێت، هەروەها کەمی خەڵکی پسپۆر بۆ بەرنامە ڕاستەوخۆکان کە پێویستمان بەو کەسانە هەیە.

تەوارلە دەڤەرەکەو لە نێو سەرجەم چین وتوێژەکاندا گوێگری خۆی هەیە.

محەمەدحسێن ڕۆژنامەنووسو ڕووناکبیر کە یەکێکە لە گوێگرانی تەوار گووتی "بەڕای من برێکی زۆری ئەو مەرجانەی کەبۆ دروستبونی میدیایەکی بێلایەنی بابەتی ئازاد پێویستە لەناو کارو چالاکیەکانی ڕۆژانەی ڕادیۆی تەواردا بەدی دەکرێت، هەر ئەمەیشە وای لێکردووە ببێتە دەنگێکی جدی بیستراو لای ئەو کەسانەی مەبەستیانە ئاگاداری هەواڵو



روداوەکانی ناوچەی گەرمیان بن. من تارادەیەك ڕۆژانە گوێ لەبەرنامەکانی ئەم ڕادیۆ دەگرم، واهەست دەکەم دووبارە بونەوەی ڕۆژەکان نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەم ڕادیۆیە شتێکی تازەو زیندوی پێ نەمێنێت پێشکەشی گوێگرانی بکات، ئەمەیش بەری ماندووبوونو هیلاکی ستاف بەڕێوەبردنی ڕادیۆکەمان نیشان دەدات". هەروەها دەڵێ "بایەخدانی زیاتری ئەم ڕادیۆیە بەناوچەی گەرمیانو ئەو کێشەو ڕوداوانەی لەم ناوچەدا ڕوویداوە من بەشتێکی باشی دەزانمو وەك نهێنی سەرکەوتنی ئەم ڕادیۆیەی دەبینم، چونکە گوێگر بەلایەوە گرنگە ئەو شتەی میدیاکانی سەنتەر فەرامۆشی دەکەن لێرە ببێتە بابەت، هاوکات ئەو شتەیش بابەتی میدیاکانی سەنتەرە جارێکی دی بێتامانە لەدەزگا لۆکاڵیەکاندا نەجوێتەوە. لە درێژەی قسەکانی ئاماژەی بەوەشکرد کە باش هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئەم ڕادیۆیە تائێستا کردویەتی ناکاتە ئەوەی کەئیدی بێ کەڵێنەو تەواوی داواو خواستی گوێگرانی وەڵام داوەتەوە، هێشتا زۆر شت ماوە بکرێتو گووتی "زۆر کێشەی هەستیارو سەخت لە گەرمیاندا هەیەو تائێستا میدیا نەیتوانیوە ڕۆشنایی بخاتە سەر، زۆر گرفت هەیە بەبەردەوامی چاوەڕێی میدیای جدی دەکات بیوروژێنێت، بەڕای من ئەمە دەکرێ ڕادیۆی تەوارو دەزگاکانی هاوشێوەی ئەم ڕادیۆیە پێی هەستێت. لەڕووی تەکنیکیەوە، بەتایبەتی لەبەرنامە ڕاستەوخۆکاندا هەندێك جار گرفتو لاوازی بەدی دەکرێت، هیوادارم بتوانن لەوە نەفەس درێژترو ماندونەناسترین کەئەم گرفتانەیان بەسەردا تێپەڕێت".



# ئەحمەدئاغای پشدەر ١٨٩٠ - ١٩٨٥

کامەران عەبدە ساڵح

خوالێخۆشبوو (ئەحمەدی حەمەئاغای پشدەر) یەکێك بووە لەکەسایەتیە ناودارەکانی دەڤەری پشدەر لە ساڵانی سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی نواندنی هەڵوێستە بەرزو نیشتیمانییەکانیەوە توانیویەتی مێژوویەکی درەوشاوە بۆ خۆی تۆماربکات کە تا دنیا دنیایە نەتەوەکەی شانازی پێوەدەکات. ناوبراو ساڵی ١٨٩٠ لەگوندی (بێشیر)ی سەر بە قەزای پشدەر لەدایکبووە، هێشتا تەمەنی چوار ساڵان بووە کە نێردراوەتە حوجرە بۆ خوێندنی ئایینی، لە تەمەنی لاوێتیدا بۆ خوێندنی (ڕوشدیەی عەسکەری) چۆتە سلێمانیو دواتر هەر بۆ درێژەدان بەخوێندن لەو بوارەدا گەیشتۆتە کەرکوک، دوای تەواوکردنی خوێندن بە ئاستێکی بەرز هاتۆتەوە پشدەر، ساڵی ١٩١٣و لەتەمەنی ٢٣ ساڵیدا کراوەتە کاتبی قایمقامیەتی قەزای پشدەر.

دوای ڕاگەیاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی نەمر، ئەحمەدئاغا دەکرێتە ئەفسەری پۆلیسی قەڵادزێو دەربەندی ڕانیە. ئەحمەدئاغا یەکێك بووە لەو کەسایەتیە مەیدانیو شۆڕشگێڕانەی کە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٢دا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە دارشتنی نەخشەی شەڕی دەربەندی ڕانیە کە هێزە عەشایەرەکانی ناوچەکە لەو ساڵەدا دژ بە ئینگلیزەکان بەرپایان کردو بووە هۆی ڕاوەدونانی ئەو هێزە بەریتانیەی کە لە دەربەندی ڕانیە جێگیرکرابوو، ئەحمەدئاغا جگە لە بەشداربوونی لە دانانی نەخشەی هێرشەکاندا خۆیشی وەك جەنگاوەرێك بەشداری ئەو شەڕەی کردووە. دوای تەواوبوونی شەڕی دەربەندی ڕانیە، دەستپێکردنی جموجۆڵی هێزە سەربازیەکانی ئینگلیز لە ناوچەکانی پشدەرو بۆسکێنو مەرگەدا، لەلایەن نوێنەری ئینگلیز لە باکوری عێراقەوە، ئەحمەدئاغا بانگهێشتی شاری هەولێر دەکرێت، لەوێ داوای لێدەکرێت کە لەگەڵ کەسایەتیەکی دیکەی ناوچەکەدا کە خۆیان دەستنیشانی دەکەن تەشکیلاتی ئیداری لە دەڤەری پشدەر دابمەزرێنێت، بەڵام ئەو پێیان دەڵێت کە بارودۆخەکە لە ئێستادا ئارام نیە بۆ کارێکی لەوجۆرەو پێویستە ماوەیەك ئارام بگرن تا ڕەوشەکە هێور دەبێتەوە، نوێنەری ئینگلیز ئەگەرچی قسەکانی ئەحمەدئاغا بەهەند وەردەگرێت، بەڵام بەڵێنی ئەوەی لێوەردەگرێت کە هەرکاتێك دەرفەت هاتەپێش ئەوا ئەو کارە ئەنجام بدات، ئیتر موچەیەکی مانگانەی بۆ دابین دەکەن. کاتێکێکیش هێزی سەربازی ئینگلیز سەرلەنوێ ناوچەکەیان خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، جارێکی تر داوا لە ئەحمەدئاغا دەکەن کە بێ سێو دوو هەوڵ بدات بۆ تەشکیلاتی ئیداری، هەرچەندە سەرەتا ڕازی نابێت بە جێبەجێکردنی داواکاریەکەیان، بەڵام دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت لەوەی کە پشتگیریەکی ئەوتۆی لێناکرێت لەلایەن هێزی عەشایەری ناوچەکەوە، بە ناچاریەوە داواکاریەکە پەسەند دەکات.



لە بەرواری ٢٥/٣/١٩٣٨ لەلایەن (جەمیل مەدفەعی)ەوە بڕیاری قەزای پشدەر دەردەچێت، دوای چەند مانگێكو لە ڕۆژی ١٥/٨/١٩٣٨ ئیدارەی مەلەکی لە عێراق بڕیارەکە ئیمزا دەکات، بەپێی ئەو بڕیارەی ئەوسای حکومەتی ناوەندی عێراق، قەڵادزێ ناوەندی قەزای پشدەر دەبێت، بنگردیش وەك ناوەندی ناحیەی مەرگە دەستنیشان کراوە. لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردودا ئەحمەدئاغای پشدەر وەك نوێنەری ناوچەکەی خۆی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەوسای عێراقدا دەستنیشان دەکرێتو بێ دوودڵی قبوڵی دەکات، لە چەندین کۆبونەوەی ئەنجومەنی ناوبراودا خواستو داواکاریەکانی خەڵکی قەڵادزێو دەوروبەری لە ڕووی خزمەتگوزاریە جیاجیاکانەوە خستۆتەڕوو. ئەحمەدئاغا ئەوەندەی لە توانایدا بووە لەخزمەت گەیاندن بە نیشتیمانەکەی درێغی نەکردووە، هەمیشە ڕاوپێشنیارەکانی لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە بە هەند وەرگیراوەو کەم تا زۆر کاریگەری هەبووە، مرۆڤێکی سەرڕاست بووە بۆ خاکەکەیو هەردەم خۆی لە ئاستی لێپرسراوێتیدا بینیوەتەوە، جگە لە زمانی زگماکی خۆی، زمانەکانی تورکیو فارسیو عەرەبیشی زانیوەو سودی لێ بینیون. دوای ئەوەی پیری بێهێزی دەکاتو نەخۆشی ژیانی ئاڵۆز دەکات، شەوی ٢٩/١٢/١٩٨٥ لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا لە ئۆردوگای پێماڵك لە دەڤەری پشدەر بۆ دواجار چاوەکانی لێکناو ماڵئاوایی لێکردین.

# چۆن ئۆبراین ناناسی

ن:عەزیز نەسین

و: هەڵگورد ئەحمەد عومەر

ماوەی سێ مانگ شەوو رۆژخەریك بووم تا بەهەزاران دەردەسەری رۆمانێکم نوسی، راستیتان دەوێ رۆمانێکی باش دەرچوو.. رۆمانەکەم بردە لای سەرنوسەری رۆژنامەیەك.. سەرنوسەر بەبێ ئەوەی چاوێك بە رۆمانەکەدا بخشێنێ، گووتی: ئێمە رۆمان چاپ ناکەین.... گووتم: لانی کەم بیخوێنەوە بزانە چۆنە..گوتی: هیچ سوودی نیە. خەڵك حەزیان لەو جۆرە رۆمانانە نیە.. رۆمانەکەم برد بۆلای خاوەن چاپخانەیەك..تا من خەریك بووم باسی رۆمانەکەی بۆ بکەم ئەو بێماتەڵ بوون وەڵامی دامەوە: ئێمە تەنها بەرهەمی وەرگێڕدراو چاپ دەکەین....رۆیشتم بۆلای یەکێکی دیکە ئەویش گووتی: ئەگەر بەرهەمو رۆمانی وەرگێڕدراوت لایە بیهێنە، نوسین‌و بابەتی نوسەرانی خۆمان کڕیاریان نیەو بەکەڵکمان نایەت...بەکورتی دەچوومە لای هەریەکێکیان هەروەك ئەوەی" تفیان لەدەمی یەکتری کردبێ" هەمان وەڵامیان دەدایەوە.... لەکۆتاییدا ئەو رۆمانەی کە ماوەی سێ مانگی تەواو کارم لەسەرکردو بەهەزار ئومێدو ئارەزوو نوسیبووم وەکو منداڵێکی حەرامزادەی فڕێدراوی بەردەرگای مزگەوتەکان لەسەردەستمم دانابوو!! خوا لە باوکی برادەرێکم خۆشبێت کە رێنمایی کردم.. هاوڕێکەم گووتی: برا تۆش وەکو نوسەرانی دیکە فێڵیان لێبکە...

- فێڵی چی؟ بۆ نوسەرانی دیکە چ دەکەن؟.

- ئەوانە رۆمان لە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی وەردەگێڕن‌و لەجیاتی ناوی" جۆنسون" دەنوسن"ئەحمەد"و ناوی "تۆماس" دەکەن بە" محەمەد"و بەم شێوەیە تەواوی ناوی کەسایەتیەکان‌و کات‌و شوێنەکان دەگۆڕن‌و بەناوی خۆیانەوە بە کتێب یاخود بە چەند بەشێك لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاویدەکەنەوە.

بەدۆستەکەمم گووت:من پێویسم بەوە نیە رۆمانە بیانیەکان بەناوی خۆمەوە بکەم.. ئەو رۆمانەی نوسیویشمە خراپ نیە، بەڵام هیچ چاپخانەیەك بۆم بڵاوناکاتەوە. ئەوان رۆمانێکیان دەوێت وەرگێڕدراو بێت لەزمانی بیانیەوە..

هاوڕێکەم بە زەردەخەنەیەکی مانادارەوە گوتی: باشە، تۆ پێچەوانەی ئەوان بکە...نوسەرانی دیکە نوسینە بیانیەکان بەناوی خۆیانەوە بڵاودەکەنەوە.. تۆ بە پێچەوانەی ئەوان بکە...سەیرم کرد راست دەکات، دانیشتم هەرچی ناوێکی خۆمانەی ناو رۆمانەکەم بوو گۆڕیم بەناوی ئەمریکی! نەخشەیەکی شاری نیویۆرکم پەیدا کردو لەجیاتی ناوی کۆڵان‌و گەڕەکەکانی خۆمان ناوی گەڕەك‌و کۆڵانەکانی نیویۆرکم دانا. کاتێك رۆمانەکەم تەواو کردو سەرە گەیشتە سەر ئەوەی ناوی نوسەرەکە کە خۆمم چ دابنێم، ناوێکی خەیاڵی ئەمریکایم بەناوی(مارك ئۆبراین)داهێناو لەژێریشیەوە ناوی خۆمم وەك وەرگێڕ نوسی!و بردم بۆلای خاوەن چاپخانەیەك کە پێشتر وەڵامی نەدەدامەوە گووتم: رۆمانی نوسەرێکی بەناوبانگی ئەمریکاییم بەناوی مارك ئۆبراین بۆهێناون... جەنابی بە بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە گووتی: زۆر باشە.. بەڵام ئەو مارك ئۆبراینە کێیە...

بەسەرسوڕمانێکەوە وەڵامم دایەوە: تۆ چۆن مارك ئۆبراین ناناسیت؟ مارك ئۆبراین نوسەرو شاعیرو فەیلەسوفێکی ئەمریکایی زۆر بەناوبانگە! بەرهەمەکانی بۆتەواوی زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراون!!! سەرتان نەیەشێنم کابرا بەبێ ئەوەی بیخوێنێتەوە قبوڵی کردو گووتی: چەند دێڕێك دەربارەی بیۆگرافیاو بەرهەمەکانی ئەو نوسەرە ئامادەبکە... هەر لەوێ قەڵەمم هەڵگرت‌و دەستم کرد بەنوسین سەبارەت بە(مارك ئوبراین) نوسەری بەناوبانگی ئەمریکایی‌و نوسیم: دوا شاکاری ئۆبراین بەناوی" جەنگی ژیان" ئەمریکای هەژاند! لەماوەی یەك مانگدا چوار ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە! ئەو شاکارەی بۆ تەواوی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە، پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی دەکەین. دواتر سەبارەت بە مارك ئۆبراین نوسیم: ئەو بچووکترین کەسی خانەوادەیەکی حەڤدە نەفەری بوو، باوکی لە فیلادلفیا فرۆشیار بووە... دەیەویست کوڕەکەی ببێتە قەشە، بەڵام مارك چواردە ساڵی تەواونەکردبوو کە بەهۆی ئەوەی دەرزیەکی کردبوو بە ق.....ماموٚستاکەیدا لە قوتابخانە دەرکرا! مارك وەك زۆر لە بەهرەمەندانی دیکە چەندین کاری جۆراوجۆری ئەنجامداوە.. ماوەیەك ماسیگربووە، چەند ساڵێکیش قاچاغچیەتی کردووە، زێڕنگەری کردووە، هەروەها فرۆکەوانیشی کردووە، لە چل ساڵیدا یەکەمین رۆمانی لە گۆڤاری



نیویۆرکەردا بڵاوکردەوە..و خەڵاتی بۆلتیرزی بردەوە. شێوازی سەیرو سەمەرەی لەنوسینەکانیدا بۆتە هۆی ئەوەی خوێنەرەکانی بە حەزو ئارەزویەکی سەیرەوە نوسینەکانی بخوێننەوە.. هەرچەندە خەڵکی سادە سەر لە نوسینەکانی ئەو دەرناکەن بەم حاڵەشەوە بۆ بەدەستهێنانی کتێبەکانی چەند سەعاتێك لەسەرەدا دەوەستن....

خۆتان دەتوانن پێشبینی بکەن چ قەوماو چاپی رۆمانەکەم چ هەرایەکی بەرپاکرد.. ناوبانگی( مارك ئۆبراین)و وەرگێرە دەستڕەنگینەکەی(واتە خۆم)بەشێوەیەك باڵای کرد کە تەواوی خاوەن چاپخانەو کتێبفرۆشەکان هەمیشە بەدوامەوە بوون‌و شێلگیرانە دەیانەویست بەرهەمەکانی مارك ئۆبراینیان بۆ وەرگێڕم!!...تا ئێستا من لەلایەن مارك ئۆبراینی خەیاڵیەوە بیست‌و حەوت رۆمان‌و شانۆنامەم وەرگێڕاوەو بەردەوامیش دەبم‌و تا لەژیاندا بمێنم وازی لێناهێنم. پێویستە ئەوەش بڵێم کە شاکاری من بە دروستکردنی(مارك ئۆبراین) کۆتایی نەهاتبوو. ناوێکی دیکەم بەناوی"جاك لامبەر" داهێناو چەندین کتێبم لەسەر زاری ئەو نوسی‌و ئێستا ئێوە جاك لامبەر لەمن باشتر دەناسن!و کتێبەکانی وەکو نوقڵ‌و نەبات دەکڕن. دوای ئەوە دەستمکرد بەوەرگێڕانی بابەتی هیندی‌و چینی‌و ژاپۆنی‌و کۆری‌و تیبتی... ئەم کارەم لە هەموو شاکارەکانم زیاتر قازانجیکرد چونکە تا ئەو رۆژە هیچ کەسێك لە وەرگێڕەکانی وڵاتەکەم بیریان بۆ ئەوە نەچوو بوو بەرهەمەکانی چین‌و ژاپۆن بخەنە گەڕ. بەم شێوە سەرنجڕاکێشە ئەوەندەم کتێب وەرگێڕاوەو چاپکردووە کە ئەگەر رۆژێك بۆ نمونە" ئەمریکاییەك بیەوێت مێژووی ئەدەبیاتی ئەمریکا بنوسێتەوە هیچ چارەی نیە جگە لەوەی بێت‌و نوسینەکانی من بخوێنێتەوە تا تێبگات نوسەرو شاعیرەکانی وڵاتەکەی چ کەسانێك بوون!!"....

# شەش تیلماسکە شیعر



حەمید قەڵادزەیی

ــ ١ ــ

***ئەجندای عیشق***

عیشق لەڕووبارو
ژیان لەدەریا..
من‌وتۆش لەدووکەناری تەڕ دەچین
کاتێک ڕووبار، لەتینوان زمانی دەشکێ
دەریا بۆ مۆنۆمێنتێک‌و
من‌وتۆش
بۆ دووتاشەبەرد دەگەڕێین

ــ ٢ ــ

***بەجێمانی یادگارێک***

لەکۆتایی ڕاموسانی دواژوانماندا
تاڵێکی قژی قەترانیت
لەنێوانی پەنجەکانم بەجێ مابوو
زۆر هەوڵمدا، وەک یادگاری نێوانمان بیهێڵمەوە
بۆکاتەکانی نادیاریت، لەسەرسینگم‌و
بۆجێ ژوانیش
لەسەر ڕێگای پەنجەکانت بینێژمەوە

ــ ٣ ــ

***تەوقە***

لەوکاتەوەی تۆم ناسیوە
دەستی ڕاستم لەدەستی چەپ، خۆشتردەوێ
چونکە لەگەڵ هەر تەوقەیەکی من‌وتۆ
تەنها بەنەرمە گوشینێک
دڵی شێتم، ئارام دەگرێ‌و تێر دەسرەوێ

ــ ٤ ــ

***بەراوردێک***

ئەوا جەژنەو
***باڵەخانەکانی شارم***
تەزین لەقاقاو پێکەنین
سێبەری کۆشکەکانیشیان
خۆرەتاوی لە کۆختەکانیش
دزیوە !
بەڵام سەیرە ...
لەبەرامبەرپاکیزەیی، ژنەڕاڵەپێخواسەکان
هەژارێکن، چاویان لەزەکات بڕیوە!

ــ ٥ ــ

***لەسێبەری حیزبدا***

نۆتەشکاوەکانی
دڵۆپەبارانی ئەشکەوتان
لەخەزانستانی دڵم ومەرگی حەزەکانم دەچێ !
کەچی بۆ کۆچەریەکانیش
دەبێتە وێستگەی پشوودان..!

ــ ٦ ــ

***ململانێ***

لەوەتی هەم وەک‌و باراش
لە نێوانی دوو بەرداشم..
کەچی سەیرە
نە من سۆم لێ پەیدا دەبێت ..
نە ئاشەوان،لەهاڕینم ماندوو دەبێ !

# تۆ کە لە مردن دەگەڕێیتەوە

ئیبراهیم ناودەشتی

دەزانم ئێوارەیەکی درەنگ تەنها دەمرمو
هەمیشە خەیاڵی زیندووبوونەوە بە تۆوە
دەکەمەوە
شارستانییە لەناوچووەکان تەنها لە
"مێژوو"دا لەدایک بوونەتەوە
منیش لە قاقاکانی تۆدا
کە تۆ سەرمەستی پێکەنینو خۆشنوودیی
ئاگات لێ نییە، من لە تەک تۆوە وەستاومو
پێدەکەنمو زیندوو بوومەتەوە
لە نێرگزەجاڕێکی خەودا
کە دوو چاوی نێرگزیی تۆی نووقاندووە
من دەمێکە لە مردن گەڕاومەتەوە لەتەکتا
ڕاکشاومو ئێشکم گرتووی
(بیرتە جاران، پێم دەگووتی:
من عومرێکی ترم دەوێ بۆ پەیبردن بە
چاوەکانت؟!)
دەریاوانە کارامەکان قووڵایی دەریاکان تەی
دەکەنو
بە هێشووە مەرجانی بەختو یەقبال
دەگەڕێنەوە
منیش لە ناخی خاکەکانەوە خۆڵی دونیا
دەخۆمو
تا بە خۆم دەزانم هاتوومەتەوەو ملوانکەی
یادەوەرییەکان دەکەمەوە ملت
(ئاخۆ جاران، دەتزانی:
یادەوەرییەکانیشمان - وەکو خۆمان - نەمر
دەبن؟!)
دەزانم لە غەریبیو غروبێکدا تەنها
دەمرمو
بوزییەکان ئاگر لەسەر جەستەم دەکەنەوە
من وەکو "قەقنەس" دەفڕمو
دێمەوە خۆم شەڵاڵ دەکەمەوە بە پرژەی
قژە تەڕەکانی تۆ
کە تۆ تازە لە "گەرماو" گەڕاویتەوە

بە دەرگا یان پەنجەرەکاندا خۆم دەکەمەوە
بە ژوورەکەتدا
کە جەستەو ڕۆحی تۆ هەمیشە "کرانەوە"ی
دەوێ
(بیرتە جاران، دەتفەرموو:
داخران یانی مردن؟!)
هەر خانەیەکی لەشی تۆش پڕیەتی لە ژیان
هەر خانەیەکی لەشی تۆ ئاشنایە بە
دوورترین پنتی گەردوون
هەر جووڵەیەکی لەشی تۆ جووڵەیەک
دەخاتە گەردوون
دایکم (گەر مابێو سەفەری من سکی
نەسووتاندبێ)
خەبەری نییە من لەو دونیا گەڕاومەتەوەو
وام لای تۆوە
وا بوومەتەوە فەیلەسوفێکی سەراسیمە
بەرامبەر هەر جووڵەیەکی تۆو جووڵەیەکی
گەردوون
باوکم (گەر وەجاغکوێریی نەیکوشتبێ)
ئاگادار نییە وا بوومەتە پێغەمبەرێک وام
لەناو کایەی شەپۆلدانی سەماکانی لەشی
تۆ..
سپێدەیەکی زوو، کە چاوە نێرگزییەکانی تۆ
هێشتاکە نەپشکوتوون
ئاگات لێ نییە من وام لەتەکتەوە ڕاکشاومو
باوەشم پیا کردووی
کەنیزەکانت دێنە سەرمانو
بە گریەو لەخۆدانەوە هەواڵی مردنی تۆ
دەگەیەننە دوورترین گۆشەو کەناری دونیا
لە هاواری کەنیزەکانت بەخەبەر دێیتو
تەماشام دەکەیتو پێدەکەنیتو..
منیش وام لای تۆ، زەمانێکە چاوەڕێم:
خەبەرت بێتەوە!

# پەنجەم لەدڵم دەچێ

کارزان قەڵادزەیی

کەنار لەشیعری من دەچێ
کاتێ شەپۆل ماچی دەکا
شیعریشم لەکەناردەچێ
کاتێ چاوی شۆخێ
بەهێمنی ماچی دەکا

پەنجەم لە دڵم دەچێ
کاتێ نەخشێ گوڵێ دەکا
گوڵیش لەدڵم دەچێ
کاتێ بە ئاوازەو
سەما لەسەر چڵێ دەکا

پۆلە هەوری لەمن دەچێ
کاتێ بارانە دادەکا
بارانیش لە فرمێسکم دەچێ
کاتێ نم نم
بەبێ دەنگی
خاک تەڕدەکا

گریان لەچاوم دەچێ
کاتێ گۆناکەم تەڕ دەکا
چاویشم لە گریان دەچێ
کاتێ بێ ماڵ ئاوا
دلدارەکەم سەفەردەکا .......

# چۆپی فەتاح:

# گەر عاشق نەبوایەم شووم نەدەکرد



سازدانی: ئاراز ڕەمەزان

کورتەیەک لەژیانی چۆپی فەتاح:لە ساڵی ١٩٨٣ لەشاری کەرکوک لەدایك بووەو لە ساڵی ١٩٨٦ لەبەر خراپبوونی باری کورد ئەو شارەی جێهێشتووە، لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ باوكو دایکی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێرانو ئێراق ماوەتەوە، لە ١٩٨٨یش ئاوارەی ئەوروپا بووەو پاشان لەوڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێبوون. هەروەها ساڵی ١٩٨٩ چووەتە قوتابخانەیەکی کۆراڵ لە هۆڵەنداو فێری زانستێکی سەرەتایی مۆزیك بووەو دواتر لە ساڵی ١٩٩٤ چووەتە قوتابخانەیەکی دەنگو بەشێوەیەکی زانستیو لەژێر چاودێری مامۆستا هۆڵەندییەکانی فێری گۆرانی چڕین بووەو دواتریش لە ساڵی ١٩٩٦چووەتە قوتابخانەی مۆزیكو بۆ ماوەی ساڵێك دەرسی کیبۆردی خوێندووەو ساڵی ١٩٩٩چووەتە ئەکادیمیای کوردی لە ئەڵمانیاو لەوێوە دەرگاکانی هونەری کوردی بۆ کراوەتەوە، لە ڕێگای مامۆستای بەڕێز (وریا ئەحمەد)ەوە. ساڵی ٢٠٠٠بۆیەکەمجار دەچێتە سەر ستەیج لە شاری دانهاخی هۆڵەنداو بۆ زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار کەس گۆرانی دەڵێتو دواتر دەچێتە تەلەفزۆیۆنی(میدیا تیڤی)ولە پرۆگرامی شانشین بەشدار دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٣ یەکەم سیدی خۆی کە لە ٩ تراك پێکهاتووە بەناوی(چیت ناویێم)بلاّودەکاتەوە. ساڵی ٢٠٠٧دووەم سیدی خۆی کە لە سێزدە تراك پێکهاتووە بەناوی (ناوتدەنێم ژینۆ) بلاّودەکاتەوە.

زنار:کارە هونەرییەکانی چۆپی کامانەنو کام بەرهەمیت لەهەموویان خۆشتر دەوێت

چۆپی فەتاح: هەموو بەرهەمەکانم خۆشدەوێت، ئەوکارانەی کە کردوومن لێیانڕازیم، بەلاّم هەمووکاتێك دەکرێت باشترینیان بکەمو جارێ من لەسەرەتای ژیانی هونەریدامو بەرهەمەکانیشم وەك دیارە، دوو بەرهەمنو٣٠ گۆرانیشم لە تەلەفزیۆنەکان تۆمارکردووە.

زنار : ئایا چۆپی خوێندنی چی تەواوکردووەو جگە لەکاری هونەری بەچیترەوە خەریکە

چۆپی فەتاح: من سۆشیالم تەواو کردووەو ئێستاش خەریکی خوێندنم.

زنار: کێ ئاوازت بۆ دانەێتو هەروەها شیعری کام شاعیرلەسەر گۆرانیەکانت ڕەنگی داوەتەوەو گوێ لەکام هونەرمەند دەگریت

چۆپی فەتاح: لەسەرەوە وەلاّمی ئەو پرسیارەی تێدایەو دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەشت من گوێ لەهەموو هونەرمەندان دەگرم بەگشتی.

زنار:ماوەیەك بەر لە ئێستا قسەیەکی زۆر لەسەر پەیوەندی تۆو هاوسەرەکەت گوترا، تۆ بۆ ئەمە چی دەڵێیت

چۆپی فەتاح: نازانم ئەو قسەیە چۆنبوو کە بۆمان هەڵبەسترا، بەلاّم ئێمە یەکتریمان خۆشدەوێتو سوپاس بۆ یەزدان هیچ گرفتێکمان نییە.

زنار: ئایا چۆپی عاشق بووە

چۆپی فەتاح : بەڵێ گەر عاشق نەبوایەم شووم نەدەکرد.

زنار: بارودۆخی ژنانی کورد چۆن دەبینیتو تۆ چ پرۆژەیەکت هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەموو توندوتیژیەی کە بەرەو ڕووی ئافرەتی کورد دەبێتەوە

چۆپی فەتاح: بارودۆخی ژنانی کورد وەکو کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەلاّتی ناوین، خراپە، دەبێت گۆرانی بەسەردابێتو بەرەو چاکتر بڕوات، ئەوەش دەبێت بەکارو چالاکی ژنانی خۆمان بێت.

زنار: هونەرمەندانی ئافرەتی کورد چۆن دەبینیتو لە چ ئاستێکدان

چۆپی فەتاح: لەم ساڵانەی دواییدا لە هەڵکشاندایەو زۆرێك لە هونەرمەندانی ژنان هاتوونەتە ناو دونیای هونەرەوە کە ئەمە دڵخۆشکەرە.

زنار: سەرەتا تۆ بە ستایلی کلاسیك گۆرانیت دەگوت، بەلاّم ئێستا گۆڕیوتە هۆکاری ئەمە چییە

چۆپی فەتاح: هەردەم پێمخۆشبوو خۆم نەبەستم بە ستایلێکی تایبەتەوەو هونەربەهەموو ئاستەکانیەوە جوانە، بۆ نموونە من گۆرانی ڕۆژئاواییم هەیەو حەیرانیش دەڵێم . حەزناکەم لەیەك ڕێچکەدا گۆرانی بڵێم، لەهەر ستایلێکدا گەر بزانم تێیدا سەرکەوتن بەدەست دێنم گۆرانی تێدا دەڵێم.

زنار: پێناسەی کەرکوک لای تۆ چییە

چۆپی فەتاح: یەکەم هێلانەی منەو پێمخۆشە کێشەکانی کەرکوك بە ئاشتی کۆتایی پێبێ.

زنار:بەرنامەت هەیە سرود یان گۆرانی بۆ دەروازەی ڕاپەڕین بڵێی، ئایا لە ژیانتدا هیچ کاتێك لە ڕانیە ژیاویت

چۆپی فەتاح: باوکم دەڵێت بەمنداڵی بۆ سەردان چووینەتە ڕانیە، بەلاّم بەڕاستی من هیچم لەبیر نییە، چوونکە ئەوکاتە من تەمەنم دووساڵان بووە، گەر کارێکی جوانم دەستکەوێت بۆ دەروازەی ڕاپەڕین، ئەوا بەدڵخۆشیەوە دەیکەم بە سروود.

زنار: چی لەسەر شاری ڕانیە دەڵێیتو چ قسەیەکیشت هەبێ بۆ گوتن.

چۆپی فەتاح: ڕێزو خۆشەویستیم بۆ خەڵکی دلێری ڕانیە هەیە، من ڕانیە وەکو هەوێنی ئەم ئازادیە دەبینم.

# ئەو کوڕە نا سالارەم خۆشدەوێت

پەژارە مەمەند ساڵح

لەم ژیانە بێدەرەتانەدا تاکە سووکنایەك بۆ دڵە ئەویندارەکەم، نامەی خۆشەویستە ناسالارەکەم بوو. تا هەنووکەش وێنەکەی لەخەیاڵمدا ماوە، بالایەکی مامناوەندی، جەستەیەکی پڕ، سیمایەکی سپی، دو چاوی تیژ، لوتێکی باریك‌و دەمێکی کەمێك گەورە. لەگەڵ ئەوەشدا هەست بەنەبوونی دەکەم کەچی ئەم نامەیە هەرچی سۆزە تۆخەکانی نێوانمانە دەیتوێنێتەوە کە هێزی پێدەبەخشیم، لەیەکەم بەشی نامەکەیدا بەلەبەرچاوگرتنی راستیەکان بۆی نوسیبوم" گیانەکەم هیوام بەخۆمە چونکە بەهێزی ناوەکی بوونەوەرێکی مێینە گۆشکراوم، بەدڵی پڕسۆزو پاکیزەی تۆ درێژە بەژیانی سەروی قۆناغەکانی منداڵیم دەدەم، ئەی ئافرەتە خۆشەویست‌و بە ئاوەزەکەم" لەکۆتایی ئەم بەشەدا فرمێسکێکی زۆر سیمامی تەنی. یەکەم جار بوو ئەوەندە هەست بە نەبوونی بوونی، هەست بەنەبوونی گووتەکانی، هەست بەنەبوونی سیماکەی بکەم، هەولمدا وێنە خەیاڵیەکەی ئەو کوڕە کە هەر چواردەورەمی گرتبوو. هەست بە بوونکردنی ئەو بۆخۆم بگەڕێنمەوە، بەڵام هێزی دووەمی پەلیکێشامە کرۆکی نامەکە لەکۆڵ ئەم ئەندێشەیەی کردمەوە کە هیچ لەبوونی ئەوم دەستگیر نەبوو. نووسیبووی" خۆشەویستەکەم، ئافرەتە ئەمەکدارەکەم لەم رێگەی هات‌و نەهاتەدا بەرلەوەی خودانی خۆم بم تۆ خودانی منی، هەر تۆشی هەست بە بەخودان بوونی خۆمم بۆ دەگەڕێنیتەوە. تۆ فالگرنیت، وەك ئەوەی تێمگەیەنرابوو لەمەڕ خۆت‌و هەموو هاوڕەگەزەکانت. مەکرو ناز نیە ئەو ئێشکگەریەی تۆ بەسەر ئاوەزو هەستمەوە. چەند ساڵەی تەك تۆ پێمدەڵێت ئامۆژگاریەکەی باوکت کە گووتی✤ ئافرەت بەهۆی مەکرو نازەوە دەتخاتە داوی خۆیەوە✤گوتەیەکی هیچە. چەند ساڵەی تەك تۆ پێمدەڵێت: ئەمە سەرجەمی هەست‌و سۆزی ناساختەی سروشتی مرۆییانەی مێینەیە، خۆزگە سەرجەم پیاوان وەك من لەناخی ئافرەت دەگەیشتن. خۆشمدەوێیت، پڕوام پێتە، گیانەکەم بڕوام پێبکە" ئەو بەشەی نامەکە دۆخەکەی باشکردم، بەچەند زەردەیەك کە لەزەردەی خۆم بوو خەونوچکەیەکی بالام رسکاند. لەپڕدا دڕدۆنگیەك تێك‌و پێکی هەڵقرچاند. هەستم کرد ئەم گوتانە ساختەن. گەرەکم بوو ئەرخەیانبم، کێ نالێ ئەم کوڕە وەك زۆربەی پیاوان بەندەن‌و لاشەی منی گەرەك نیە بۆیە حەزم لێدەکات. نازانم هەنووکە بەئاوەزم یان بەهەستم گووتەکانی ئەوم بەدردۆنگی وێناکردووە. بەشی سێیەمی نامەکە پێیگووتم ئەم وێناکردنە هەڵقولاوی دنیای هەستە. نوسیبووی" ترسم لەو هەستەیە تۆمەتم دەخاتە پاڵ بەساختەبوونی گووتەکانم لات وێنادەکات. گیانەکەم وەك ساتەکانی دیکە خۆت بدە بەدەستی ئاوەزت، ئەرخەیانم زۆر راپەڕمووی دەبیت لێم. لەیادت نەچێ کاتێك ئەویندارت بووم، بەبێ هیچ هێزێکی دەرەکی بزوێنەری وەك لاشەت خۆم خستە داوی تۆ من بەهێزی ژیریەکەی تۆ کە هەڵقولاوی دنیای مێینەیە ئەویندارت بووم، نازانم چۆن بۆت بنوسم واز لەو وێناکردنانە بێنە، چونکە من وەك پیاوانی دیکە پێموانییە کاتێ ئافرەت بە ئاوەز بوو تیژ، بیر بوو. ئەوا لە سروشتەوە لە پیاو نزیکترە وەك لەمێینە، بەڵێ، چونکە وەك ئەوان خوم بەو بیرەوە نەگرتووە کە پێیوایە ئافرەت مرۆڤی پلە دووە، بۆیە لە گووتەکانم ئەرخەیان نیت، نا، مادام چاووگی ئەو دڕدۆنگیەت هەستە. ئەرخەیانم راوی دەنێیت، وەك هەموو هەستەکانی من کە بەدەست وێنا پووچەکانی هەستەوە دەمنالاند، بڕوا بکە گیانەکەم من حەزت لێناکەم، خۆشمدەوێیت" ئەم بەشەش بوو بە بایەك تەواوی دردۆنگیەکانی هەڵقەند. چەند باشە ئەوەی من گەرەکمە وا رسکاوە، مادام وای لێهات قوربانی یەك هەناسەی ئەو کوڕە ناسالارە بم، بەو پەڕی خولیاو مەیلەوە پەنامبرد بۆ بەشی چوارەمی نامەکەی کە نوسیبووی" خۆشەویستەکەم هەنووکە کە نامەت بۆ دەنووسم، لە تیانووسی یاداشتەکان کە کردتە دیاری بۆم، نوسینێکم بەرچاو کەوت لەژێر ناوی✤کالبونەوەی سنوورەکانی نێوان دایەو بابە✤ کاریگەری هەبوو بەسەرمەوە بۆیە پێتدەڵێم هەمان ئەو باوکە دەبم بۆئەو منداڵانەی تۆ دایکیانی، هەمان ئەو پیاوە ناسالارە دەبم بۆ دایکی منداڵەکانم کە تۆی، گیانەکەم تۆ لە هەموو ئافرەتێك زیاتر ئافرەتی وەك ئەوەی مێینەی هەی، لەناو پێناسەی دەوروبەرەکەتدا وەك ئافرەت خۆت نیشاندام، بژی خۆشەویستەکەم" نزانم چ وشەیەك‌و پێناسەیەك بۆ ئەم دۆخە دابنێم کە پڕ بەپێستی خۆی دەلالەت لەباشی دۆخی خۆم بکات. هەرئەوەندە نەبێت پڕمدایە تیانووس‌و پێنوسێك بۆ ئەوم نووسی" ئەم کاتەت باش خۆشەویستە ناسالارەکەم، تۆ ئەو مرۆیەی لەدڵەوە گەڕکمی، تۆ بە بیری نێرینەوە لەم مەیدانەدا لەمنی مێینە گەیشتی، تۆ لەپیاوی راستەقینە دەچی تۆ ووزەی منی‌و من ووزەی تۆ، کەواتە بەس بێت ئەو ململانێیە رەگەزیە.



# پیشەی گۆزەگەری لەهێرۆ

ئا: محمود عمر

هەرشوێنێك بگریت لەكوردستان خەسڵەتو تایبەتمەندی خۆی هەیە، یا روونتر بڵێم هەرشوێنێك یا ناوچەیەك بەیەكێك لەبەرهەمو داهێنانەكانیەوە دەناسرێتەوەو كردوویەتی بەشوناسی خۆی، هەورامان بەگوێزو شارەبان بەهەنارو شاورێ بەتووتنو كانی توو بەشاڵو تەوێڵە بەكلآشی پەرۆ ناوبانگیان دەركردوە لەپشدەریش (شێخاودەلان بە توورو بێگەڵاس بەترێ رەشو هەڵشۆ بەتەماتەو نورەدین بەخەیارو هێرۆ بە دروستكردنی كەرەستە قوڕیەكان) دەناسرێنەوە.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژەیەك بەهونەری قوڕكاری هێرۆییەكانو دروستكردنی پێداویستیەكانی رۆژانەی خەڵكی ئەو دەڤەرە بكەم كە لەقوڕ دروستیان كردوون شارە دێی هێرۆ كەوتۆتە رۆژهەڵاتی قەڵادزێو هەرلەكۆنەوە پیشەی سەرەكی دانیشتوانی هێرۆ دروستكردنی دیزەو گۆزەو پێداویستیەكانی دیكە بووە لە قوڕ گوایە بنەماڵەی (گوڕنە) دێرینترین بنەماڵەبوون لەوێدا ملیان لەبەر ئەو پیشەیەناوەو سەردەمانێك تەواوی هێرۆیەكان سەرگەرمی دروستكردنی ئەو پێداویستیانە بوونو ئێستاش تاكو تەرای بنەماڵە هێرۆییەكان كەم تاكورتێك بەردەوامن لەسەر ئەو پیشەیە. لەگەڕەكی راپەڕینی قەڵادزێ بنەماڵەی (حەمەدەمین مەلا ئەبوبكر) هێرۆیمان بەسەر كردەوەو ژنە دەستڕەنگین (مریەم أبراهیم أحمد) كەسەر گەرمی دروستكردنی دەفرە قوڕیەكان بوو گووتی :- من هەر لەمنداڵیەوە لە دایكمەوە فێری ئەو پیشەیە بوومو دایكیشم لەدایكی خۆیەوە فێر بووە، ئەگەر چی كاری قوڕ وردەكاریو سەرنجی دەوێت بەڵام كارێكی قورس نیە لەهەمان كاتیشدا لەسەردەمی خۆیدا سوودی زۆری هەبوو. سەبارەت بەو گڵەی كە دیزەو گۆزەو دەفرە قوڕەكانی لێ دروستدەكرێ گووتی :- دیارە هەموو گڵێك بەكەڵكی ئەو كارانە نایەت جۆرێك گڵ لە هێرۆ هەیە دوای شێلانو خۆشكردنو وشك بوونەوە درز نادات، لە هێرۆ تەنها لەیەك شوێن ئەو گڵە هەیە پێی دەڵێن (گڵنجانی داری مەلا).

چۆنیەتی ئامادە كردنی گڵەكە :- سەرەتا گڵەكە دێنین ورد ورد دەكوترێتو بە بێژنگی تەنگبی دەبێژرێت، وردە بەردەكانی لێ جیا دەكرێتەوە چونكە ئەگەر ئەو گڵە بەردی لەناودا بوو دەفرەكە درز دەدات. دوای ئەوە ئاو دەكرێتە ناوی وەكو هەویر دەشێلرێو كەمێك وردە (كا)ی لەگەڵ دەكرێت نزیكەی ١٢ كاتژمێر ئەو قوڕە خۆشكراوە بە نایلۆن دادەپۆشرێو دوای ئەوە دەشێت كاری لەسەر بكرێ. ئینجا قوڕەكە پارچە بەپارچە هەڵدە پچرێتو لەسەریەك دادەنرێتو چ قەبارەیەكی بوێت بە ئارەزووی كەسەكەیە، ئینجا بەهۆی شەبقە داروو ئاوەوە رووكاری دەروو ناوەوەی لوس دەكرێت، ئینجا سەربەرەو خوار دایدەنێنو بەشی خوارەوەش تەواو دەكەن بەمەرجێك بەشی ژێرەوەی ناشێت وشك بێتەوە چونكە قوڕی شلو تەڕ باش یەكتر ناگرێو بۆئەوەی






ئەمە ڕوونەدات پارچە پەڕۆیەکی تەڕ لەبەشی خوارەوەی دەبەستین دوای تەواو بوونو دڵنیا بوون لەوشك بونەوەی تەواوی لەناو گڕە پێچی تەندوردا سور دەکرێتەوەو بۆماوەیەکی باش لەناو ئەو گڕەدا دەمێنێتەوە چونکە ئەگەر سور نەکرێتەوە هەر کەئاوی بەرکەوت دەخوسێتەوەو دبێتەوە قوڕو گڵ.

جۆرەکانی دەفری قوڕ :-

١-کوپە:- لەهەموو ئەو دەفرانە گەورەترە کەلە قوڕ دروستدەکرێت ٤٠ – ٦٠ لیتر ئاو دەگرێت لەشوێنە گشتیەکان پڕ ئاو کراوە، وەکو خێراو، کوپەی گەورەترشی دروستکراوە لەکۆندا ١٠ -١٢ تەنەکە گەنمی تێکراوە، دیارە لەسەردەمی زووداکە کەرەستەی هەڵگرتنی گەنمو جۆو باراش کەمتر بووە لە ژوورە گەورەکانیاندا شتێك لەقوڕ دروست کراوە پێیان گوتوە (کەندو) کەنزیکەی (٥٠) تەنەکە گەنمی گرتووەو ئەمە نەك هەر لەهێرۆ لەسەرجەم گوندەکاندا بەکار هێنراوە.

٢-دیزە :- لەکوپە بچوکترەو (٢٠)لیتر ئاو دەگرێت، لەکۆندا لەجیاتی مەنجەڵی چێشت هێنان بەکارهاتووەو چێشتی (ماشێنەو ترخێنەو چەوەندەرو کەشکەك و گەنمە کوتاو)ی تێدا لێنراوە، دیارە دیزەی چێشت لە دیزەی ئاو دەمی گەورەتر بووە.

٣-گۆزە :- لەدیزە بچوکترەو تەنها یەك دەسکی هەبووە بۆ ئاو کێشان بەکار هاتوەو لەماڵانیشدا ئاوی تێدا دانراوە بۆ خواردنەوە.

٤-کیتەڵە :- لە گۆزە بچوکترەو بۆمەبەستی شیر کولاندن بەکار هێنراوە.

٥-دەرخۆنە :-پارچە گلێکی بازنەییەو لەسەردەمی دیزەو گۆزەو کیتەڵە دانراوە بۆئەوەی پیس نەبێت و شت نەچێتە ناویانەو .

٦-مەقاڵە (مقلی) :- پشکۆی ئاگری خراونەتە ناوەوەو چای لەسەر دەم کراوە.

٧-لولێنە :- لەشێوەی حەوجۆشی ئاسن یا مەسینەی ئێستادا بووەو بۆ ئاودەست شۆری بەکارهاتووە.

٨-گلێنە :- وەکو دەفرو قاپی چێشت دروستکراوە.

٩-سوێنە :- بۆ کەشك تێدا سوینەوەو هەندێك جاریش نانی لەسەر کراوە. جگە لەمانەش هەرکەسەو بەپێی ویستو سەلیقەی خۆی شتی جوانو نایابی لەقوڕ دروستکردوە بۆنمونە﴿ گوڵدانو گۆزەلکەو کوپەی بچوك و خشتو دەوری﴾.

مامەڵەکردن بە گۆزە گەریەوە :- لەسەردەمانی زوودا کەشوشەو ستیلو فافۆن کەمتر بووە دەفری گڵ لەماڵەکاندا بەکار هاتووە (حەمەدەمین مەلا ئەبوبکر) گووتی :- بەهۆی ئەوەی هێرۆیەکان لەو بوارەدا دەست ڕەنگین بوونو بەردەوام کاری گۆزە گەریان کردوە باری ئابوری هێرۆیەکان لەگوندەکانی دەورو پشتیان باشتر بووە هەروەها گووتی ساڵانە لەناو رەشکەی کاکێشاندا (٢٥ – ٣٠) گۆزەو دیزەمان دادەناو نێوانی گۆزەکانمان بەگژو گیا دەگرت تا بەر یەك نەکەونو نەشکێن ئینجا لەولاغمان بار دەکردنو دەمانبردن بۆدۆڵی جافایەتیو خدرانو کلاو سورانو دەشتی بیتوێنو خۆشناوەتیو سەربەسەرو یەك بەدوو دەمان گۆڕینەوە لەو سەرەوە بەباراشو ئازوقەی تەواوەوە دەگەڕاینەوە زۆر جاریش وارێکەوتووە هەڵدێرانی گوێدرێژێکمان یا گەوزینی لەکەر گەوزێکدا قارەواری لەگۆزەو دیزە دەبڕیو بەدەستی بەتاڵەوە دەگەڕاینەوە ماڵەوە ...

# چیرۆکی راستەقینەی ژنێکی بێچارە

ئا: فایلی کۆمەڵایەتی

دەمەویست هەستو سۆزی کەڵەکەبوی چەند ساڵەم بە باوەش پیاکردنێکی گەرمو گوڕی دایکم دەرببڕم، وەك منداڵێك سوکناییم دەهات. ئەوانەی لەو(تەعزیە) بەشداربوون سەریان سوڕمابوو، پرسیاریان لێدەکردم لەکەیەوە نەتبینیوە، لەهەر شوێنێك دیتبام منێك کە خاوەنی(٧)منداڵ بووم ئەوە حاڵم بوو ئەوەندە وابەستەبووم بەدایکمەوە. تەمەنم دوو ساڵ بوو باوکم کۆچی دوایی کرد، یەکەم منداڵیان من بووم، ماڵی خەزووری دایکم دەیانەویست شوو بەکوڕەکەی دیکەیان بکاتەوە کە زۆر بەساڵاچوو بوو خاوەن خێزانیش بوو. دایکم رازی نەبوو ئەوانیش موڵکی باوکمیان لێسەندەوەو دەریانکرد، لەماڵی باوکی دووساڵ مایەوە کە باپیرەم مرد خاڵم ویستی بەشووی بداتەوە، دایکیشم بەناچاری ملی بەو شووکردنەدا چونکە نەدایکی مابوو نەباوك. لەو لاشەوە ماڵە خەزورانی کە پێیان زانی زۆر هەوڵیان دا شوونەکاتەوە، بەڵام ئەو شووی کردو باپیرمو مامەکانم بەزەبری شەق منیان لە دایکم سەندەوە هەرچەندە دایکم سەد ریش سپیو مەلای ناردە لایان بەڵام سوودی نەبوو، بەوەش نەوەستاو لەدادگا شکایەتی کرد بەڵام باپیرم کە جاش بوو بە تەنەکە هەنگووینو پارە دەمی حاکمەکەی چەور کردبوو. منیان برد بۆ لادێیەکی دەوری شار ئەوکات تەمەنم چوار ساڵ بوو چەند جارێك دایکم هات بۆ بینینم بەڵام منیان دەنارد بۆ سەر کێڵگەو دایکمیان دەردەکرد. ماڵی باپیرەم زۆر قەرەباڵغ بوون ئیشێکی زۆریان بەمن دەکرد، هەر لە پاککردنەوەی ماڵو شوێنی مەرو بزنەکانیانو بردنی خواردن بۆ سەر کێڵگەو هەڵگرتنی منداڵەکانیان خۆ خوانەکات لەباوەشمدا گریابان ئیدی ئەوانیش بەردەبوونە گیانی من، قەت جلو بەرگیان بۆ نەدەکڕیم تەنها کۆنەی منداڵەکانی خۆیان لەبەر دەکردم. هەرگیز نەشمدەوێرا باسی دایکم بکەم، دەیانگووت" ئەگەر ژن بایە بۆ مێرد تۆی بەجێنەدەهێشت" ئێستاش لە بیرمە شەوێکیان میوانێکی زۆرمان هەبوو تادرەنگی شەو نەخەوتم بەیانیەکەشی مەلابانگدان ئامۆژنم خەبەری کردمەوە لەبەر هیلاکی خەوم لێکەوتەوە پاش کەمێك ئامۆژنم بە بۆڵە بۆڵەوە هەڵیساندمەوەو گووتی مامت زۆر تووڕەبوە هەر ئێستا لەگەڵ ئەحمەد دەچی بۆ کێڵگە ئەحمەدی ئامۆزام تەمەنی ١٣ ساڵان بوو لە رێگا لەبەر پەلەپەلی کەوتمە ناو جۆگەلەیەكو کراسەکەم بەتەلدڕویەکەوە بوو ئامۆزاکەم لەجیاتی ئەوەی یارمەتیم بدات پێمپێدەکەنی لەوکاتەدا کۆمەڵێك کاروانچی لەوێوە رەتبوون یەکێك لەو کوڕە گەنجانە یارمەتیدامو رۆیشت بەڵام من ترسم لەوە بوو کە ئامۆزاکەم بۆ مامی باس بکاتو گرفتێکم بۆ دروست ببێت. بەهەرحاڵ ئەو رۆژە بەسەلامەتی تێپەڕی هەرچەندە مامم لەسەر دواکەتنەکەم زۆر لێم توڕەبوو. چەند رۆژێك دوای ئەوە لەگەڵ مامم و ئامۆزاکەم دەچووین بۆ سەر کشتوکاڵ کە تووشی هەمان کوڕبوومەوە مامم لەبەر خۆیەوە دەستی بە بۆڵەو جنێودان کرد" خۆیان خوشكو دایکیان نیە،......." ترسام ئامۆزاکەم مەسەلەکەی ئەو رۆژە باس بکات بەڵام ئەو قسەی نەکرد تا شەو بۆیگێڕابوونەوە، هەرئەوەندەمزانی یەکێك بەتەورداسەوە خۆی بەژووردا کردوو بەسەرمدا هاواریدەکرد" کچەتیوو خەریکە سەرمان لەئاواییەکەدا شۆڕدەکەی، بەینت لەگەڵ چ کاروانچیەکی سەگو سەگباب هەیە" زۆری لێدام بەوەش نەوەستا بەتەورداسەکەی نێوان پەنجە گەورەمو پەنجەکانی دیکەی بڕیمو تا ئێستاش شوێنەواری ماوە ئیدی مامەکانم ئەمجارە چوونە دەرەوەیان لێقەدەغەکردمو بەتەنیا هەموو ئیشی ماڵەوەیان خستە ئەستۆی من، تەواوی ئەو ماڵە بە گەورەو بچووکەوە بەچاوی گومانەوە سەیریان دەکردم. کاتێك باڵغ بووم هیچم لە سوڕی مانگانە نەدەزانی رۆژێك هەستمکرد چەند دڵۆپە خوێنێك بە کراسەکەمەوە خەریکبوو شێت بم، دەستم بەگریان کردو نەمووێرا لای کەس باسی بکەم خۆم خستە ناو بەتانی. گەرچی هەوڵم دەدا بەڵام هەمیشە چاوی دەوروبەرەکەم لەسەرم بوو، وام لێهاتبوو لە هەموو کەس دەترسام، ساڵانێك بوو جگە لە سیماکانی ناو خانوەوادەکەمان کە وەك دۆزەخ بوو هیچ سیمایەکی دیکەم نەدەدیت، من لە رەنگو رووداسەرنجراکێش بووم بەڵام دڵم پاك بوو هەوڵم دەدا لەو رێگەی ئەوان بۆیان داناوم بە ئەدەبو شەرەفو ناموس لانەدەم. بەو مەبەستە دڵم ون کردبوو، دراوسێکەمان کوڕێکی جوانیان هەبوو چەند جارێك داوای پەیوەندی لێکردم بەڵام لەترسی مامەکانم نەمدەوێرا. دایکی ئەو کوڕە هاتووچۆی دەکردینو منی زۆر خۆشدەویست،بەڵام ئامۆژنم کە خێزانی مامە گەورەکەم بوو دەەویست شوو بۆ کوڕە گەورەکەی بکەم بەمەسەلەی ئەو کوڕەی زانیبوو بە مامی گووتبوو، بۆیە ناچاریان کردم بەو ژنەبڵێم چیدیکە نەیەتە ماڵمان، ئەویش ئاگاداری حاڵی من بوو قبوڵی کرد. رۆژ بە رۆژ هەستی بێ دایکیو پەرۆشی بۆ ئەو لە دڵو دەرونم چەکەرەی دەکرد بەتایبەتی کە دەمبینی ئامۆژنم چۆن بوو بۆ منداڵەکانی یان کاتێ بانگیان دەکرد دایە دڵم پڕدەبوو دەستم دەکرد بە گریان، شەوێکیان ئەوەندە بیری دایکمم دەکرد تا بەیانی نەخەوتم تا لە ئاکامدا هەڵاتنم هەڵبژارد، بەیانی زوو کە جلەکانم پێچانەوە یەکێك لە ئامۆژنەکانم هەستیپێکردو جلەکانی لەدەست دەرهێنامو پاڵێکی پێوەنام بۆ ژوورەوە گووتی تا مامت دێتەوە نەیە دەرەوە، دەتەویست حەیامان بەری. ئیدی دەرگاکەی لەسەر قفڵ کردم تا ئێوارە مامم گەڕایەوە سەیرەکە لەوەدابوو ئەوان پێیان وابوو دەمەێ لەگەڵ کوڕی دراوسێکەمان رابکەم نەیاندەزانی من لەتاوی دایکم گڕم گرتووەو ئاگام لەکەسی دیکە نیە. مامم پێیگووتم ماوەیەك سەبر بگرە هەموو شتێك دەگۆڕێت. لەو نەرمیە سەرم سوڕما لای ئامۆژنم باسمکرد ئەویش گووتی"خوا دەری خێری لێکردوویەوە" هیچیان وەڵامێکی روونیان نەدەدامێ هەزار شتم بەخەیاڵدا دەهات، باپیرم کە لەمەسەلەکە گەیشبوو گووتی" کچم واز لە گەڕان بەدوای دایکدا بێنە وەرە ژێرباری قسەکانی ئێمە" نەمدەزانی چ تەڵەیەکیان بۆ داناوم، پێموابوو لەگەڵ دایکم ئاشت دەبنەوەو دەهێڵن بێت بۆلام تا ماوەی مانگێك هەر بەو خەیاڵەوە دەژیام دڵم زۆر خۆش بوو سیمای دایکمم دەهێنایە بەرچاوی خۆم دمگووت لەوانەیە ئێستا لە جاران قەڵەوتر بێت یان گۆڕابێت. ئەو مانگە ئەوەندە بەرێكو پێکی کارمدەکرد ئەوانیش هەستیان دەکرد کە وەك جاران نەماوم، بڕوا بکەن تەمەنم گەیشتبۆ ١٤ ساڵ لەو هەموو ساڵانەدا تەنها ئەو مانگەم بە خۆشی بەسەربرد. بەیانیەك سەرگەرمی ئیشکردن بوم کە ئامۆژنە گەورەکەم هاتو گووتی"شوکر بۆ خوا تۆش دەچیتە ماڵو مێردی خۆتو کوڕەکەشم ژن دێنێ" لەنێوان پێخۆش بوونو ناخۆشیدا نەمدەزانی کامەیانە بەڵام گووتم" ئەدی

ئامۆژن مەسەلەی دایکم، بڕیار نەبوو بێت بۆلام" گووتی"دیسان، دایکم، دایکم، بوو بەچی لە بیرخۆتی بەرەوە خوازبێنیت هاتووە" دڵم پڕبوو ئەوجارەش ئارەزووەکەم شکستی هێنا ئیدی دڵنیابووم هەرگیز کارێکی واناکەن بە دایکم شادببمەوە. راستیەکەی بۆ شووکردنەکە پێم خۆشبوو هەر چاوەڕوان بووم رۆژێك ئەو کورەی دراوسێمان بێتە خوازبێنیم، گووتم " ئامۆژن خۆ دەبێ زاوا ببینم" گوتی" ئەو لەشارە لەوانەیە فریانەکەوێت بێتە ئێرە" قۆڵی ئامۆژنم راکێشا گووتم" توخوا پێم بڵێ ئەوە باپیرم چۆن منی بەشوو داوە" گووتی" لەگەڵ باوکی(عومەر) رێککەوتوون بە خوشکی عومەرو تۆ ژن بەژنەمان کردووە" نازانم بڵێم چ هەستێکم هەبوو، لەلایەك کە لەو ماڵە رزگارم دەبوو حەزمدەکرد لەلایەکی دیکەشەوە بیرمدەکردەوە ژن بەژنەیەو ئەو کورەشم نەدیووە بەهەرحاڵ مامو ئامۆژنم شتی بوکێنیان بۆهەلگرتم، بەلام من هیچ کەیفم پێخۆش نەبوو. ئیدی ئەوەبوو لەوکاتەی خۆیان دیاریان کردبوو منیان برد بۆشارو خۆیان گەڕانەوە، ژنێك کە گووتیان خەسووتە منی بردە ژوورێكو گووتی ئێستا زاوا دێت. من تا ئەوساتەش نەمبینیبوو بۆ مارەکردنیش باپیرم وەکیلی من بوو، کە هاتە ژوورەوە پیاوێکی قەبەو سمێڵ زل لەدڵی خۆمدا گووتم لەوانەیە خەزوورم بێت، نازانم چی بڵێم ئەو پیاوەی بەقەدەر باوکم بوو مێردەکەم دەرچوو. خەریك بوو شێت بم لەیەکەم نیگاوە رقم لێیبۆوە، هەوڵمدا خۆم بەدەستیەوە نەدەم بەلام سوودی نەبوو. ئیدی شێوازێکی دیکەی ژیانی ناخۆشی من دەستیپێکرد، هیچ لە ژیانی من نەگۆڕا ماڵێکی ووشكو ناخۆش لەماڵی باپیرم ناخۆشتر، تەنها کەسەکان گۆڕابوون ئەگینا من هەمان کیژۆڵەی ژێردەستەی ماڵی باپیرم بووم. مێردەکەم تا بڵێی تووڕە، زمان شڕ، قومارچی، ئارەقخۆرەوە، زۆر ماندو بووم، سکم پەیداکرد ئەو زۆر بێ هەستو سۆز بوو هیچ گوێی بەمن نەدەدا، بەهەزار تکاو رەجا دەیبردمە لای دکتۆر لەگەڵ یەکەم منداڵمان خەزوورم مرد، منداڵەکە کچ بوو عومەر چاوی ئەو منداڵەی نەدەدیت. بەهیوای ئەوەی یەکێکیان کوڕ بێت بەردەوام داوای منداڵی دەکرد تا چوارەم منداڵمان کوڕ دەرچوو ئیدی جیاوازی لەنێوانیان دەکرد. دەمویست باسی ئەوەی بۆ بکەم کە ئارەزو دەکەم دایکم ببینم گووتی" نەدەبووایە قسەی باپیرت بشکێنیو شوو بکاتەوە". وایاندەزانی دایکم تاوانی کردووە، بۆ نەگبەتی من ئەو ساڵە ماڵی دایکم لەترسی رژێمی بەعس رایانکردبوو بۆ ئێران، زۆر جار دەیانگووت لە بیر خۆتی بەرەوە لەوانەیە مردبێ، بەلام من هەر چاوەڕوان بووم بڕوام نەدەکرد مردبێ، هیوای بینینی ئەو زیندوو رایگرتبووم ئەگینا ژیانم ئەوەندە لابێقیمەت ببوو خۆمم دەکوشت. هەردەم لەبیری ئەو رۆژەدا بووم کە پێی شادببمەوە. گەر کەمێك مێردەکەم لەگەڵم نەرم بوایە ژیانم باشتر دەبوو بەدرێژایی ئەو ساڵانەی لەگەڵ ئەودابووم خۆشیم لەخۆم نەدیت، شەوانە درەنگ دەهاتەوە شەوی وا هەبووە دەستەیەك برادەری لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە بۆ ئارەق خواردنەوە. من ٧ منداڵم هەبوو هەمووی بەسەریەکەوە ببوون تەنها یەکێکیان کوڕبوو، تەواو بێکەس ببوم، نەنکمو باپیرم مردبوون، مامو ئامۆژنەکانم بەساڵیش سەردانیان نەدەکردم، زۆر غەریبو بێمراد بووم. ساڵی ١٩٩٢دایکمم بینیەوە قژی سپی ببوو، مێردەکەی مردبوو، خاوەن ٥ منداڵ بوو. منو دایکە بێمرادەکەم تا ئێستاش درێژە بە ژیان دەدەین.



# تورکمان کێن‌و لەکوێوە هاتوون

ئا: محمد ئەحمەندەیی

تورکمان ئەو کەمینەیەن کە لەچەند شوێنێکی عێراق‌و کوردستان بە ئامانجێکی سیاسی نیشتەجێ کران‌و لەو کاتەوەش گەلی عێراق‌و کوردیش رێزیان لێگرتوون. لەوکاتەوە ئەمە بووتە کێشەیەك‌و بەردەوام دەوڵەتی تورکیا بەبیانووی پاراستنی ئەو کەمینەیە هەڕەشە دەکات‌و تەنانەت بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان بە تورکمان لەقەڵەم دەدات.. بۆیە بەپێویستم زانی بە پشتبەستن بەچەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی عەرەبی کەمێك نەژادو رەسەنایەتی تورکمان بە خوێنەری کورد بناسێنم تا بزانێت ئەو کەمینەیە لەکوێوە هاتووە.

**تورکمان کێن و لەکوێیوە هاتوون**

بەبۆچوونی مێژوونووسی تورك (شاکر سابیر ضابط) کە ئەویش پشتی بەسەرچاوەی مێژوونووسە عەرەبیەکان بەستووە" یەکەم هاتنی تورکمان بۆناو عێراق ساڵی ٥٤ی کۆچی‌و ٦٧٤ز، بووە.. کاتێك چوارهەزار جەنگاوەر بۆ کۆمەکی خەلیفەی عەباسی هاتوون". ئەمەش وادیارە بۆتە سەرەتای شالآوی هاتنە ناوەوەی تورکمان کە مۆرکێکی سەربازی پێوەبووە بۆ ناو عێراق لەسەردەمە ئیسلامیە جیاجیاکاندا. (ئیبن خودادیە) لە" المسالك‌و الممالك"دا دەڵێ: والی خۆراسان عبداللەی کوڕی طاهر، ساڵانە هەزار تورکی لەشارە جیاجیاکانی تورکستانەوە دەناردە عێراق، ئەمەش بەپێی ئەو فەرمانە بووە کە لە خەلیفەوە بۆی دەهات.(د. مستەفا جواد) دەڵێ: وەك چۆن سەرکردە ئەمەویەکان، تورکیان بەلای خۆیاندا رادەکێشاو دەیانکردنە سەرباز، هەرواش عەباسیەکان بۆلای خۆیان دەهێنان‌و پروپاگەندەیان گەیشتە تورکستان‌و ئاسیای ناوەندو شۆڕشیان دژی ئەمەویەکان کردو تورکیشیان بەبیانوی ژیانی خۆش راپەڕاندن، بەم جۆرە ژمارەیەکی زۆری تورك دایانە پاڵ عەباسیەکان، هەندێك بەتەمای ماڵ‌و سامان‌و گۆڕینی هەلومەرجی سەختی ژیان، خۆبەخش، کەپێیان وابوون ئەوە گوێڕایەلی فەرمانی خوایەو پێویستە لە" العقدا الغرید"ی ئیبن عبدربەدا هاتووە کە: هارون رەشید تورکمانی لەناو سوپاکەی‌و پاسەوانە تایبەتیەکانیدا بەکارهێناون، بەشی هەرە زۆری پاسەوانەکانی (مەئمونیش)تورك بوون. هەر خەلیفە موعتەسەمی عەباسیش، لەشکرێکی لێ ئامادەکردبوون‌و ساڵی ٢٢١ك، (٨٣٦)ز. لەسامەڕا نیشتەجێی کردبوون، بەم جۆرە بوونی تورکمان لە عێراقدا، زیاترو زیاتر بوو، بەڕادەیەك لەسەردەمی بوەیهی (ناوەڕاستی سەدەی دەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمی زاینی) زۆربەی سەربازانی دەوڵەتی بوەیهی تورك‌و دەیلەم بوون. بە پشتبەستن بەم راستیانە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە شاکر سابیر دەڵێ: وەکو بۆمان دەرکەوت هاولآتیانی تورکمان لە عێراق، ئەرکی پاراستنی نیشتیمانیان پێسپێردراوە دژی شالآوی دەرەکی‌و پارێزگاری ئاسایشی ناوخۆی ولآت. بۆیە دەبینین لەسەردەمی ئەمەوی‌و عەباسیدا، لەشارو شوێنە سەربازی‌و ستراتیژیەکانی سەرتاسەری عێراق نیشتەجێ کراون وەکو( بەسرە، واسیت، بەغداد، سامەڕا، تکریت، موسڵ، تەلەعفەر، ئەربیل( هەولێر)، کەرکوك، مەندەلی‌و ناوچەکانی دیکەی دیالاو شارەزوورو چەند ناوچەیەکی دی. شایانی باسە، ئەو تورکانەی هاتنە عێراق، هەتا سەردەمی دەوڵەتی (بوەیهی) تەنها ناوەڕاست‌و خواروی عێراقیان کردبوە مۆڵگەی نیشتەجێ بوونی خۆیان، وێڕای چەند شارو ناوچەیەکی ستراتیژی لەباکور بەتایبەتی لە موسڵ‌و سامەڕاو هەولێرو کەرکوك‌و تکریت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی بیروڕای لیژنەی تایبەتی دەستەی نەتەوەکان بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەی موسڵ، لەو بوارەدا بەهێند وەربگرین، کە ئەو لیژنەیە، پشتی بە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەو بەڵگەنامە بەستووەو لەگەڵ بیروڕای رۆژهەلآتناسی ناسراوو یەکێك لە دانەرانی (ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی)و خاوەنی سەروتاری کەرکوك لە ئنسکلۆپیدیاکەدا "ج- ه کرێمەرز" ئاشنابووەو لیژنەی ویلایەتی موسڵ نەچۆتە ژێر کاریگەری هیچکام لە بۆچوونی ئینگلیزو کەمالیەکان، کە دوولایەنی سەرەکی کێشەی موسڵ بوون. لیژنەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دوو کۆمەڵی سەرەکی تورکمان لە موسڵ هەن، کە ئەوانیش تورکمانی رۆژهەلآت‌و تورکمانی رۆژ ئاوان کە بەدوو دیالێکتی جیا قسەدەکەن‌و پاشماوەی ئەو سەربازانەن کە پیاوی خەلیفەکانی عەباسی‌و کاسەلێسی ئەوان‌و سەربازانی توغرول‌و هاوپەیمانەکانیان نۆ سەربازی ئەتابەگ‌و سوڵتانەکانی عوسمانی‌و ئەفسەرو فەرمانبەرەکانی ئەوان بوون لە چاخە دێرینەکاندا، واش گومان دەکرێ کە (ئەدمۆنس) هەربۆیە کتێبەکەی خۆی بەناوی( کوردو تورك‌و عەرەب) ناونابێت. زاراوەی تورکمان بۆ ئەوشارو گوندانە بەکارهێنراوە کە لە کۆمەڵێك رەش‌و رووت پێکهاتوون‌و بەگشتی بە تورکمانی قسە دەکەن، وشەی تورکیش مەبەست لێی ئەندامی خێزانە دەسەلآتدارو خواپێداوەکان‌و پاشماوەی فەرمانبەرو ئەفسەرانی پلە بەرزی سەربازی عوسمانین لەتورك‌و کەسانی دی کە دوای رۆیشتنی



عوسمانییەکان بەجێماون بەتایبەتی لەشاری کەرکوکو بە تورکی عوسمانی قسەدەکەن. سەرچاوە زانستیە عێراقیەکانیش بەهەمان شێوە باسی رەسەنو بنەچەی تورکمانو شوێنی بونیان دەکەن، هەروەکو لە دەلیلی فەرمی عێراقیدا هاتووەو دەڵێ: لەسەردەمی سەلجوقیو عوسمانیدا دابەزێنراونە چەند ناوچەیەك كە ئەم ناوچانە، شوێنگەلێکی سەربازی گرنگ بوون لە شوێنی پێکگەیشتنی هەردوو ناوچەی کوردو عەرەب. دواتر ئەم ناوچەو ناوەندانە گەشەیان کردووەو بونەتە شاری گەورەی وەك: تەلەعفەر، گوێر، مەخمور، ئاڵتون کۆپری، داقوق، توزخورماتو، خانەقین، مەندەلیو جیزانی و...هتد. لەسەردەمی عوسمانیدا بوونی تورکمانو دەسەڵاتیان لە کەرکوك پەرەی سەند، نەخوازەلا دوای ئەوەی ئەو ناوچانە بەفەرمی خرانە سەرخاکی عوسمانی بەپێی رێککەوتننامەی (ئەماسیە)بوو لەنێوان هەردوولا، عوسمانی سەفەوی کە لە ٢٩ئاداری ١٥٥٥ز. مۆرکرا. لێرەدا ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە بەروونی لەبەڵگەنامە فەرمیەکانی عوسمانیدا، ئاماژە بە کێشەی سنووری ئێرانو عوسمانی کراوە، بەتایبەتی لەسەر سنجقەکانی شارەزوور، کەرکوك، رەواندز، عەمادیە، وانو بایەزید، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو ناوچانە کوردن تا درەنگانێکی سالآی ١٩٠٨. پێویستە بڵێین، لە زۆر زووەوە کاتێ عوسمانیەکان عێراقیان داگیرکرد، هێزێکی سەربازیان لە ( ئینکشاری)کەرکوك دانا، بۆ ئەوەی ئەو گرنگیەی بۆ شارەکە بگێرنەوە کە پێش ئیسلام هەیبووە وەکو قەڵایەك وابوو لەرووی هەردەستدرێژیەك كە لە رۆژهەڵاتەوە کرابایە بە تایبەتی لەلایەن ئێرانەوە، ئەو بوونە سەربازیەی عوسمانی وردە وردە پەرەی سەند بەهۆی پێویستی پاراستنی رێگای بازرگانی کە لە ئەنادۆڵەوە درێژدەبۆوە ناو قولایی خاکی عێراق، بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی هۆزەکوردەکان، بەتایبەتی هۆزی هەمەوەند کە مەترسیەکی گەورەبوون بۆ کەرکوكو دەوروبەری. بەوجۆرە کەرکوك بەگرنگی مایەوە تا ئاخروئۆخری سەردەمی عوسمانی، کاتێك لەوێوە سەرباز دەنێردران بۆ سەرکوتکردنی ئەو کوردانەی کەلە(بابی عالی)هەڵدەگەرانەوە لە ناوچەدوورەدەستەکانی کوردستان. ماوەیەك پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، عوسمانیەکان خوێندگەیەکی " روشدیە" ی سەربازیان لە کەرکوك کردەوە، کە دوای ئەو بەرەوارە بوو بەکاریگەریەك کە فەرمانبەری مەدەنیو ژاندرمەی باوەڕپێکراوی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەستەبەرکرد. بەوجۆرە لەناو تورکمانەکاندا، کەسانی خاوەن پلەوپایەی بەرز، لەبواری سەربازیو کارگێڕیدا پەیدابوون، ئەمە جگەلەوەی بەشێکی بەرچاوی تورکمان، بەزەویو کشتوکاڵەوە بەسترانەوە(بابی عالی) زۆر بەدەست ئاوەڵایی زەوی کشتوکاڵی گەورەی پێبەخشینو کردنی بە دەرەبەگی گەورە. لەئەنجامی ئەوهەموو فلتەرو هۆکارانە، توێژێکی ئەریستۆکراتی(خانەدانی) تورکمان لەناو خودی کەرکوك پەیدابوونو زۆر خێرا گەشەیانکردوو دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریو رۆشنبیری گەورەی پەیداکرد. دواتر بە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ(ئیتیحادیەکان)و لە ئەنجامی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٠٨ دەسەلاتو قەڵەمرەوی تورکمانەکان زۆر زیادی کردوو پەرەی سەند. پسپۆڕێك لەو بارەیەوە دەڵێ :- ئیتیحادیەکانیش هەمان سیاسەتی پێشوی عوسمانیەکانیان گرتەبەرو بەجۆشدانی گیانی نەتەوەپەرستی لەدڵی تورکمانەکاندا، هەلومەرجەکەیان زیاتر دژوارکردو لقو دامەزراوەی زیاتری ئیتیحادو تەرەقیان لە ناوچە تورکماننشینەکاندا کردەوەو کادرو لێپرسراوی زۆری تورکمانیان تێدا فوت کردنەوەو خوێندکارانی تورکمانیان لە قوتابخانەو کۆلێژەکانی ئەستەمبوڵ وەردەگرتنو هانیان دەدان بۆ تورکیا سەفەربکەن. سەرجەم ئەم هەنگاوانە مۆرکێکی نەتەوایەتیان لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ژیان لە کەرکوكو دەوروبەری لەسەردەمی عوسمانیدا بەجێهێشت، تانانەت کار بەوەگەیشت، هەندێ خێزانی ناسراوی کورد، ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بۆ تورکی گۆڕی، لەوانەش بنەماڵەی یەعقوبی(ئال یەعقوب زادە)کە بنەماڵەیەکی ناسراوی عەشیرەتی زەنگەنەی کوردبوون. بەڵام یەعقوبیەکانی هەولێر، پێناسەی نەتەوەیی کوردی خۆیان پاراست، یەعقوبیەکانی کەرکوك خاوەن زەویو زارێکی گەورەبوونو ئەوەش دەسەڵاتێکی زۆری پێدان، ئەو دیاردەیەش هەر بەتەنیا کەرکوکی نەگرتەوە.. بەجۆرێك کە ئەفسەرێکی ئینگلیزی لە سوپای عوسمانیدا ئیشی دەکرد بەناوی(مێجەر مللیگن) لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، بەچاوی خۆی بینویەتی کەچۆن زۆر لە کوردەکانی " ئەرزەرۆمو وان" پێناسەی نەتەوەیی خۆیان گۆڕیوە، لەپێناو نزیکبوونەوە لە دەوڵەتو بەدەستهێنانی بەشو پشکی چاك، دەرهاویشتە رۆشنبیریەکانی تورك ئەو سنورەشی بەزاند، بەجۆرێك زمانی تورکی وەك زمانی دەسەڵاتو فێربوون بەشێویەکی بەرفراوان لە کەرکوكو دەوروبەری گەشەی سەند، بەتایبەتیش عوسمانیەکان لە کەرکوك بایەخێکی زیاتریان بەتورکی دەدا، وەك لەوەی لەشارەکانی دیکەی عێراق دەکرا، بۆ نموونە هەر لە زۆر زووەوە لە ساڵی ١٨٧١ز. قوتابخانەیەکی پیشەییان لێکردووە، کە یەکێك بوو لەو سێ دانەیەی کە بەو جۆرە لە سەرتاسەری عێراق هەبوون. هەروەها، یەکەم خوێندنگەی سوڵتانی لە ساڵی ١٩١٠دا لە کەرکوك کرایەوە، لەکاتێکدا دوای زیاتر لە سی ساڵ، هەمان خوێندگە لە کانوونی یەکەمی ١٩١٣ لە بەغدا کرایەوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە هەوڵەکانی والی موسڵ لەسەرەتای ساڵی ١٩١٤دا سەرینەگرت، بۆ گۆڕینی خوێندنگەیەکی ئامادەیی بۆ خوێندنگەی سوڵتانی، جێی وەبیرهێنانەوەیە زمانی (تورکی) زمانی خوێندن بوو لەسەرجەم خوێندنگە عێراقیەکاندا، بەشێوازێکی تورکی دەخوێندرا لەلایەن مامۆستایانی تورکەوە، بەجۆرێك تێکڕای کاتژمێرە تەرخانکراوەکان، بوونە زمانی تورکی لە قوتابخانەی روشدیەو ئامادەییەکان بیستو دوو کاتژمێربوو، واتە دوو ئەوەندەی ئەو کاتەی کە بۆ زمانی عەرەبی دانرابوو، گەرچی زمانی ئاینو قورئانیش بوو، رۆژنامەو کتێبە ئەدەبیە تورکیەکان، دەورێکی بالآیان لەو بوارەدا دەبینی، وەکو زانراویشە، زۆربەی رۆژنامەکانی ئەوسا، یان بەتورکی بوو یان بە عەرەبیەکی تورکی، یان بەتورکیو کوردی دەردەچوون. هەروەها رۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ بڕەوێکی زۆریان لەنێو رۆشنبیرانی کوردو تورکماندا لە کەرکوكو شارو ناوچەکانی دی پەیداکرد. جگە لەوەش شاعیرانی کورد بەبەرهەمی رۆشنبیرو نووسەرە تورکە نوێخوازەکان سەرسام بوون، لەوانەش( شێخ رەزای تاڵەبانی) کە پەیوەندیو دۆستایەتی (نامیق کەمالی ١٨٤٠ - ١٨٨٨)نوێخواز هەبوو. شێخ رەزاو شاعیرانی دیکەی کورد، توانیان بەهەردوو زمانی کوردیو تورکی، شاکاری بەناوبانگ تۆماربکەن، بۆیە، سەیر نییە زمانی تورکی ببێتە زمانی رۆشنبیریو قسەپێکردن لەسەر ئاستێکی فراوان، نەك هەر لەنێو تورکمانەکانی کەرکوكو دەوروبەری بەتەنیا، بەڵکو لەنێو عەرەبو کوردیشدا بێ ئەوەی کاربکاتە سەرهەڵکەوتی نەتەوایەتیان، وەکو(کریمە) باسی دەکات: پێش جەنگی جیهانی یەکەم لە کەرکوك تەنیا جولەکەکان بەعەرەبی قسەیان دەکرد، لەکاتێکدا مەسیحیەکانی کەرکوك کە ژمارەیان سێ سەدو پەنجا خێزان دەبوو، بەتورکیەك قسەیان دەکرد، بەرێنووسی سریانی دەنووسرا، ئەم دیاردەیە درێژبووەوە بۆ دەوروبەری کەرکوکیش، جگە لەوەی ئەم گەشتیارە سەرنجی ئەوەشی داوە زمانی خەڵکی توزخورماتو کوردیو تورکی بووە.

- گۆڤاری زانستی سەردەمی عێراقی، ئەو تێبینیەی لەبارەی عەرەبەکانی زین

ئەلعابدین، تۆمار کردووە کە دەڵێ: گڵکۆی ئیمام زەین ئەلعابدین کوڕی حسێن کە تەلارێکی سێ گومبەزیە، لەسەر تەپۆلکەیەکی مێژوویی دروستکراوە کە، دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی شارۆچکەی داقوقەو بەدووری حەوت کیلۆمەترە. گوندێکی دەکەوێتە نێوانەوە کە بەو ناوە ناسراوەو زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەبن‌و بەڵام زمانی فەرمیان تورکیە. تورکمانەکانیش لەلایەن کوردو عەرەبی ناوچەکەوە کاریان تێکراوە، بەڵام لەرووی هاوکاری‌و بەریەك کەوتن نەك بەزۆری‌و ناچارکردن بە مەبەستی گۆڕین‌و بەکورد یا بەعەرەبکردن.

تەها هاشمی لە( مفصل جغرافیه العراق)دا دەڵێ: گومانی تێدانییە ئەو تورکمانانە، نەیانتوانی دابونەریتی رەسەنی تورکی خۆیان بپارێزن، چونکە تێکەڵاوی کوردو عەرەب بوون‌و جودابوون لە تورکەکانی ئەندۆڵ.( فەیسەل محمد الرحیم)لەبارەی زمانی تورکمانیەوە دەڵێ: لەزمانی رەسەنی تورکی دوورکەوتۆتەوەو وشەگەلی کوردی‌و عەرەبی زۆری تێکەڵ بووە. (ئەدمۆنس) لەکتێبی " کوردو تورك‌و عەرەب"لە باسی کەرکوکدا، کاتێ کەدێتە سەر تورکمان لە (ل٣٢٥) دادەڵێ: ئەوانەی لە مێژووی عێراقیان کۆڵیوەتەوەو من دەربارەی ناوەندو شوێن‌و ژیانی تورکمان قسەم لەگەڵ کردوون لەسەر ئەو باوەڕەن کە :-

١-تورکمانەکانی عێراق( سەلجوقی گەورە)لە ئەنادۆڵەوە هێناونی.

٢-ئەو تورکمانانە، نەوەی ئەو سەدهەزار تورکەن کە تەیموری لەنگ گرتنی‌و بەتکای (خواجە عەلی) شێخی ئەردەوێڵ لە کوشتنیان خۆش بوو، ئەو خواجە عەلیە، یەکەم کەسی سەفەوی بوو کە هەستی شیعەگەری لەخۆیدا پێشاندا.

٣-بەو پێیەی دەبێ هاتنی تورکمانەکان لەنێوان سالآنی ١٣٩٢- ١٤٠٥دا بووبێ.

٤-سوڵتان سەلیمی یەکەم‌و سوڵتان سلێمانی قانونی(١٢- ١٥٦٦)ئەو تورکمانانەیان بۆ پارستنی رێگا لە ئەناتۆڵیانەوە هێناونە ناو عێراق.

٥-ئەو تورکمانانە دەبێ خزم‌و کەس‌وکاری ئازەربایىنجانیەکانی(مەراغە)بن، کەشا عەباسی سەفەوی (٠٢-١٥٢٤)کاتێ عێراقی داگیرکردووە لەسەربازگەکانی ئەوێ دایناون.

٦-ئەو تورکمانانە، دەبێ خزم‌و کەسی ئەندامانی ئەو پێگە سەربازیە بن کە (نادرشای قاجاری)(٣٠- ١٧٤٧) لە عێراق دایناون.

٧-سەرچاوەکان لە خەمڵاندنی ژمارەیەکی تورکمان لەعێراقی پێش سەرژمێری (١٩٥٧) کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە، گرژو ناکۆکن‌و لەیەکەوە نزیك نین. رۆشنبیرانی تورکمان لەبارەی ژمارەی تورکمانەکانەوە زێدەڕەویان دەکرد، کە لەوانەیە بەهۆی بلاوبوونەوەی زمانەکەیان بووبێ‌و لەهەمان کاتدا کەسانی دی ژمارەیەکی لەراستی بەدەریان راگەیاند، بەجۆرێك پاش تێپەڕینی چەند دەیەیەك لەرۆژگار، هەر هەمان ژمارەی(٦٠٠٠٠)شەست هەزار تورکمانیان رادەگەیاند کە دەوڵەتی بەریتانیا ساڵی ١٩٣١دا بو بەدەستەی نەتەوەکان، لەدوا راپۆرتی خۆیدا دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق. پێویستە بگوترێ هەر هەمان ژمارەش لە ساڵی(١٩٣٠)دا تەها هاشم باسی کردووە، هەندێ کەسی دیکەش ساڵی ١٩٧٥دا ژمارەیەکی لەوەش کەمتریان دابوو کە بریتی بوو لە (٣٨٨٥٢)کەس، بەپشت بەستن بەو سەرچاوە مێژووییەی کە مێژووی چاپکردنی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٩٣٦و ئەو هەڵەیەش خودی سەرچاوە رۆژئاواییەکانیشی گرتۆتەوە، لەوانەش کتێبێك کە لەبارەی عێراقەوە، لیژنەیەکی تایبەتی لە ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، دوای جەنگی دووەمی جیهانی دایناوو، تێیدا ژمارەی تورکمانەکانی عێراقی بە ( ٣٠٠٠٠)سی هەزار کەس خەملآندبوو.( د. عەبدالرحمن جلیلی)ناوچەی تورکمان نشینی لە عێراق ئاوا دیاری دەکاو دەڵێ: پارچە زەویەکی تەسك‌و درێژهەیە، کە لەچەند شوێنێکی لەیەکەوە نزیکە، بەڵام بەیەکەوە نەلکاوە، تورکمان نیشتەجێن. ئەو هەرێمەش لە رۆژئاوای موسڵەوە درێژدەبێتەوە بۆ هەولێرو کەرکوك، لە رۆژئاواو لەوێوە تا دەگاتە نزیك بەغدا، کە بەشی هەرەزۆری ئەو تورکمانانە، پاشماوەی ئەو سوپا تورکیەن کە عێراقیان داگیرکردووەو چەندین سەربازگەیان لەو شوێنانە بەجێ هێشتووە، کە ئەوانە تێکەڵی دەوروبەرەکەی خۆیانبوون‌و هەندێ بنەمای خۆیان پاراستووەو لەهەمان کاتیشدا دابونەریتی ئەو ژینگە تازەیان وەرگرتووە. ئەمە جگە لەو قسەیەی کە دەڵێ: تورکمانەکانی عێراق‌و کوردستانی عێراق، پیاوی والیە عوسمانیەکان بوون‌و پاش تێشکانی پیاوە نەخۆشەکە لە جەنگی یەکەم‌و هەڵآتنی لە عێراق‌و کوردستان، ئەو خزمەتکارو نۆکەرانە بەجێماون‌و ناوی تورکمانیان بەسەردا براوەو بەرەبەرە ژمارەیان زیادی کردووە تا ئەمڕۆ ئێستاش خۆیان بە میراتگری دەوڵەتی عوسمانی دەزانن.

" رونکردنەوەیەك"

وشەی تورکمان ( Turkoman- Turkomansmen) وشەیەکی لێکدراوەو ئەگەر بە ئینگلیزی شیتەڵی بکەین، ئەوا بەو شێوەیەی خوارەوە، واتا دەداتو بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە.

+ وشەی تورك بەو رەگەزەوە دەگوترێ کە بەو ناوەوە ناسراوەو لەسەردەمی ئێستادا لەچەند ولآتێکی وەك ئایزربایجان‌و تورکمانستاندا دەژین‌و کاتی خۆشی، چەند هۆزێکی بێ سەرەوبەرەی شوانکارەو کۆچەریبوون‌و هۆزی(قای) کە یەکێك لەو هۆزانەبووە لەسەر لاساری‌و دزی‌و راووڕوت، جەنگیز راوەدووی ناون‌و لە ئەنادۆڵ گیرسایەوەو دواتر دەوڵەتی عوسمانیان بەناوی عوسمانی کوڕی ئەرتوغرولەوە کە سەرۆکایان بوو دامەزراند لەسەردارو پەردووی دەوڵەتی سەلجوقی. شوی مان men- manوشەیەکی ئینگلیزیەو واتای پیاو دەگەیەنێت‌و بەتەنیاو لەگەڵ ناوی گەل‌و نەتەوانیشدا بەکاردێ وەك kurdis man englisman...هتد، کە مانای پیاوی کوردو پیاوی ئینگلیز دەگەیەنێ. کەواتە وشەی(Turkoman) لێرەدا واتای پیاوی تورك یان نۆکەری تورك دەگەیەنێت، ئەمەش ئەوراستیە پشتراست دەکاتەوە کە دەڵێ: تورکمان تورك نین‌و سوڵتانەکانی عوسمانی‌و والیەکانیان لەملاو ئەولاوە بەپارەو بۆ خزمەتی خۆیان‌و بەرژەوەندییە ئابوریەکانیان‌و پاراستنی رێگا بازرگانیەکانیان هێناویانە عێراق‌و نیشتەجێیان کردوون‌و دوای روخانی دەوڵەتی عوسمانیش لەساڵی ١٩١٨دا سەرلەنوێ هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی لە ١٩٢٤. ئەمانە لە عێراق‌و کوردستان بەجێ هێڵراون‌و بەهەمان ناوی تورکمان خەڵك دەیناسین‌و ناوی دەبردن.

شاعیرێکیش دەڵێ:

**تورکمانی نان خۆرو کاسە دڕێن**
**بێگانەن‌و کەس نازانێ خەڵکی کوێن**
**کوردی رەسەن هەمیشە رێزی گرتوون**
**تاتوانی بێ میوانداری لێ کردوون**
**بەڵام ئەوان بەقسەی تورانیزمەکان**
**هەر چەقەڵ بوون بۆ چاوی کورد زمان**

سەرچاوەکان:


کرکوك‌و توابعهاحکم التاریخ‌والضمیر. د. کمال مەزهەر احمد

موجز تاریخ الترکمان فی العراق. الجزالاول . شاکر صابر الضابط

العراق الشمالی. د. شاکر خصباك

کردو ترك‌و عرب. الطبعة العربیة . ادمونس

تەها هاشمی . مفصل جغرافیە العراق

محاضرات في اقتصادیات العراق. ص ١٤ د. عبدالرحمن الجلیلی.

# فەرهەنگخانەی قەڵادزێ
# نمونەیەکی جوانی کۆمەڵگەی مەدەنی

فەرهەنگخانەی قەڵادزێ پرۆژەیەکی دوو لایەنەی نێوان وەزارەتی وەرزش‌و لاوان‌و گەنجانی قەڵادزێ یە، پرۆژەکەش پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی فراوانە، بەو مانایەی تەنها لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا خوول ناخوات گرنگی دەدات بە ئەدەب‌و هونەرو فەرهەنگ‌و وەرزش‌و خولی زمانەوانی‌و بوارەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت‌و کۆڕو سیمینارو گەشتی زانستی و بواری هۆشیاری گشتی، لە بنچینەدا فەرهەنگخانە ستراتیژێکی گەورەو فراوانی هەیە کەئێستا لە سەرەتای دایەو لەپلانی جێ بەجێ کردنی بەرنامەکانی دایە، لە داهاتووشدا چەندین پرۆژەی گەورەو هەمەلایەنی هەیە بەتایبەت هەوڵدان بۆ هۆشیاری گشتی لاوان‌و هاوکاری کردنیان بۆ گەشەپێدانی توانا سازیەکانیان لە گشت بوارە هەمەچەشنەکانیاندا. ئەوەی جێی باسە ئەم پرۆژەیەی وەزارەتی وەرزش‌و لاوان بە سیستەمێکی تازە کاری لە سەر دەکرێت‌و ئەمەش بەوەی گەنجان‌و لاوان زۆربەی دەسەڵاتی بڕیاردان لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندایەو ئازادانە مامەلە دەکەن. ئەم پرۆژە جێگای تەواو لە دڵی گەنجانی دەڤەرەکەدا کردۆتەوە، لە هەمانکاتدا گەنجێکی زۆر سودی لێ دەبینن کە لە زۆرکاتدا وەك ماڵی گەنجانی لێهاتووە، بەوەی گەنجان بە هەموو جیاوازیەکی ڕەگەزی سیاسی ئاینی.. ڕووی تێدەکەن، بەمەبەستی زیاتر ئاگادار بوون لە چۆنێتی ئیش‌و کارەکانی پرۆژەکە زنار بە پێویستی زانی کە لە نزیکەوە ئەو کەس‌و گەنجانە بدوێنێت کە کاریان تێداکردووە. سەرەتاش ( عبدالله محمد امین )بەرێوەبەری پێشووی فەرهەنگخانە بەم جۆرە بۆمان دوا"بەڕێوەبردن ئەرکێکی گرنگ‌و گرانە، گرنگە چوونکە بەڕێوەبردن رووح دەدات بە میکانیزمی بەردەست هاوکات ڕوحیشیان لێ دەستێنێ بە گوێرەی سەرکەوتویی‌و لاوازی، بەڕێوەبەری سەرەکی ناهێڵێت کێشە بچووکەکان ببنە باسی سەرەکی، گرانی بەڕێوەبردن زیاتر لەو کاتەدایە کە ستافێك خۆبەخش بن چونکە سەرکەووتنی بەڕێوەبردن خۆی لە جێبەجێ کردنی یاساو ڕێکخستندا دەبینێتەوە، ئەمەش لەوکاتانەدا کەمێك ئەستەمترە، فەرهەنگخانەی قەڵادزێ نمونەیەکی جوانی کاری مەدەنی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو بووەو دەبێت، ئێمە لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا چەند کارێکمان کردووە کە لەڕوی چەندایەتی‌و چۆنایەتییەوە جێگای شانازیەو دڵخۆشکەرە ئەمەش بەتواناو ماندووبوونی سەرجەم ستافی فەرهەنگخانە هاتۆتەدی".

بەمەستی کاراکردنی گەنجان‌و لاوانی دەوری فەرهەنگخانەو نەریتێکی نوێ‌و تەکنیکێکی کارکردنی تازە فەرهەنگخانە بوارێکی زیاتر بەو گەنجانە دەدات بۆ گۆڕانکاری لە ستافدا دەکات وەك ئەرکێکی بەڕێوەبردن، هەر گەنجێکیش دەتوانێ ئامادەسازی لە بواری تواناکانی خۆیدا بکات



و بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکات. بۆیە وەك ئەرکێك لە سەرەتای ئەم مانگەدا ستافی تازەو بەڕێوەبەری تازە هەڵبژێردرا کە (جلال خدر) بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردرا بەم شێوەیە بۆ ئێمە دواو گووتی "شانازی بە ئەرکەکەمەوە دەکەم‌و بۆ خزمەتکردنی گەنجان‌و لاوان ئەوەی لە توانامدابێت دەیکەم بە هاوکاری ئەوستافەی لە دەورمە، دیارە ئێمە لە سەرەتادا بە پێی سیستەمێك کەخۆمان دامان رشتووە بە شەکانمان جیاکردۆتەوە لە(بەڕێوەبەر، پرۆژەکان، دارایی، کۆمیتەکانی کار، ڕاگەیاندن‌و پەیوەندیەکان‌و ئەرشیف) چەندین بەشی دیکە بۆ هەریەکێکیشیان پەیرەوی تایبەتمان بۆ ڕێکخستووە کارەکانیان دەکەن".

ئەنجام دانی ئەم پرۆژەیەو ڕێکخستنی کارەکانی پێویستی بە بۆدجەیەکی تایبەت هەیە بۆ ئەمەش بەشی دارایی کارەکانی ئەم لایەنەی ڕاپەڕاندووە، عمر احمد قادر بەرپرسی دارای بەم شێوەیە قسەی بۆکردین"سیستەمی دارایی ئێمە بە شێوازێکی کراوەیە، لە خەرجیەکانماندا زۆر دەست کراوەین، ئەمەش جۆرێك لە کارێکی تازەیە تابتوانین زیاتر پێشکەوتن هەنگاو بنێین، وەك بودجە بودجەیەکی دیاری کراومان هەیە کە پەیوەندی بەو پرۆژانەوە هەیە کە ئێمە ئەنجامیان دەدەین‌و بۆ هەرجارێکی پارە وەرگرتن دەبێت ڕاپرۆتێکی دارایی پێشکەشی وەزارەت بکەین کە هەموو وسولات‌و خەرجی دەستی تێدایە، هموو خەرجیەکان بە ڕاوێژ لەگەڵ ستافی بەڕێوەبردنەو بە ڕێککەوتنە لەسەری، بۆ بەرچاو ڕوونی هەموو لایەك ئێمە سەرجەم کارەکانمان زۆر بە



شەفافیەت ئەنجامداوە هەربۆیە بۆ بینینی ڕاپۆرتەكانی دارایی هەمووكەسێك ئازادە، كە دیارە ئەمەش ڕوونی كارەكانمان دەردەخات". بەشی پڕۆژەكانی فەرهەنگخانە وەك بەشێكی چالاك و دیار كە (كارزان مەلا) سەرپەرشتی دەكات تا ئێستا چەندین پڕۆژەو كاری گرنگی ئەنجام داوە لە بواری فەرهەنگی وەرزشی هۆشیاری گشتی و چەندین لایەنی دیكە وەك ژینگە پارێزی و پاكو خاوێنی. ئەویش لەبارەی چۆنێتی ڕاپەڕاندنی پڕۆژەكان بۆ زنار گووتی" كاری ئێمە لە سەرەتاوە لە سەر بنەمای خۆشەویستی بۆ شارەكە دروست بووە بێگومان ئەمەش نەبوایە نەمان دەتوانی هیچ بە هیچ بكەین وەك بەشی پڕۆژەكان كارمان لە سەر دروست كردنی كۆمیتەی كار كردووەتەوەو تا ئێستاش خەریكی دروست كردنی دەستەیەكی چالاكین لە هەردوو ڕەگەز بۆ زۆربەی بوارەكان بە پێی حەزوو ئارەزوی گەنجان خۆیان، كاری ئێمە پێشكەش كردنی پڕۆژەیەو وەرگرتنی پڕۆژەی گەنجە بە نمونە پڕۆژەی فلم سازی و شانۆكاریمان بۆ چەند گەنجێك كردووە، لە بواری وەرزشیدا یارمەتی تیپی وەرزشیمان داوەو پڕۆژەیەكی گەورەمان كە زیاتر لە (١٠) ملیۆن دیناری تێچووە ئەویش چیمەنكردن و سەوزكردنی یاریگای سەرەكی شاری قەڵادزێ یە كە ئێستا لە ٨٥٪ی كارەكانی جێبەجێ كراون بۆ وەرزش دۆستان كردووە، بۆ ئەمەش هەوڵی زۆرمانداوە كە وەرزشەوانان خۆیان زۆربەی كارەكانیان بە دەستی خۆیان و بێ بەرامبەربكەن. لەبواری پاكوخاوێنیدا هەوڵی ئەوەمان داوە دەستەیەكی كۆمیتەی كار لە گەنجان لە قەڵادزێ پێكبێنین كە تائێستا بەشداری چەند هەڵمەتێكی پاككردنەوەمان لە شارۆچكەی مەخمورو شاری ڕانیە كردووە، نیازمانە لە ماوەی داهاتوودا هەڵمەتێكی پاككردنەوەی گشتی بۆ شاری قەڵادزێ ئەنجامبدەین لە ئێستاشدا تەنكەی خۆڵمان بۆ ناوبازاڕ ئامادەكردووەو نیازمانە لە داهاتوویەكی نزیكدا بڵاویان كەینەوە، لە بواری هۆشیاری گشتیدا كارمان كردووەو بەردوام كۆڕو سیمیناری جیاجیامان لە سەر زۆربەی بوارەكان بۆ گەنجان سازداوە هەر لەڕووی ئەدەبی و سیاسی و كۆمەڵایەتی و زۆربەی بوارەكانی دیكەی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی ئێستاوە لەڕووی هونەریەوە ئێوارە ئاهەنگمان بۆ تارا ڕسوڵ و ڕێدار سابیر سازداوە لەگەڵ پیشاندانی چەندین كورتەفلم و نمایشكردنی چەندین شانۆ كە گەنجان بە هاوكاری ئێمە ئامادەیان كردبوون. لە بواری فێركردنی زمانەوانیەوە خولی درێژخایەنمان بۆ گەنجان كردۆتەوە بۆ فێربوونی زمانی



ئینگلیزی كە ماوەی دوو مانگە بەردەوامە خولی ڕاهێنانمان بۆ زیاتر لە ١٠٠ خوێندكاری شەشەمی ئامادەیی كردۆتەوە، خولی كۆمپیوتەرمان بۆ زیاتر لە ١٢٠ كەس لە هەموو ئاستە جیاوازەكان كردۆتەوە بۆ پرۆگرامی جیاواز كە بۆ ماوەی بیست ڕۆژو بە سێ كاتی جیاواز بەشداری كراوەو ئەنجامی سەركەوتوشی هەبووە ئێستا هێڵی ئینتەرنێتیشمان هەیە كە خۆشبەختانە لاوان دەتوانن بە كەمترین نرخ بەكاری بێنن. نیازیشمانە لە داهاتوودا كاری دیكەو هاوكاری زیاتری گەنجان و لاوان بكەین. بەوهیوایەی بتوانین كەم تازۆر هزری لاوان بجوڵێنین بۆ داهێنان و پاشەڕۆژێكی گەش، لێرەوە دەمهەوێت (ئاسۆس كمال و كاروان عارف)وەك دوو مرۆڤی بەخشندە بە لاوان باسێنم، كە هیچ گوومانی تێدا نییە كە بێ



ئەوان ئەم پرۆژانە هیچ ئاكامێكیان نەدەبوو". بەشی كتێبخانە وەك یەكێك لە بەشە گرنگەكان لە كاردایە ڕۆژانە گەنجان سەردانی ئەوێ دەكەن بۆ خوێندنەوەو كتێب خواستن، فەرمان عزیز وەك سەرپەرشتیاری ئەم بەشە شێلگیرانە كاری تێدا دەكات و پرۆگرامێكی ڕێك و پێكی بۆ سازكردووەو كاری لە سەر دەكەن هەر لەمبارەیەوە ئەو گووتی" كتێبخانەكەی ئێمە بۆ خزمەتی هەمووانە هەموو كەسێك دەتوانێت سودی لێ وەربگرێت، هەرچەندە لە ئێستادا وەكو پێویست نییەو سەرچاوەكانمان كەمن بەڵام تا بۆمان كرابێت لە سەرخواستی گەنجان كتێبەكانمان كڕیون، زۆر كەسایەتی و لایەن كتێبیان بۆ ناردووین و لێرەوە سوپاسیان دەكەین، بەوهیوایەی خزمەتێكی ئەگەر بچووكیش بێت بە لاوان و گەنجان بكەین".

چەند گەنجێكی دی كە كاریان لە پرۆژەكەدا كردبوو بەم جۆرە هاتنە دووان، حسن حمە عبداللە كە یەكێك لە كەسە چالاكەكان و لێپرسراوی كەلو پەلەكانی فەرهەنگخانە بوو گووتی" ئێمە بە خۆشەویستی یەكترەوە كارمان كردووە تا كەلاوەیەكمان بەهێزی پەنجەكانمان كردە بەهەشتێك بۆ گەنجان، نەمانزانی ماندوو بوون چیە، ئێستاش گەنجان بەرهەمی دەخۆن بۆیە ئێمە شانازی پێوە دەكەین. لە بارەی كارەكەشمەوە هەوڵمداوە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە كار بۆ پاراستنی هەموو شتەكان بكەم و لای خۆم ئامارێكیان بكەم سەرجەم كەل و پەلەكانی تێدا تۆمار بكەم.

ساوێن خدر یەكێكی دیكە لەئەندامەكانی فەرهەنگخانە وەك كچێك بەشداری بەڕێوە چوونی كارەكانی ئەم شوێنەدەكات و بە ئێمەی گووت" من وەكو كچێك زۆر ئاسوودەم كە كار لە شوێنێكی وادا دەكەم هاوڕێكانمان هەموویان زۆر باشن بەهیوای ئەوەی بە هەموومان كاربۆ بەرەو پێش بردنی وڵات بكەین، لێرەوە بانگهێشتی خانمان دەكەم بۆ كاركردن كە ئێمە خۆمان بە نیوەی كۆمەڵ بزانین دەبێت هاوكاری و هەوڵیشمان وەك ئەرك بە پێودانگی مافەكانمان بێت تەمەنا دەكەم خانمانیش فەرهەنگخانە بناسن و بێنەپێش و قۆڵیانی لێ هەڵماڵن". یەكێكی تر لە بەشەكانی ئەم پرۆژەیە بۆ خزمەتی ئەوانەیە كە سەردانی ئەو شوێنە دەكەن ئەویش كافتریایەكی قەشەنگ و جوان و پاك و خاوێن كە لەگەڵ كاتەكانی كردنەوەی فەرهەنگخانەدا ئەویش كراوەیە، هەڤاڵ محمد وەك كەسێكی ئەكتیف كە لە بواری ڕاگەیاندنی فەرهەنگخانەدا كاردەكات و هەڵسوڕاو بەهێزە ئەو كاتێك چالاكیەك دەكرێت پێشكات لەڕووی ڕاگەیاندنەوە ئامادەكاری بۆ دەكات، ئەو ستافێكی كارای هەیە كە (گەیلان و كرێكارو چیاو سەربەست)ن بەیەكەوە بە خۆشەویستیەوە كاردەكەن. بۆیە دەكرێت بڵێین ئەو پرۆژەیە نمونەیەكی جوانی كۆمەڵگەی مەدەنیە لە كوردستان. شەیدا عبداللە وەك كچێك كە ڕۆژانە سەردانی فەرهەنگخانە دەكات بۆ ئێمە دواو گووتی" فەرهەنگخانە شوێنێكی تازەو شیاوە بۆ گەنجان ئەوەی من تێبینی دەكەم ئەوەیە كە هەموو چین و توێژێكی گەنجان بەبێ جیاوازی سەردانی ئەو شوێنە دەكەن ئەمەش جێگای دڵخۆشیە بۆ هەموو لایەك، هیواخوازم بەردەوام بن و سەركەوتنی زیاتریان بۆ داوا دەكەم".

# گەنج‌و گەوهەری گەنجێتی

ئەرسەلان مەحمود

هەر ئەوکاتە مرۆڤ، دەتوانێ ئەقڵانەو لۆژیکیانە بیربکاتەوەو گفتوگۆ بکات کەخوێندنەوەو تێگەیشتنێکی بابەتیانەی لەسەر شێوازو ئامانجی ئەو وتووێژە هەبێ کەدەیەوێت ئەنجامی بدات، بۆلێك تێگەیشتن‌و خولْقاندنی کەشێکی نوێ، تەندروست نیە عەقڵ کەناگیربکرێ‌و بخرێتە ناوسنورو نەزمێکی چوارچێوەداری کۆنەوە، یان لەگەڵ ئەو بیروڕایانەی لەپێشوەختدا ناسێندراون، قەتیس بکرێ، چونکە مومکین نیە دوو جیهانی لێکتر جودا هەروا سادەو عەفەوییانە وێك بێنیتەوە، کەوابوو عەقڵ بەتەنها خۆی لەو پەیوەندییەدا دەبینێتەوە کەدەبێ لەگەڵ یەکتریدا دروستی بکەین‌و لەگەڵ یەکتریدا ببیەستین، چونکە ئەوپەیوەندیانەی کەگفتوگۆی ئازادانە لەجێی ستەم‌و کوشتن‌و چەوساندنەوەو ڕەفزکردنی ئەوانی دی بەرامبەر دەخەنەوەو جۆرێك لەژیان‌و دنیابینی ئەقڵانە بونیاد دەنێت..

بۆیە ئەگەر بیروباوەڕێك بێ‌و بیەوێت هەمووماان لەچوارچێوەی مۆدیلێك، بەتایبەتیش ئەومۆدیلانەی پەیوەندی‌و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دنیابینی نەسلی کۆن‌و ئەوەی نوێ هەیە بەرێت بەڕێوە، جگەلەوەی باوەڕێکی توندڕەوانەی ناتەندروستی خستۆتەوە، خوازیاری درێژکردنەوەی تەمەنی دیاردەو دەرکەوتە باوەکانی کۆمەڵگاکەشیەتی، دەیەوێت مەوداکانی نامۆبوونی تاك تاکەی پێکهاتە ئاکاریە کولتوری‌و کۆمەڵایەتیەکان بەرین‌و فراوانتر بکات، دەیەوێت باوەڕبەخۆبوون، لەهزرو زەینی تاك بەتایبەتیش تاکی تازەپێگەیشتوو ئامادە، بکوژێ‌و شوناسی کەسێتی لەنەهامەتیەکەوە بەرەو سەرگەردانیەکی لەبن نەهاتوو ببات، کەوابێ گەنجی ئەمڕۆ، ئەونەوە تازەیەی زۆربەخێرای ئاوێتە بەم سەردەمە نوێیە دەبێ، دەبێت لەوحەقیقەتە تێبگات کەجگە لەخۆ ڕۆشنبیرکردن‌و بەرزکردنەوەی توانا هزریەکانی هیچ چەکێکی بابەتیانەتری لەبەردەستدا نیە وەرچەرخانێکی چۆنایەتی لێوەبخولْقێنێ، بەمەش جگە لەخۆئامادەکردن‌و بەشداری نواندن‌و سەرفکردنی توانا مەعنەویەکانی هیچی دیکەی لەدەست ناچێت‌و سەرەنجام ئەو خۆهیلاککردنەش هەر دەکەوێتەوە خزمەت ئەو ئایندەیەی خۆی دەیەوێت دەستەبەری بکات، باشترین دەستپێکردنیش تێگەیشتن‌و خۆخوێندنەوەیە، چونکە ئەگەر تاکێك یان هەرگەنجێك بیەوێت لەگەوهەری گەنجێتی خۆی تێبگات، دەبێ سەبارەت بەمانەوەو خۆراگری هێزە کولتوریە کۆمەڵایەتی‌و داب‌و نەرێتە باوەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی هەستێکی تەندروست‌و خوێندنەوەیەکی لۆژیکی‌و عەقلانی قولْی هەمەلایەنی هەبێت. هەروەك چۆن ئەگەر ئەوگەنجە بیەوێت، لەشۆڕش‌و ڕێچکەو ڕێبازە شۆڕشگێڕیە فرە ڕەهەندو ئایدیاکانی دوێنێ‌و ئەمڕۆش، بەوپێوەرەی ئێمە هێشتا قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیمان نەبڕیوە، تێبگات‌و خوازیاری ئەوە بێت مرۆڤە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ‌و نەسلی بەر لەخۆی بناسێت، دەبێ سەبارەت بەئایندەو ڕێڕەوی پێشهات‌و گۆڕانکاریە بەردەوامەکانی مرۆڤایەتی‌و هیچ نەبێ کۆمەڵگاکەی خۆی، لەهەوڵی بەشداریکردن‌و بەدەستهێنانی باشترین جۆری زانیاریە بابەتیەکان نەکەوێت، بەمەبەستی زانینی چییەتی ڕاستەقینەی گەنجێتی خۆی، دەبێ تێبگات کەئەو تەنها هەر چەمکێك نیە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو، ئەو بەشێکی بنەڕەتی و تەنانەت سەرچاوەی چالاکی نواندنی بێ‌وچان‌و بلاوکردنەوەی هۆشیاریشە، چونکە دواجار گۆڕان‌و گۆڕانکاریەکان لەدەست‌و مستی ئەوانەوە روەردەچەرخێن، لەوهێزو هزرە نوێیەوە وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کولتوریەکان، دەخەملێن‌و ڕوو دەدەن، گەنجێتی هەر ئەوەنیە بپارێتەوەو لەرێگەی فرێدانی قسەو گوتاری زلەوە داوای مافەکانت بکەیت، دەبێ ئەو ئامادەبێ‌و ژیرانەو بەدیقەتەوە، ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکات کەلەمپەرو ڕێگری لەدەستەبەرکردنی مافو ئازادیە خەیاڵی‌و جەستەیی‌و ڕۆحیەکانی دەکەن، دەبێ بزانێ ئازادی بێکۆت‌و بەند، مومارەسەی غەریزە ئینسانیەکان، لەکوێوە گیریان خواردووە، دەسەلات‌و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگان، یان یاسا کارپێکراوەکانی ئێستای باری کەسێتی‌و نەبوونی فەلسەفەیەکی بابەتی دراسی‌و نەبوونی پەروەردەیەکی سەردەمی هاوچەرخ، هەربەڕاست شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ‌و کاربەدەستەکانی ئەمڕۆن، گەنجیان لەگۆشە نەناسراوو نەزانراوە بەسەرچووەکانی ڕابووردووی خۆیاندا ونکردوە!..یان کاریگەریە بۆماوەیەکانن کەتاهەنووکەش وانیشاندەدەن، باوباپیرانمان نەمردوون‌و تەنانەت لەناوماندا حوکم دەکەن‌و دەژین، ئەگەر کولتوری باوو بەهۆکارو نەسلی دوێنێ بەخەمسارد، سنوردار بکەین‌و وا لێکبدەینەوە، ئەوان کەهاتوون جگە لەگۆڕانێکی سیاسی‌و دەستەبەرکردنی هەندێ دەستکەوتی نەتەوەی گەورە، بایەخێکی ئەوتۆیان بەکاڵکردنەوەی کاریگەریە بۆماوەییە کولتوری‌و کۆمەڵایەتیەکان نەداوە، دەبێ ئەوەش بزانین، ئەوانەی لەبەهەشتی وونکراو دەگەڕێن‌و هیوا بەداهاتوویەکی باشترو تەندروستتر دەخوازن، بۆئەوەی ئەمجۆرە ژیانە لەم سرووشتەدا نەکوژن، بەم شێوەیەی ئێستای کەگەنج باس لەبێ مافی دەکەن، وا دەردەبڕن کەژیانیان لەقەدرو قیمەت کەوتووەو مەرگە مژییێك بۆ ئەوان هاتۆتە ئاراوە، پێویستە لەوە تێبگەن کاریگەریە بۆماوەییەکان، خاڵی



بوونەوەی کۆمەڵگا لەگوناهی نادادی‌و نابەرابەری‌و خورافیاتدا، بەخۆ خەریك کردن بەگوتارە بێ بنەماو لاوەکیەکان‌و بەخۆ ڕزگارکردن لەدەست (نیشتیمان )و جوینەوەو کاوێژەکاریە پرپوچەکان، بەدژایەتی بەها نیشتیمانیەکان، بەداماڵین‌و خاڵیبوونەوە لەئینتیما نەتەوەییەکان، بەبێ ئیرادەیی‌و نەمانی گیانە مەعنەویەکان، نەلەمپەرە باوو بۆماوەییەکان تێك دەشکێن‌و نەئەو ژینگەیەش هەروا سادەو بێ ئامادەگی گەنج، نۆژەن‌و ئۆقرەیی لێدەکەوێتەوەو گەنج دەبێ خۆی خولْقێنەری ئەوبەهەشتەبێ کەخوازیاریەتی‌و ڕۆژانە دەیلێتەوە.. ئەوکاتەی تۆ دەتەوێت مافەکانت، ئازادیەکانت، هاوڕێڕۆیشتنێك لەگەڵ سەردەمەکەدا، بەدەست بهێنی، تەنانەت ئەو شتانەی کەدەستی مرۆیان ناگاتێ‌و لەئاسمانەکاندان، مسۆگەرو بەرجەستەیان بکەی، دەبێ لەو سرووشت‌و خولیایانەی خۆت بەئاگابی‌و بەشوێن ئاوی ئەو ژیانەوە، سەنتەری نەخش‌و پەخشی داهێنرانەو بیری خۆبەدەستەوە نەدان‌و ئەسپی باوەڕ بەخۆ بوونت لینگ بدەیت‌و بەوە ڕازی نەبی، تاك‌و نەوەیەکی لەپەراوێزدا هەڵسوڕاوت لێبکەوێتەوە، ناکرێ خۆت بخەیتە نێو چوارچێوەو ژێرکاریگەری پەروەردەو بارە دەرونیە دەق گرتووەکانی کۆمەڵگاکەت، چونکە ئەوەی کەگۆڕانی ڕاستەقینە دروست دەکات‌و جیهانێکی نوێ لەوەدەستخستنی ماف‌و ئازادیە خوازراوە فەردیەکان دەخولْقێنێت، ڕوانگەو تێگەیشتن‌و گەشبینی‌و باوەڕ بەخۆبوونن. ئەگەر خۆبەستنەوەش بەچارەنوسی تاك تاکەی هاونیشتیمانیەکانت وەك خۆیان دەڵێن، بەیەکێك لەبالاترین هۆکارگەلی ئەوسەرگەردانیەی گەنج باسی لێوەداکات، چونکە ئەو خوازیاری خودگەراییەو تەبلیغاتیش بۆئەوە دەکات لێکبدرێتەوە، بێگومان دەبێ ئەوڕاستیەش لەبەرچاوبگرێت کەهەرجۆرە پەلەکردنێك بۆ تێگەیاندن‌و قایلکردنی ئەوانی دی لەو مەیلکردنە یەکێکی دیکە لەهەرە کێشە ئاڵۆزو ترسناکەکانەو دووبارە پێویست دەکات بۆ لۆژیك‌وئەقڵانیەت‌و بەشداریکردنێکی کارا، بگەڕێتەوە..



# دڵخۆش محەمەد غەریب:
# ئێمەی ئافرەتان تۆزێك ترسنۆکین

لەدایك بووی سلێمانی ساڵی ١٩٤٦، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی شێوەکاری ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧. خێزاندارەو دوو منداڵی هەیە بەناوی ( هێژا، هەنار)سەرپەرشتیاری هونەریە لە چالاکی قوتابخانەکان، بەمەبەستی گفتوگۆیەکی لەسەر هونەری شێوەکاری زنار میوانی خاتوو دڵخۆش بوو.

**دیمانە: خەبات محەمەد**

زنار: سەرەتای کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە

دڵخۆش محەمەد: من هەر لەمنداڵیەوە بەهرەمەند بوومو بەرەبەرەو لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەمەن چەکەرەی کردوو تا گەیشتمە قۆناغی ناوەندی باشتر گەشەم بە بەهرەکەمداو لە پەیمانگاش کامڵ بوو. لەو قۆناغەی خوێندندا بەشداری فیستفاڵی ساڵانەم کردووە.

زنار: لە چ بوارێکدا.

دڵخۆش محەمەد: وێنەکێشانو بەتایبەتی وێنەی سروشتی.

زنار: چ ستایلێك.

دڵخۆش: زۆرێك لەو کارانەی دەیانکێشم زیاتر بۆ ئافرەتە ئەو ستایلانەی کاری لەسەر دەکەم حەز دەکەم خزمەتێك بێت بە ئافرەتان.

زنار: حزووری ئافرەتی کورد لەو بوارەی هونەردا چەندە.

دڵخۆش: بەشێوەیەکی بەرچاو باشە بەڵگەشم ئەو ژمارە زۆرەی پێشانگا تایبەتیانەن.



زنار: ئەوەندەی ئافرەت لەبواری شێوەکاریدا ئامادەی هەیە لەبواری نواندندا کەمترە بۆ.

دڵخۆش: کۆتو پێوەندەکانی کۆمەڵ بەرپرسن.

زنار: بەڵام ئەویش هەر بوارێکی دیکەی هونەرە.

دڵخۆش: جۆری کارکردنەکە دەور دەبینێ، لەماڵەکەی خۆتدا دەتوانی دەیان کاری جوان بەرجەستە بکەی دوور لەچاوی کۆمەڵگا، هونەری نواندن راستەوخۆ دێتە بەرچاو زیاتر دەبینرێ، زۆرتر تەرکیزی لەسەرە زیاتر بەرەو رووی تیرو توانج دەبێتەوە.

زنار: کەم دەردەکەوی هۆکەی.

دڵخۆش: من یەکەمجار لەدەرەوەی شار لە رانیە لە قوتابخانەی وەك مامۆستا دامەزرام، کێشەی زۆربەی دەرچووانی بوارە هونەریەکان بەزۆری ئەوەیە کە لەدووری شار دادەمەزرێن زۆربەشیان لەبوارەکەی خۆیاندا وانە دەڵێنەوە ئەوەش بۆخۆی کێشەیە، من ئێستا کۆمەڵێ کاری هونەریم ئامادەیە لەداهاتوودا دەیبینن، هەرچەندە بەراستی کاری دایکایەتیش لەمەجالی زۆر کەم کردۆتەوە، بەڵام من هەر بەردەوامو بەردەوام دەبم. لەرابردووشدا لەچەند پێشانگایەك بەشداریم کردووە لە (٥) پێشانگای هاوبەش جگە لەوەش ساڵانە پێشانگای پۆستەر هەیە لە چالاکی قوتابخانەکان هەموو ساڵێ بەشداریم کردووەو بە پلەی نایاب کارەکانم قبوڵ کراون.

زنار: هاوکاری دەزگا بەرپرسەکان بۆ هونەر وەك پێویستە.

دڵخۆش: من بەش بەحاڵی خۆم هیچ جۆرە هاوکاریەك نەکراوم، ئەو هاوکاریانەی دەکرێن نا عەدالەتی زۆری تێدا هەیە بەهیچ جۆری ئاوڕی لێنادرێتەوە، هەشە لەڕووی هونەرییەوە زۆر لاوازیشە کەچی بەردەوام هاوکاری دەکرێ. هاوکاری ئێمە هاوکاری هونەری نیە. من لەماوەی کارکردنم وەك مامۆستا دەیان منداڵم پێگەیاندووە کە دواتر کاری زۆر جوانیان ئەنجام داوە ئەوە بۆ خۆی جێگای خۆشحاڵیو سەربەرزیە.

زنار: چ بەهونەرمەندانی ئافرەتی شێوەکار دەڵێی.

دڵخۆش: داوایان لێدەکەم کاربکەن، تەنها کارکردنە بەرەو لوتکەیان دەبات، مادام هونەرمەندن با خزمەت بکەن چونکە من پێمولیە تەنها هونەرمەندانن کە راستگۆیانە لەخزمەت نەتەوەکەیاندان بێ چاوەڕوانی پاداشت.

زنار: پێت وانیە راگەیاندنەکانیش لە ئاست ئێوە کەمتەرخەمن.

دڵخۆش: زۆر بەداخەوە زۆر کەم دەزگاکانی راگەیاندن گرنگی بە کاری ئافرەتان دەدەن دەبێ ئەوە بزانین کە هونەرمەندانی ئافرەت بواری کارکردنیان کەمتر بۆ رەخساوە، دەرفەتیان کەمترە تا هونەرمەندی پیاو بۆیە دەڵێم حەق وایە زیاتر ئاوڕ لە ئافرەتان بدەنەوە. من دەبیستمو دەبینم بەقسەو بە ریکلام باس لەمافی ئافرەت دەکەن، هیوادارم ئەو قسە بریقەدارانە واز لێبێنن بەعەمەلیو بەفعلی لەمەیداندا لەمافەکانی ئافرەت چاوپۆشی نەکەنو رێزی لێبگرن.

زنار: بە چ هونەرمەندێکی شێوەکار سەرسامیت.

دڵخۆش: من زۆر بە کارە جوانەکانی (ڤان کوخ) سەرسامم و کاریگەری هەبووە بەسەرمەوە، هەرچەند لاساییم نەکردۆتەوە.

زنار: بیرتان لەوە نەکردۆتەوە لەگەڵ هاوسەرەکەتدا کاری هاوبەش ئەنجام بدەن.

دڵخۆش: من زۆر حەز دەکەمو زۆریش هانی ئەو دەدەم، بەڵام بەراستی بەدەستی ژیانو کاری رۆژانەی ژیانەوە زۆر هیلاکە کەمتر بواری ئیشی هەیە، ئەگەر خوا کردی کەسێك، دەزگایەك هەبوو دەستگیرۆییمان بکات دەکرێت.

زنار: شتێك کە خەونی پێوە دەبینی.

دڵخۆش: تەنها مەرسەمم هەبێو ژیانی کۆمەڵگاکەمان ئاسوودە بێ، نەتەوەکەمان بە ئارامی بژی منیش خەریکی تابلۆکانی خۆم بم من خۆشەویستیم بۆ سەرجەم مرۆڤەکان دەوێت بەتایبەت گەلەکەی خۆم.

زنار: گلەیت لە ئافرەتانی هونەرمەند

چیه.

دڵخۆش: بەداخەوە من کەم‌و کوڕی لە خۆشماندا دەبینم، ئێمە نەمانتوانیوە وەك پێویست نوێنەرایەتی خۆمان بکەن ئافرەتان تەریکن تێکەڵ نابن، تێناکۆشین وەك پێویست زۆر خۆمان تاوانبارین هەر پیاو تاوانبارنین، خۆمان زۆرکەم هەوڵی دەدەین بچینە پێشەوە دەتوانم بڵێم تۆزێ ترسنۆکین.

زنار: ئەگەر بگەڕێیتەوە سەردەمی منداڵیت.

دڵخۆش: هەر دەبمەوە شێوەکار بەڵام بە شیوەیەکی تر

زنار: چ بە کۆمەڵگا دەڵێی.

دڵخۆش: هیوادارم ڕێز لە هونەرمەندان بگرن، باوەڕیان هەبێ هونەرمەندان ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی ئەوان‌و هونەرو کولتوری ئەوان تەرخانکردوە، تکایە ڕێز لەو پیرۆزیە بگرن، ڕەخنە بگرن بەڵام ڕەخنەی دروستکەر پشتگیریمان بن تابتوانین خزمەتیان بکەین.

زنار: پەیوەندی لەناو توێژی هونەرمەندان چۆن دەبینی.

دڵخۆش: وەك پێویست نیە، هیوادارم بتوانن یەکتر قبوڵ بکەین، یەکترمان خۆشبوێ.

زنار: ڕێکخراوەکانی هونەرمەندان تاچەند خزمەتیان بەهونەرو هونەرمەندان کردووە.

دڵخۆش: بەداخەوە نەخێر نەیانکردوە، هیوام وایە کارێك بکەن بتوانن هەموان لەماڵی خۆشەویستی‌و هونەردا کۆبکەنەوە. بەداخەوە نەیانتوانیوە وەك پێویست خزمەت بە هونەرمەندان بکەن.

زنار: پێناسەت بۆ ئەو وشانە چیە

خۆشەویستی: بناغەی ژیانە، دایك: پیرۆزترین وشەیە لای من، وڵات: هیچی لەدایك کەمترنیە، هەنارو هێژا: بەشێکن لە روحی من، سورکێو: هاوسەر، هونەر: سەرەتای شتە جوانەکان، ڕاستگۆیی: ژیان بێ ڕاستگۆی چ مانایەکی هەیە، وەفا: پیرۆزە.

زنار: چیت ماوە بیڵێیت

دڵخۆش: داواکارم ، هیوادارم هونەرمەندان بێنە مەیدان بێدەنگی سوودێکی نیە، هەموو بەیەکەوە جوانین، بابەیەکەوە کاربکەین.. تێبکۆشین کاری جوان بکەین لە پێناو پێشکەوتنی مرۆڤایەتی کۆمەڵگاکەمان، وڵاتەکەمان.. بەخۆشەویستی دەگەینە ئامانج. تەنها زمان کە لەیەکمان حاڵی دەکا خۆشەویستیە..خۆزگە هونەرمەندە کاربەدەستەکان خوار خۆیان لەبیر نەکەن چونکە ئێمەش بەشێکین لەئێوە. زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری زنار.

# نامەیەك بۆ بەختیار عەلی

ئەزیزم سڵاو...

چەند ساڵێك بەسەر ئەو دەستگرتنەدا تێدەپەڕێت، کە هاتی‌و بۆ یەکەمجار لەناو ئەو نیگاو روانینە رواڵەتی‌و سادانەی خوێندنەوەدا هەڵتگرتین‌و بۆناو تێکستە قوڵ‌و فرە جەمسەرەکان، تاکو فێربین چۆن چێژ لەجوانی بکەین‌و بە چ شێوازێك لەعەشق بڕوانین‌و چۆن لەنهێنی مرۆڤ نزیکك ببینەوەو بە حەزەرەوە دەست لەشتەکان وەربدەین. سەیرە من لە بولێلی ئەم بەیانیەدا نامەیەك بۆتۆدەنووسم، ناشزانم پێت دەگات یاخود نا، بۆشم گرنگ نییە، چوونکە پێش ئەوەی ئەم وشانە بگەن بەتۆ، دەگەنە هەرەمەکانی ئاسودەیی خۆم، پێش ئەوەی نیگات بکەوێتە سەریان‌و لەگەڵ خوێندنەوەیاندا بزەیەك بێتە سەر لێوەکانت، خۆمی لەناو خەنینداا بزرکرد.



پەیوەندعومەر

ئازیزم بەختیار.. هەنوکە کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، هەردوو رۆمانی (ساڵی ئاشوب)و( ئیوارەی پەروانە) بەیەکەوە دەخوێنمەوە، هەرچەندە ئێوارەی پەروانەم پێشتر خوێندبۆوە- ئای دوو کتێبی چەندە قوڵ‌و مەزنن، چۆن مرۆڤ ون دەکەن‌و چاوشارکێی پێدەکەن. دەمەوێ زۆر متەوازعانە ئەو دوو رۆمانە بەراورد بکەم، چونکە تۆ مەحکومی بەوەی ئێوارەی پەروانەت لەو رۆمانە وەرگرتووە. ڕاست دەڵێم( تا ساڵی ئاشوب)م بەپایان نەگەیاند، تووشی دڵەڕاوکێیەکی مەزن هاتبووم، ترسم هەبوو، قەلەق بووم، دەترسام لەم دادگایەدا کە بۆ مەحکوم بوونی تۆ دامەزراوە، حوکم بدرێیت، چوزانم ئەمە وەسوەسەیەك بوو هیچی دیکە. بەڵام دواتر کە لە خوێندنەوەی رۆمانەکە بوومەوە، لەخۆشیدا دەستەکانم لەیەکدەخشاند، دڵنیابووم، بوهتانی لە شکرەکانی غەدر، لە سێدارەکەی نەقیب خەسرەوی دەچێت کە تەنها ژمارەی مردوەکانی زیاد دەکرد. تۆ هەموو ئەو داوو پەرژینانەت تێکشاند، کە نووسەرو رۆشنبیرە حیزبیەکان‌و ئەوانەی راو لەئاوی لێڵدادەکەن، لەنێوان تۆو خوێنەرەکانتدا دروستی دەکەن، بێدەنگی تۆلە(جاوید)دەچێ کە تامردن بەقوڵی لە شتەکان رادەماو هیچی نەدەگوت. لەرێگای تێکستەکانتەوە وەك نووسینی سەر گۆزەکانی (حوسەینا)دەچیتە نێوماڵی یەك بەیەکیان‌و دەبیتە ئەو نهێنیە ئاڵۆزەی کە دەبێ بەشوێنیا بگەڕێیت، وەك ئەو دەستە خوشکە تۆبەکارەی بەشوێن (پەروانەو فەرەیدونی مەلەك)دا دەگەڕان. نهێنی خۆشەویستی تۆ وەك ئەو عەشقە مەزنەی (نوشافەرین)وایە بۆ(حوسەینا)وەك ئەو هێزە سیحراویەی (نەسرەدینی بۆنخۆش)وەهایە کە لە ساڵی هەڵوەرین‌و سوتانی عاشقەکاندا عیشقستانی)پێ دۆزیەوە. وەکو( مستەر مەلکوم) کە دەیەوێت بە فەنتازیاو خەیاڵەکانی (کافر قەلاو)کێوی (پێغەمبەران) بەیەك بگەیەنێ.

تۆش لەناو ئەو هەموو ئایدۆلۆژیا دژو دەسەلآتدارانەدا دەردەکەویت‌و هەمان گەمەی بۆنخۆش دەکەی. رەنگە نهێنی نوسینی ئەم نامەیە، لەم بۆلێلی بەیانیەدا کە بەشێکی پڕە لە زوڵمات‌و بەشێکیشی لەباوەشی روناکیدا دایە، ئەوەیە کە تەمی بوهتانی سەر ئەو دوو رۆمانە لێك جیاوازە لابچێ. نازانم لێکچوون لەنێوان (ساڵی ئاشوب)ی عەباسی مەعروف‌و (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی لەکوێدایە، کە بەدوو شێوازی جیاواز دەگێردرێنەوە. یاخی بوون‌و لوتبەرزی‌و نەترسی (پەروانە وەکو کچێك کە لەتەواوی نەریتی کۆمەڵگە یاخی دەبێ‌و باجی زۆریش دەدات).. لەکوێوە دەچێتەوە سەردڵەڕاوکێ‌و خۆ بەدەستەوەدانی (نوشافەرین) کە لەتەواوی رۆمانی (ساڵی ئاشوب)دا لە ژێر ستەمی پیاوێکدا رەزیلانە دەژی‌و هەندێکجار دەگاتە ئەو شوێنەی کە توانای لادانی پەردەکانی ژوورەکەی خۆشی نییەو تا مردنیش ئەم ژیانە قبوڵ دەکات. مەندی‌و روحێکی ئاسك ئاساو پڕ لەنهێنی (فەرەیدونی مەلەك)کە لەبەر ئاڵۆزی‌و گۆشەگیری تەنانەت هاوڕێ نزیکەکانیشی تێی ناگەن‌و بەردەوام لەگەڵ روحی ئەو پەپولانەدا ئەژی کە راویان دەکات. چ پەیوەندیەکی بە کەسایەتیەکی روح بەرزو لەخۆبایی (دکتۆر مەعسوم)ەوەهەیە کە زوو زوو دەڵێ: من تەنها دکتۆرێکی ئەم شارەم‌و رازی نییە ژنەکەی (نوشا) وەکو ژنێك بەرگی ژنانە بپۆشێ‌و بەردەوام ئەشکەنجەی دەدات تا دەمرێت. (فەرەیدونی مەلەك)پەپولەی راودەکرد تاوەکو روحی ئاوێتەی روحی پەپولەکان بێ، بەڵام( دکتۆر مەعسوم)روحی مرۆڤەکانی راودەکرد بۆ ئەوەی لە مەرگیاندا ئاسودەیی بدۆزێتەوە. کەسایەتی(نازو)کە لەپێناو گەیشتن بەخشڵ‌و زێرو زیو ببوە ئەو تاکە سۆزانیەی شار کە لەگەڵ گەرو گولەکانیشدا دەخەوت. کوا لە (خەندانی بچکۆلە)دەچێ کە نهێنی زۆرێك لە عاشقان هەڵدەگرێ‌و هەموو ئەشکەنجەیەکی کۆمەڵگاش قبوڵ دەکات؟!. بەداخەوە لە ستونێکی لەم شێوەیەدا، یەك یەك پاڵەوان‌و کارەکتەرەکانی ئەو دوو رۆمانەمان پێ جیاناکرێتەوە. بەگشتی ئەگەر سەیری هەریەك لەکارەکتەرەکانی وەك( جاوید، یەغمایی، ئاغا جانی، میربکوتنی شاعیر، عالیە خانم، سەرهەنگ نیلوفەر...تاد) کە زۆرترین کارەکتەری جوڵاوی ناو رۆمانی(ساڵی ئاشوب)ن، دەردەکەوێت.. هێزی کارکردن‌و پێگەی کۆمەڵایەتی‌و شێوازی ئەزموکردنی ژیانیان وەکو ( نەسرەدینی بۆنخۆش، فەتانە، گۆڤەند، دلارام، پیرموسا، لەیلا...هتد)نییە، رەنگە ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەبێ کە هەریەك لەم دوو رۆمانە قورسایی‌و گەورەیی خۆیان هەیە، بەڵام رووداوەکانیان لە دوو وڵات‌و دو ژینگەو کولتووری جیاواز روویانداوەو مێژووەکانیان نزیکەی نیوسەدە لێکەوە دوورە. لە کۆتایی ئەم نامەیەدا پێویستە بڵێم، ئافەرین بەختیار چ گەمەیەکی جوان دەکەیت لەناو ئەم مەعشەری بێ مانایيەدا هەروەکو چۆن (پەروانە)کاتێ گۆشتی ئەو هەموو قوربانیەی دەبەشیەوە بەسەر ماڵەکاندا نەیدەهێشت تەنانەت پرچکە خوێنێکی بەرکەوێت.. تۆش لەو بەرزاییەدا تۆزی ئەم بوهتانانە داینەپۆشیت.

# ژان دارك سیمبولی ئافرەتی ئازادیخواز

ئا: باوكی ژیلا

هیچ كچێك نە لەمێژووی ئەوروپا بەگشتیو نەفەرەنسا بەتایبەتی گەیشتووە بەو پلەوپایەی كە كچە لادێی فەرەنسی ژان دارك پێی گەیشت، بەڵگەش ئەو ژمارە زۆرە كتێبەیە كە لەبارەیەوە دانراون هەر لەكاتی سوتاندنی لەساڵی(١٣٤١)زاینی تاكو ئێستا. كتێبخانەی گشتی فەرەنسا ئێستا پتر لە بیست هەزار كتێبی تێدایە كە لەسەر ژان دارك نوسراونو چەندین فلیمی سینەمایی لەلایەن بەناوبانگترینو لێهاتووترین دەرهێنەری ئەوروپیو ئەمەریكیەوە لەسەری دەرهێنراون. كاتێك ژان دارك لەسەر شانۆی رووداوەكان بەدەركەوت فەرەنسا لەناو دەریای ترس، كوشتن، هەتك كردنو كاولكاریی.....هتد نغرۆ ببوو ئەو رووداوانە ببونە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی خەڵكی فەرەنسا.

ژان دارك ساڵی(١٤١٢)زاینی لە گوندی دۆمرمی خوارووی سنووری فەرەنسا لەگەڵ لۆرین، لەسنووری رۆژهەڵاتی شانشینی فەرەنسی ئەوسا لەدایك بووە. خێزانەكەی لەشەش كەس پێك دەهات، باوكی ناوی جان دارك بوو، دایكی ناوی ئیزابێلا بوو، دوو كوڕو دووكچ بوون، ژان دارك كە لەمنداڵیەوە بە ژانێت ناسراوە كچە گچكە بووە هەرچەندە ژان دارك نەخوێندەوار بوو بەڵام فێری خوری چنینو دورومان ببوو. هەر لەلادێكەی خۆیان مەڕی دەلەوەڕاند وەكو هەموو كچەكانی دیكەی لادێكەیان، بەڵام ئەو بە رەوشتی بەرزو ئیمانی پتەوی ناسرابوو، هەر لەمنداڵیەوەو بەهۆی دایكیەوە لەگەڵ نوێژكردنو گوێگرتن لە چیرۆكی پیاوچاكو قەدیسەكان راهاتبوو. ساڵی(١٤٢٥) كاتێك ژان دارك لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا بوو چەتە بۆرجەندیەكان كە هاوپەیمانی ئینگلیزەكان بوون لەم شەڕەدا لادێكەیان داگیركردو جوتیارە بێدەسەڵاتەكان بەدەست دزیو تاڵانو هەتك كردنیان لەلایەن چەتە بۆرجەندیەكانەوە دەیانناڵاند. تەنانەت كڵێسای لادێكەیان دوای تاڵانكردن ئاگرتێبەردا. بەردەوامی ئەوكارانە خێزانە جوتیارەكانو لەنێویشیاندا خێزانی ژان داركی ناچار كرد كە لادێكەیان جێبهێڵن. ژان دارك كە لەكەشو هەوایەكدا گەورە ببوو مێشكی بە چیرۆكی قەدیسەكان لەلایەكو ئابڕووكاریەكانی ئینگلیزو چەتە بۆرجەندیەكان لەلایەكی دیكە پڕكرابوو، هەربۆیە سروشتی بوو كە ئەو كچە لەنێوان ئازارو مەینەتیەكانی گەلەكەیو هیواو ئومێدیان بۆ رزگاری پەروەردە ببێ. مێژوونوسەكان دەگێڕنەوە كە ژان دارك هەر ئەو كاتە بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە گوێی لەدەنگی چەند قەدیسێك بووە پێیانگووتووە تۆ دەستنیشان كراوی بۆ ئەوەی بچی بۆ ئۆرلیانو لە گەمارۆی ئینگلیزەكان رزگاری بكەی، دواتر میر شارلی حەوتەم ببەی بۆ شاری رێمسو بیكەی بە پادشای فەرەنسا چونكە ئەو كوڕی راستەقینەی شا شارلی شەشەمو میراتگری شەرعی تەختی پادشایی فەرەنسایە. ژان دارك داوای لە فەرماندەی سەربازی ناوچەكەی كرد كە هاوكاری بكات بۆ گەیشتن بە كۆشكی شارلی حەوتەم، لە فێبرایەری(١٤٢٩)زاینی فەرماندەكە چەند پاسەوانێكی بە یاوەری ژان دارك ناردو دوای پانزە رۆژ گەیشتە شینۆنو شارلی حەوتەم پێشوازی لێكرد. مێژوونوسان دەڵێن شارلی حەوتەم لەنێوان دەیان پاڵەوانانی دەریایی وەستابوو بەڵام ژان دارك یەكسەر دەیناسێتەوە، پێیدەڵێت كە (ئەو ئامێری بەجێگەیاندنی ویستی خودایە) بۆ زگاركردنی ئۆرلیانو دانانی تۆ لەسەر تەختی پادشایەتی فەرنسا. هەرچەندە شارل بەم قسەیە زۆر دڵخۆش بوو بەڵام گومانی لەقسەكانی ئەو كچە هەبوو كەجلێكی پیاوانەی لەبەردابوو. هەربۆیە لەگەڵ چەند گەورە پیاوێكی خۆی رەوانەی شاری(بواتیە)ی كرد بۆ پشكنینو دڵنیابوون لەپتەوی بیروباوەڕو رەوشتی ئەو كچە، دەستەیەكی ئاینی كە پێكهاتبوو لەقەشەكانی(ریمس)و هەژدە قەشەبوون ئاكامی پشكنینەكەیان لە بەرژەوەندی ژان دارك بوو، بەمەش شارل رازی بوو كەبیكاتە فەرماندەی ئەو سوپایەی بۆ رزگاركردنی ئۆرلیان دەینارد. ئەو شارە لە ساڵی(١٤٢٨) ەوە لەلایەن ئینگلیزەكانەوە گەمارۆدرابوو، گرنگی ئۆرلیان لەوەدابوو كە باكوورو باشووری فەرەنسای بەیەكەوە دەبەستەوە، ژان دارك سوپایەكی هەشت هەزار كەسی خرایە ژێر فەرماندەییەوەو بەرەو ئۆرلیان كەوتە رێ. لە٨ی مایوی ١٤٢٩ توانی گەمارۆی ئۆرلیان بشكێنێو لەدەست ئینگلیزەكان رزگاری بكات. فەرەنسیەكانو لەسەرووهەموویانەوە شارلی حەوتەم ئەم سەركەوتنەیان بە راستگۆیی بەڵێنو پەیمانەكانی ژان دارك زانیو یەكەم ئەركی بەرنامەكەی سەركەتووانە بەجێگەیاند. ئەركی دووەمی ژان دارك گەیاندنی شارلی حەوتەم بوو بە تەختی پادشایی لەشاری ریمس ( ئەوشارەی هەموو پادشاكانی فەرەنسا هەر لەسەردەمی كلۆمینەوە كە كرا بە پادشای فەرەنجە بوو بە نەریتو لەوێ ئاهەنگیان دەگێڕا) بۆ گەیشتن بەو شارە ژان دارك لەڕێگا تووشی چەندین شەڕ بوو لەگەڵ ئینگلیزەكان، گرینگترینان شەڕی(پاتای)بوو كە نزیكەی دوو هەزار ئینگلیزی تێدا كوژرا، بەمەش دۆڵی لۆری لە ئینگلیزو بۆرجەندیەكان پاككردەوەو لە١٦ی ئۆكتۆبەری ١٤٢٩ سوپای فەرەنسا لەسەرووی



هەمووشیانەوە شارلی حەوتەمو ژان دارك چوونە ناو شاری ریمسو لە رۆژی دواتر لە کاتدرائیەی شارەکە ئاهەنگیان بۆ شارلی حەوتەم سازکرد بە بۆنەی بوونی بە پادشای فەرەنسا. دوای ئەوە ئەستێرەی ژان دارك رووی لەکزی بوو، هەرچەندە ئەو رایگەیاند کە ئەرکەکەی تەواوبوو بەڵام هەر زوو لەقسەکانی پەشیمان بۆوە، ئەمجارەیان رایگەیاند کە درێژە بەشەڕ دەدات تا پاریس رزگار دەکات، لەو لاشەوە شارلی حەوتەم لێیکەوتە فرتو فێڵو لەمەسەلەی رزگارکردنی پاریسدا بە توندی دژی وەستاو پێیگووت کە ئێستا سیاسەت لە شمشێر بەکارترە، ئەگەر میرێکی بۆرجەندیەکان یان میرە فەرەنسیەکانی دیکە بەلای خۆماندا رابکێشین بەسەر ئنگلیزەکاندا سەرکەوتوودەبین. بەڵام ژان دارك بەهێزێکی کەمەوە پەلاماری پاریسی داوو لەشەڕێکی خوێناویدا شکستی خواردوو لە رێگای کشانەوەیدا لەشاری(کۆمپین) دوای شەڕێکی دلێرانە بەدیل کەوتە دەست بۆرجەندیەکانو ئەوانیش لەبەرامبەر دەهەزار پارچە زێڕ بە ئینگلیزەکانیان فرۆشت. لەساڵی(١٤٣٠)دوای حەوت مانگ لە بەدیلگرتنی گواسترایەوە بۆ نۆرماندیو ئینگلیزەکان ئەرکی دادگاییکردنیان بە (دادگای پشکنین)سپاردو دادگاییکردنەکە پێنج مانگی خایاند. تۆمەتەکان بریتی بوون لە: ئەنجامدانی کاری سیحربازی کە ئینگلیزەکان زۆر پێیان لەسەر ئەو تۆمەتە دادەگرت بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانیان لەبەرامبەریدا، هەڵگەڕانەوە لەدین، لەبەرکردنی جلو بەرگی پیاوانەو قژبڕین بەشێوازی پیاوان، هێرشکردنە سەر پاریس لە رۆژی جەژندا. قەشە بییار کۆشۆن کە سەرۆکی دادگا بوو بە فێڵ توانی دانپیانانێك بە ژان ئیمزا بکات سەرجەم ئەو تۆمەتانەی سەرەوەی تێدا بوون لەبەرامبەر ئازادکردنیدا، بەلام دوای ئیمزاکردنی دادگا بڕیاری زیندانی هەتاهەتایەی بۆ دەرکردو ژان تووشی سەرسوڕمان بوو، هەربۆیە ئازایانە رووبەڕووی دادگا بۆوەو گووتی سوورم لەسەر ئەو کارانەی کردوومەو هەرگیز پەشیمان نیم، دادگاش بڕیاریدا کە بسوتێنرێو لە ٣٠ مایۆی ١٤٣١ ژان دارك لە کاتێکدا بە زنجیر بەسترابۆوە بۆ مەیدانی گشتی پەلکێش کراو بە ستوونێکەوە بەسترایەوە، لەوکاتەی کە خەڵکی لەبەرامبەر سووتاندنیدا نارەزاییان دەردەبڕی ئینگلیزەکان ئاگریان لەجەستەی بەرداوو ژان دارکی تەمەن نۆزدە بەهاریان تامردن سووتاند. بەم شێوەیە ژان دارك بوو بە نمونەی ئافرەتی شۆڕشگێڕ دژ بە زوڵمو ستەمو زۆرداریو بوو بە پاڵەوانێکی نەتەوەییو سیمبوولی گیان بەحشین لە پێناوی ئازادیدا.

# واقعی کەرتی کشتوکاڵ

م. موفق میراودەلی

کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لەوکەرتانەی بۆ ئابووری هەر وڵاتێك گرنگیو بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، بەگوژمەیەکی باش بەشداری داهاتی ساڵانە دەکات، کاریگەری راستەوخۆشی لەسەر ئاسایشی خۆراکی وڵات هەیە، بەدەر لەوەی بەرهەمی ئەم کەرتە خۆراکی سەرەکی دانیشتوانە بڕبڕەی پشتی کەرەستەی خاوی پرۆژە پیشەسازیەکانە، دەورێکی کارا لە ژیانی ئابووریدا دەگێڕێت، هەروەك رۆشنە لەدوای نەوت لەعێراق داهاتی کەرتی کشتوکاڵ بەپلەی دووەم دێت، کوردستانیش وەك بەشێك لەو پێکهاتەیە هەرێمێکی لەباروگونجاوەو چەندین بەرهەمی وەك (بەرووبومی کێڵگەکانو میوەو ..هتد) لەگەڵ چەندین جۆرو شێوەی لێ دێتەبەرهەم، دەتوانرێت ساڵانە داهاتێکی زۆری لێ دەردەست بکرێتو ببێتە هۆکارێك بۆ خستنەکاری ژمارەیەکی زۆر لەهێزی کار، بەلاٚم ئەوەی ئەمڕۆ لەم کەرتە تێبینی دەکرێت لەبەردەم هەلو مەرجێکی خراپو قەیرانێکی مەترسیداردایە، لەکاتێکدا کوردستان چەندین ناوچەو شوێنی باشی بۆ ئیستغلال کردنی ئەو بوارە هەیە، بەلاٚم لەجیاتی دابین کردنی پێداوستیە ناوخۆییەکانو زێدەبەرهەمی کشتوکاڵی، بۆدابین کردنی پێداویستیە ناوخۆییەکانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لەدەروە دەهێنرێت، بەشێوەیەك بووینەتە کارگەیەكو ناوەندێك بۆ بەکاربردنو ساغ کردنەوەی بەرووبوومی وڵاتان، هەرێمی کوردستان چەندین شەقڵو تایبەتمەندی نایابی هەیە، دەتوانرێ کەڵكو سوودێکی زۆری لێ وەربگیرێت، بەجۆرێك خاکەکەی لەڕووی جۆرو پیتو پێزو بڕشتەوە زۆر لەبارەو ئاوو هەواکەی یارمەتیدەرێکی باشە، تاوەکو زۆربەی بەرهەمەکشتوکاڵیەکانی (دێمی، بەراو)ی لێ بێتەبەرهەم، ئەمەش پێویستی بەپلانو بەرنامەی هەمەلایەن هەیە، بەتایبەت لەلایەن کەرتی گشتی پێویستی بە دراسەیەکی ووردو چاکسازیو گۆڕانێکی ریشەییە.

بێ گومان حکومەت پێویستە ببێتە فاکتەری سەرەکی چاکسازی کەرتی کشتوکاڵ، بەجۆرێ رۆڵی کارا بگێڕێ لە دووبارە زیندوکردنەوەو بوژاندنەوەی ئەو کەرتە بایەخدارە، ئەویش لەڕێگەی گرتنەبەری پلانو بەرنامەی هەمەلایەنو گشتگیر بەمەبەستی جارێکی دی سەرپێ خستنەوەو خستنەوەگەڕو بوژاندنەوەی، بوە لەپێناوی چارەسەرکردنی ئەو کۆسپو گرفتەمرۆییو سروشتیانەی بوونەتە لەمپەر لەبەردەم بزاوتی کشتوکاڵ، پێویستە حکومەت ساڵانە بودجەیەکی زۆر گەورەی بۆ تەرخان بکات، بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی چڕوپڕو دابین کردنی پێداویستیەکانی بواری کشتوکاڵ، هەروەها لەڕێگەی کەسانی پسپۆڕو شارەزا بەرنامەی لەبارو گونجاو دابنرێت، یاخود سوود لە ئەزموونو پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە وەربگیرێت، بەگوێرەی گونجانو باشی لەکەرتی کشتوکاڵ پەیڕوبکرێت، هەروەها رێگەو شێوازی سەردەمیانە لەجیاتی شێوازی تەقلیدیو دواکەوتوو بگیرێتەبەرو لەڕێگەی خولی راهێنان هۆشیاری زیاتر بدرێتە ئەو کەسانەی پیشەیان کشتوکاڵ کردنە، هەروەها حکومەت کۆمەڵێك ئەرکی هەنووکەی لەئەستۆدایە کە پێویستە هەستێ بەجێ بەجێ کردنیان، لەوانە کارئاسنی لەبەردەم دابین کردنی پێداویستیەکانی جوتیاران،لەڕووی پێدانی تۆووی باشو داو ودەرمانو پەینی کیمیاییو کەرەستەی پێویست لەگەڵ کرینەوەی بەرهەمەکانیان لەلایەن حکومەتەوە بەمەبەستی دنەدانو بەردەوامی کشتوکاڵ کردنیانو دانانی چاودێری بەردەوام، بەمەبەستی دیاریکردنی گرفتو ئەو نەخۆشیانەی دوچاری کشتوکاڵ دەبێ لەگەڵ گرتنەبەری رێو شوێنو چارەسەریەکان، هەروەها ئەوەی کە زۆرگرنگە بەنسبەت ئەوانەی لەو بوارە کاردەکەن، بریتی یە لەپێدانی(پێشینەی کشتوکاڵ)ی لەرێگەی بانکی کشتوکاڵی، پێویستە زیاتر پشت بەشێوازی زانستی سەردەم ببەسترێت، چەند وەرزێك زەویەکانیان بەکاربهێنن، تاکو بەرهەمی زۆرو داهاتێکی چاکی بۆ هاوڵاتیانو حکومەت لێ دەردەست بکرێت.

# سەباح صالح:
# لە کوردستان چەندین دەسەڵاتی وەرزشی هەیە کە داواکاریەکان

**دیمانە: عەبدولرەحمان ئەحمەد**

نوێنەرایەتی بیتوێنی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی وەرزشی لە دەڤەرەکەدا بۆ دەساڵ دەچێت لە کاروچالاکیو خزمەتکردنی وەرزشو وەرزشواناندا بەردەوامەو لەم نێوەندەدا ساڵانە چەندین خولو چالاکی جۆراوجۆر بۆ یاریە جۆراوجۆرەکان دەکاتەوە، ئەویش بۆ هەردوو رەگەزی کوڕانو کچانی سنووری چالاکیەکانی دەوروبەری چوار قەزای ناوچەکە. لە ئەمڕۆشدا لە دوورترین شوێنە دوورەدەستەکاندا بنکەی بۆلاوانی ئەم شوێنە هەیەو خولیان بۆدەکرێتەوەو چالاکی وەرزشی ئەنجام دەدەن.. بۆ زیاتر ئاشناکردنی چالاکیەکانی ئەم دامەزراوە وەرزشیەو چۆنیەتی راپەڕاندنی چالاکیو ئیشو کارەکانیان، لەگەڵ بەرپرسی نوێنەرایەتی بیتوێن کاك (سەباح صالح) ئەم دیمانەیەمان سازدا.

زنار: بالەڕێگای گۆڤارەکەمانەوە بەرپرسی نوێنەرایەتی بیتوێن بناسێنین.

سەباح صالح: ناوم (سەباح صالح سەعید) ـەو لەدایکبووی شاری کەرکوکی ساڵی (١٩٦٥)مو خێزاندارمو چوار منداڵم هەیە بەناوەکانی ( سۆلین، سۆزین، سایە، جێگر).

زنار: دروستبوونی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان چۆن بوو.

سەباح صالح: لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لە ٢١/٧/١٩٩٥ دامەزرا لەسەر پێشنیاری هەڤاڵ (مام جەلال)و یەکەمین کۆنگرە بۆ بەرەسمی ناساندنی لیژنەی ئۆلۆمپی هەر لەم ساڵەدا بووو دوابەدوای دەستبەکاربوونیان چەند بنکەو یانەیەکی وەرزشی کردەوە جگە لە سەرپەرشتیکردنی سەرجەم چالاکیەکانی یەکێتیە وەرزشیەکانو دواتریش بڕینەوەی مینحەی مانگانە بۆ یانەکان کە لە مێژووی هیچ یانەیەکدا نەبووە لە کوردستاندا مانگانە منحە وەرگێتو لە کۆتایشدا دامەزراندنی پێنج نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی لەناوچەکاندا بۆ سەرپەرشتیکردنی وەرزش لە قەزاو ناحیەکاندا.

زنار: کێ بە بیرۆکەی نوێنەرایەتی لەم دەڤەرەدا هەڵساوە

سەباح صالح: بیرۆکەی کردنەوەی نوێنەرایەتی لەسەر خواستی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان خۆی بوو کە وەرزش ئەوکاتە لە ئاستێکی بەرزدابوو.

زنار: نوێنەرایەتی بیتوێن کەی دامەزرا.

سەباح صالح: لە ١٥/٥/١٩٩٧ دامەزراو یەکەم بەرپرس کاك (عومەر خەتاب) بووەو دواتریش کاك(کەمال قادر)و ئێستاش حەوت ساڵە بەندە بەرپرسی نوێنەرایەتیم.

زنار: سنووری چالاکیەکانی بێتوێن تاکوێیە

سەباح صالح: سنوری چالاکیەکانمان لە دووکانو خەلەکانو کۆیەو تەق تەقو ناحیەی خرابەو بنگردو خدرانو چوارقوڕنەو حاجیاواو رانیەو سەروچاوە بالیسانو سەرکەپکانو ژاراوەو سۆرانو سەنگەسەرو قەلادزێو هەڵشۆو هێرۆ ئیسێوە)دەگرێتەوە.

زنار: بەرنامەی کارەکانتان لەچیدا خۆی دەبینێتەوە

سەباح صالح: بەرنامەی کاری ئێمە، زیاتر لە وەرزشدا خۆی دەبینێتەوە، جا لەکردنەوەی خول دابێت یاخود سەرپەرشتی کردنی یانەو بنکە وەرزشیەکان.

زنار: لەبەرنامەی نوێنەرایەتیدا چەند جۆر یاری دەکرێن.

سەباح صالح: بەرنامەی چالاکیەکانمان سەرجەم بوارەکان دەگرێتەوە، بەلام زیاتر تۆپی پێ، ئەویش زیاتر لەبەر لاوازی یەکێتییە وەرزشیەکانی ترە، خۆمان بۆ هەموو جۆرە یاریەك خولمان کردۆتەوە، کە تا ئێستا لە کوردستاندا کراون، بۆ نموونە ( چوونە سەرشاخو ئەسپ سواری)و یاریەکانی تری وەك: بالەو تێنسو باسکەو شەترەنجو لەشجوانیو بالەی کەنار دەریاو چەند یاریەکی تر ساڵانە خولمان هەیە.

زنار: چەند یانەو بنکە لە سنووری چالاکیەکانی ئێوەدا هەیە.

سەباح صالح: (١٢)یانەو(١٠)بنکەی وەرزشیمان هەیە لە سنوورەکە.

زنار: نوێنەرتان لەشارو شارۆچکەکاندا هەیە

سەباح صالح: بەڵێ لە قەزاکانی دوکانو کۆیەو قەلادزێ نوێنەرمان هەیە، بەلام وەك پێویست نینو کارەکانیان باش راناپەڕێنن، لەبەر ئەوەی موچەکەیان تەنها (٤٠٠٠٠)چل هەزار دینارە.

زنار: ئایا بۆچی لەبەرنامەی ئێوەدا هەر وەرزش هەیەو بۆ هەوڵنادرێت خولی رۆشنبیریی گشتی یان خولی بەهێزکردن





بکەنەوە

سەباح صالح: بەداخەوە، ئێمە زۆرجار هەوڵمانداوە خولی داوەری‌و رۆشنبیریی بۆ یاریە وەرزشیەکان بکەینەوەو داوامان کردووە کە خولمان بۆ بکەنەوە، بەلاّم داواکانمان دواخستووە، هەرچەندە چەند جارێك توانیومانە سیمناری وەرزشی‌و خولی داوەری بۆ یاریەکانی بالەو تۆپی پێ‌و باسکە ساز بکەین بەلاّم ماوەیەکە لەبەر چوونە دەرەوەی زۆربەی وانە بێژەکان ناتوانن خزمەت بە وڵاتەکەیان بکەن‌و زیاتر حەزیان لە رۆشنبیری‌و داوەری کە زۆر پێویستمانن.

زنار: ساڵانە بەرنامەیەکی دیارکراوو دارێژراوتان هەیە بۆ چالاکیەکان.

سەباح صالح: بەڵێ ساڵانە بەرنامەمان هەیە بۆ کارەکانمان‌و لە ساڵی ۱۹۹۷ەوە تاکو ئێستا ساڵ بەساڵ هەمان بووەو هەرکەسێك داوای بکات ئامادەیە.

زنار: رەوشی وەرزشی کچان لە سنوورەکەدا چۆنە

سەباح صالح: وەرزشی کچان، لە سنورەکەماندا وەك پێویست نییە، وەك چۆن لە سلێمانی‌و شارەکانی تریشدا هەروایە، چونکە چالاکیە وەرزشیەکانی کچانی یانەکان تەنها لەکاتی خولەکاندا دەکەونە خۆیان‌و بەهەر چۆنێك بێت، تیپێکی کەم ئەزموون دادەمەزرێنن‌و بەشداری خولەکان دەکەن‌و ئیتر تا خولێکی تر بەهەمان شێوە لەماوەی دوو رۆژدا تیپێکی تری بێ راهێنەرو بێ مەشق درووست دەکەنەوەو بەشداریان پێدەکەن. دیارە هەموو یانەکان وانین‌و بەڵکو چەند یانەیەك وادەکەن، تەنانەت مانگانە پارەشیان نادەنێ، کاتێك کە خولەکان نزیك دەبنەوە، ئەوسا پارەیان دەدەنێ، بەم شێوەیە تیپ دروست نابێ، بۆیە پێویستە، یانەکان خەمی خۆیان بخۆن‌و هەوڵی دروستکردنی راهێنەری کچ بدەن نەك یەکێك لەدەستەی بەڕێوەبەر راستەوخۆ بێتە راهێنەری تیپی کچان. کە کچان جیهانێکی تایبەتیان هەیە بۆ وەرزش.

زنار: بۆچی خولی وەرزشی بۆ تیپەکانی کچان ناکرێتەوە

سەباح صالح: زۆر خولمان کردۆتەوە بۆ کچان، وەکو خولی بالەو پێشبڕکێی پایسکل سواری‌و خولی تۆپی پێ‌و تۆپی سەرمێزو چوونە سەرشاخ‌و راکردنی ماوە درێژ، بەنیازیشین لەمانگی (۱۱)و ۱۲ خولی بالەو تۆپی پێ بکەینەوە.

زنار: خاڵی بەهێزی نوێنەرایەتی لە ناوچەکەدا لەچیدا خۆی دەبینیتەوە

سەباح صالح: خاڵی بەهێزی نوێنەرایەتی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بێ جیاوازیکردن لەنێو یانەکانداو ئامادەبوونمان لەسەرجەم خول‌و چالاکیەکان‌و دابینکردنی خەڵات بۆیان‌و پەیوەندیەکی زۆر توندوتۆڵی نوێنەرایەتی‌و یانەکان‌و هەوڵدان بۆ دروستکردنی پرۆژەی وەرزشی بۆ سەرجەم یانەو بنکە وەرزشیەکان‌و دابینکردنی کەل‌و پەلی وەرزشی بۆیان، هەر یانەیەك لەبوارێکدا بەهێزە، بۆ نموونە: لە تۆپی پێدا کۆیە مومتازەو باسکەی قەڵادزێ پلە یەکەو رانیە لە یاریە سیانیەکان بەهێزە، چوارقوڕنە لە شەترنج‌و حاجیاوا لەباڵەی کوڕان‌و کچان بەهێزە، دوکان لە یاریە سیانیەکان‌و مەلەوانیدا بەهێزە.

زنار: پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتیە وەرزشیەکانی کوردستاندا چۆنە

سەباح صالح: پەیوەندی باشمان هەیە، بەتایبەتی لەکاتی چالاکیەکانداو لەرێگەی ئێمەوە یانەکان ئاگادار دەکرێنەوە، بەلاّم گلەیشمان لێیان هەیەن کاتێك چالاکیەك دەبێت تەنها رۆژێك یان دووڕۆژی ماوە ئاگادارمان دەکەنەوە، بۆ ئاگادرکردنەوەی یانەکان بۆ ئەوەی بەشداری خول بکەن، باشتروایە زوتر ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی تیپەکان باشتر خۆیان ئامادە بکەن.

زنار: چاوەڕوان دەکرا دوابەدوای یەکگرتنەوەی دەزگا وەرزشیەکانی کوردستان زیاتر چالاك بوایە، بەلاّم وانەبوو، هۆکارەکەی چییە.

سەباح صالح: هۆکاری زیادنەبوونی چالاکیەکان دەگەڕێتەوە بۆ پەسەندنەکردنی پرۆژە یاسای لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان‌و حکومەتی هەرێمەوە. دیارە ئێستاش هەردوو ئیدارەکە یەکیگرتۆتەوە، بەلاّم هەریەکەو لەلایەن حزبەوە مانگانە منحەی یانەکان دابین دەکەن، هەرکاتێك پرۆژە یاسایەك پەسەندکرا ئەوکات خول‌و چالاکی زیاتر دەبێت، هەرچەندە تا ئێستا چەند یەکێتیەکی وەرزشی توانیویانە چەند خولێك بکەنەوە.

زنار: بەرنامەی ئایندەتان چییە

سەباح صالح: بەرنامەمان ئەوەیە، کە هەوڵبدەین جدی بین بۆ دابینکردنی کۆستەر بۆ یانەکان‌و دروستکردنی چەند یاریگایەك بۆ یانەو بنکە وەرزشیەکان‌و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆیان، ئەم بەرنامەیەش پێویستی بە رەزامەندی هەیە، ئێمە پێشنیازی زۆرمان کردووە بۆ لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان‌و جێبەجێکردنیان.

زنار: کێشەتان چییە

سەباح صالح: کیشەمان زۆرە، هەر لەنەبوونی بارەگای نوێنەرایەتی‌و کەمی منحەی یانەکان‌و کەمی هۆڵی داخراو لە سنورەکەو ناڕێکی بەرنامەی یەکێتیە وەرزشیەکان‌و نەبوونی لیژنەی دارایی بۆ یانەو بنکە وەرزشیەکان‌و چەندین کیشەی تر.

زنار: داواکاری چیتان هەیە

سەباح سالح: داواکاریمان زۆرە، بەلاّم نازانم کێ جێبەجێی دەکات، لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا چەندین دەسەڵاتی وەرزشی هەیە، وەك لیژنەی ئۆڵۆمپی‌و ئەنجومەنی وەرزش‌و وەزارەتی وەرزش‌و لاوان‌و گەنجان‌و پرۆژە وەرزشیەکانی ئەنجوومەنی سلێمانی.. هەمووی دەڵێت بەسەر چاو، دەرخستەمان بۆ بێنن، دوای چەند مانگێك چاوەڕوانی بەداوای لێبوردنەوە وەلاّممان دەدەنەوە، زۆر ئیشی باشیان لە سنوورەکەدا کردووە، بەلاّم زۆرشت ماوە ئەنجام بدرێن، هیوادارین حکومەت ئەو پرۆژانەی کەماون ئەنجام بدرێن‌و تەواویان بکات. بۆ نموونە: ئێستا دەبینین کە کارکردن لە هۆڵی داخراوی رانیە راگیراوەو لە یاریگای چوارقوڕنە کارکردن راگیراوە، داواکارین کە هۆڵی وەرزشی بۆ سەرجەم یانەو بنکەکان دروست بکرێت‌و یاریگاکان چاکبکرێن‌و منحە بۆ لیژنەی تیپە میللەیکان‌و شوێنیان بۆ دابینبکرێ.. کە داواکاریەکان زۆر زۆرن.

# لەپێناو ژیانێکی ئاسوودە بۆ هاوسەران

## تێستی خۆناسین

ئا/مەحمود باوزی

١-رۆژێکی زۆر ناخۆشت لێ رابردووە، بەئیش‌و کاری ماڵەوە تەواو شەکەت‌و هیلاك بوویت، هاوسەرەکەشت بەروویەکی گرژەوە دێتە ماڵەوە.. تۆش:-

أ-سەرەتا دەچیت بەئاوی سارد دەست‌و روخسارت دەشۆیت، باس لەو هەموو ماندووبوونەی ئەمڕۆت ناکەیت‌و ئەو خۆراکەی ئامادەت کردووە دەیخەیتە بەردەمی.

ب-هاوسەرەکەت پرسیاردەکات‌و دەڵێ ئەوە چی روویداوە؟بۆچی وا گرژو پەستی؟ تۆش تەنها بە وشەی (هیچ نییە) وەڵامی دەدەیتەوە.

ج-راستەوخۆ پیاڵەیەك چای لەبەردەم دادەنێی‌و دەڵێی: سەرەڕای ئەوەی زۆر شەکەت‌و ماندوویت، باشتر وایە گوێ نەدەیتێ‌و یەك دوو قسەی خۆشم بۆ بکەی.

د-بەسەریدا دەچریکێنی‌و دەڵێی: خۆزگە ئێوارەیەك بەروویەکی خۆشەوە سەرت بەو ماڵەدا دەکردەوە.

٢-خزمێکی نزیکی یەکێکتان مردووە. ئەو سەروەت‌و سامانەی لێی بەجێماوە، میراتی یەکێکتانە، تۆ دەتەوێ ئەم پارەیە لەنۆژەنکردنەوەی خانوەکەتان‌و کڕینی کەل‌وپەلی پێداویستی ماڵدا خەرج بکەی. بەڵام هاوسەرەکەت دەیەوێ، سەفەرێکی دەرەوەی وڵات بەم پارەیە بکات. تۆش:-

ا- خۆت دەخەیتە حاڵی جاوی‌و هێندە ئەم دەست‌و ئەودەست‌و ئەمڕۆو سبەی پێدەکەی، پشووی هاوین بەسەردەچێت‌و سەفەرەکەی ئەنجام نادرێت.

ب- پێی دەڵێی: بەلاتەوە گرنگ نییە چۆن سەرفی دەکات، با بە ئارەزووی خۆی هەڵس‌وکەوت بکات.

ج- لەبارەی خەرجکردنی پارەکەو بەهەدەرنەدان‌و شوێنپێگرتنی لەماڵدا بە شێوەیەکی راست‌ودرووس، دەکەویتە گفتوگۆیەکی هێمنانە لەگەڵ هاوسەرەکەت.

ء- گلەیی‌و گازندە لەلای خەڵك‌و خۆ دەکەیت‌و لەلای ئەویش دەکەویتە پرتەو بۆڵە بۆڵ‌و ژیان لەماڵەکەدا دەکەیتە دۆزەخ.

٣-یادی جەژنی لەدایکبوونتە، تۆ سووری لەسەر ئەوەی بەم بۆنەیەوە شەو لە دەرەوەی ماڵ نان بخۆن. بەڵام ئەو:-

ا- لەبیرخۆی بردەوە کە ئەمرۆ جەژنی لەدایکبوونی تۆیە.

ب- بۆ دیاری جەژنەکە چەند کتێبێکی بۆ کڕیویت‌و چاوەڕوانە، تۆش خواردنێکی بە لەزەت‌و پوخت‌و نوختی بۆ ئامادەبکەی.

ج- هەفتەیەك پێش یادەکە پرسیارت لێدەکات، حەز دەکەی چ دیاریەکی بەنرخت بۆ بکڕم؟ شەوی جەژنە کە بەم شتە شاگەشکەت دەکات.

ء- دەتبات بۆ یاریگە، تا تێر سەیری یاری بکەن‌و ئامادەشە سوێند بخوات کەوای زانیوە تۆ حەزت لە بینینی ئەم یاریەیە.

٤-نایەتەوە یادت رۆژێك لە رۆژان بە ئاسودەیی‌و ئارامی دانیشبن‌و دەمەتەقێیەکی خۆشیتان کردبێ. تۆش:-

ا- هەمیشە ئەم بابەتەی بەسەرچاودا دەدەیتەوەو ئەو بە تاوانباری یەکەم‌و سەرەکی دەزانێت.

ب- خۆت بە ئیش‌وکاری ماڵ‌و منداڵەوە سەرگەرم دەکەیت‌و واخۆت نیشان دەدەیت، کە ئەم بابەتەت بە خەیاڵدا نایەت.

ج- ئێوارەیەك کە دێتەوە ماڵەوە، هەست دەکەیت تا رادەیەك هێورو لەسەر خۆیە، پێشوازیەکی باشی لێ دەکەیت‌و پێی دەڵێی: ماوەیەکە خەریکە یەکتری فەرامۆش دەکەین! رات چییە ئەگەر پەیوەندی خۆشەویستیمان دەمەزەرد بکەینەوە؟.

ء- جوانترین پۆشاك دەپۆشیت‌و گەرەکتە سەرنجی هاوسەرەکەت بەم شێوەیە بۆلای خۆت راکێشیتەوە.

٥-دوای دەمەقاڵێیەکی توندەکە لەنێوانتاندا روویداوە. تۆش:-

ا- هەوڵ دەدەی خۆت لەگەڵ ئەو ژیانە رابهێنی.

ب- بێخەیاڵ‌و دۆشدامان، وا خۆت دەنوێنی کە هیچ رووی نەداوە.

ج- لێی دەپرسیت: چ شتێك تۆ حەزت لێی نییەو ئاسودەییت تێك دەدات؟ من دووری لەو شتە دەکەم.

ء- هەمیشە تاوانباری دەکەی کە بەبێ هۆو تاوان کێشە دەنێتەوەو شەڕت پێ دەفرۆشێ.

٦-بەیەکەوە دانیشتوون، ئەو بەردەوام قسەدەکات، تۆش تەنها مافی گوێگرتنت هەیەو بۆت نییە قسە لە قسەیدا بکەی، ئەگەر قسەیەکیشت کرد، یا گاڵتەت پێدەکا، یا گوێی لێناگیرێت. تۆش:-

ا- هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشیت‌و هیواداری رۆژێ واز لەو خووەی بهێنێ

ب- خۆڕاگردەبی‌و وانیشان دەدەی کە ئەم هەوڵوێستەی هاوسەرەکەت ئاساییە.

ج- کۆنترۆڵی خۆتت پێناکرێ‌و نارەزایی دەردەبڕی‌و پێی دەڵێی: باشتر وایە، کەمێ بێدەنگ بیت‌و گوێ لە بۆچوونی منیش بگریت. کە منیش وەکو تۆمرۆڤم‌و هیچم لەتۆ کەمتر نییە.

ء- لەناخی خۆتا دەڵێی دەبوو ئەوەی زانیبا کە منیش وەکو ئەو مافی قسەکردن‌و رادەربڕینم هەیە، بەڵام قەیناکات.

" ئەنجامگیری تێست"

ئەگەر زۆرینەی وڵامەکانت (ا)بوو:-

-نیشانەی ئەوەیە تۆ دەتەوێ لەبەر گیروگرفتەکانت رابکەیت، لە روو بەروو بوونەوەی لەمپەڕەکانی رێگەی هەست‌و سۆزو دەربڕینی ئەو شتەی بەخەیاڵتدا دێت خۆ دەبوێری. دەترسێی ئەگەر بە پێچەوانەوە هەوڵوێست وەرگری، شەڕوگێچەڵ رووبدا، ئیدی بە تەواوی خۆت کزولاواز کردووە. پێتوایە بەم شێوەیە رۆژێك لە رۆژان بەخۆیدا دێتەوە، بەڵام پێویستە تۆ تا ئەو رۆژەی دەستەوستان دانەنیشی‌و مێردەکەت زیاتر بدوێنە...

★- ئەگەر زۆرینەی وڵامەکانت (ب)بوو:-

تۆزۆر تاقەتی قسەکردنت نییە، ئامادەش نیت خۆت بەقسەوە ماندووبکەی، دەتەوێ هاوسەرەکەت دڵ‌و مێشك‌و بیرت بخوێنێتەوە، بێ ئەوەی ئاماژەیەکی بۆ بکەی، دەتەوێ هەمووشتێ بزانێ. زۆرجاریش پێتوایە قسەکردنت وەکو پرشکی ئاگر، ئاگری گەورە دەنێتەوە، تۆ زۆر داخراوی هەوڵ بدە خۆت بکەرەوەو راوبۆچوونەکانی خۆت دەربڕەو هێندە لە ئەنجام مەترسێ.

-ئەگەر زۆرینەی وڵامەکانت (ج)بوو:-

زۆرباشە کە لەگەڵ هاوسەرەکەت پرس‌و راتان بەیەکتر زۆرەو هەر ئەمەش، نیشانەی بوونی متمانەیە لەنێوانتاندا. ئێوەباش لەیەکتری تێدەگەن‌و هەرکاتێ دڵنیاش نەبویت، بە ئارامی پرسیاری لێ دەکەیت‌و راوهەڵوێستی خۆتی بە ئاشکرا پێی دەڵێی.. ئافەرین بۆ ئێوە بەبێ رەنجاندنی یەکترو پێکهەڵشاخان بە ئامانج‌و خواستەکانتان دەگەن‌و بە درێژایی ژیانی هاوسەرێتی شیلەی شیرینی گوڵی ژیان هەڵدەمژن.

-ئەگەر زۆرینەی وەڵامەکانت(ء)بوو:-

هەموو تاوان‌و کەم‌و کوڕیەکان لەملی خۆت دادەڕنی‌و پێتوایە، چەپڵە بەدەستێك لێ دەدرێ. ئەگەر بۆخۆشت نەتوانی، دەتەوێ خەلکی دیکەبێت تا سەرکۆنەو سەرزەنشتی هاوسەرەکەت بکات. زۆر زوو، بڕیار دەدەیت‌و کەسێکی بەهەڵەو پەلەی. زیاتر لەگەڵ، هاوکاری بکە، بۆ پاراستنی پەیوەندی هاوسەرێتی‌و بەهێزکردنی ئەو رۆژەی چوو ناگەڕێتەوە، بەخشندەو میهرەبان بە، بە ئارامی‌و شێنەیی لەکەم‌و کوڕی‌و کێشەکان بکۆڵنەوەو هەوڵ مەدە، هەموو تاوانەکان بخەیتە سەرملی ئەوو بەشداری خۆشی‌و ناخۆشی‌و چاکەو خراپەی بکە...

# له جیهانی کاریکاتێرەوە











# مۆدمۆزیل کوکو



کچە ئەکتەری بەریتانیایی خاوەنی خەڵاتی ئۆسکار(کیارا نایتلی) ڕۆڵی پاڵەوانیەتی لە کورتە فلێمێکدا بەناوی مۆدمۆزیل کوکو دەبینێ، لە دەرهێنانی جو رایتە کە باس لەژیانی نەخشەسازی جلو بەرگ ئیش دەکا.

لە لێدوانێکدا سەبارەت بە کەسایەتی شانیل (کیارا)گووتی" کەسایەتیەکی بەهێزو خاوەن سەرنجڕاکێش بووەو لە دنیادا هاوشێوەی نەبووە... کاریگەری ئەو تەنها لە نەخشەسازی جلو بەرگدا نەبوو بەڵکو لە گۆڕینی کۆمەڵگاو ئازادکردنی ئافرەتان ڕۆڵی هەبووە. فلیمەکە لەماوەی ٥ ڕۆژدا لە پاریس وێنەی گیراو بەڕێوەبەری هونەری شانیل کەناوی جاك هۆلۆیە سەرپەرشتی بەرهەمەکەی دەکردو ناوبراو لەماوەی چل ساڵی رابردوودا ڕۆڵی هەبووە لە پێگەیاندنو بەرەو پێشبردنی کەسایەتی شانیل کۆکۆ.



# دەست لەملانێ کلیلی کارکردنە لەگەڵ جۆنز

کچە ئەکتەری ئەمریکایی(شارلیز شیرۆن) ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەر لە وێنەگرتنی فلیمی( لە دۆڵی ئیلا)دا لەگەڵ ئەکتەری بەناوبانگ(لی جۆنز) هەستی بە شپرزەیی کردووە تا ئەو کاتەی کلیلی کارکردنی لەگەڵ ناوبراودا دۆزیوەتەوە کە ئەویش ( دەست لەملانێ)یە، شیرۆن لە کاتی ریکلام کردن بۆ ئەو فلیمە لە لۆس ئەنجلۆس گووتی"خۆشمویستو کارکردنم لەگەڵ ئەویش خۆشویستو پێموایە زۆر بەهرەمەندە، بەڵام سەرەتا دەترسام".

## جەنگی عێراق باڵ بەسەر فیلمەکانی ڤیستڤاڵی دۆڤیل دا دەکێشێ



لە سێو سێیەمین خولی ڤیستڤاڵی دۆڤیل جەنگی عێراق لە زۆربەی ئەو فلیمانەی بەشداری ڤیستڤاڵەکەن ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە فلیمی( دۆڵی ئیلا) کە باس لەسەربازێکی ئەمریکا دەکات دوای گەڕانەوەی لە عێراق بە هەڵاتوو لە خزمەتی سەربازی لەقەڵەم دەدرێتو باوکی سەربازەکەش کە پێشتر لە پۆلیسی سەربازی بووە هاوکاری لێکۆڵەرەوەکان دەکات بۆ دۆزینەوەی بەڵام کاتێك کورەکەی وێنەی کوژرانی خەڵكو منداڵو مەدەنیەکانی عێراقی پیشان دەدات کە بەهۆی مۆبایلەوە گرتوونی تووشی شۆك دەبێت.



# دۆڤیل ئاهەنگ بۆ دۆغلاس دەگێڕێ

ئەکتەرو بەرهەمهێنەری ئەمریکایی ( مایکل دۆغلاس) خولی سێو سێهەمینی ڤیستڤاڵی سینەمای ئەمریکایی لە دۆڤیلی فەرەنسا کردەوە، مایکل دۆغلاس دوای سییەمین ساڵ لە ڕێزگرتن لەباوکی کیرك دۆغلاس یەکێك لە ئەفسانەکانی سینەمای ئەمریکایی ڕێزی لێدەگیرێت.

دۆغلاسی هونەرمەند لەو ڤیستڤاڵە بە فلیمێك بەشدارە کە تیایدا ڕۆڵی باوکێك دەبینێ کە دووچاری نەخۆشی دەروونی بۆتەوەو فلیمەکە بەناو نیشانی(پادشای کالیفۆرنیا) یەو دەرهێنانی مایك کاهیلەو بڕیار وایە لەسەرەتای کردنەوەی ڤیستڤاڵەکە نمایش بکرێت.

# سەرۆکی تورکیا بە هەڵە ڕۆژوەکەی شکاند



سەرۆکی تازەی تورکیا لەکاتی سەردانێکیدا بۆ دیاربەکر لە بیری چوو کە رۆژی پێنج شەممە یەکەم رۆژی مانگی رەمەزانەو پەرادخێك ئاوی خواردۆتەوە بە بێ ئەوەی هەست پێبکا تا ئەو کاتەی رۆژنامەنوسان پرسیاری لێدەکەن( جەنابی سەرۆك بەرۆژو نیت) ئەوکات گول هەستی بە هەڵەکەی کردو تەلەفزیۆنەکانی تورکیا گرتەی ئاوخواردنەوەکەیان بڵاوکردەوە هەروەك چۆن گرتەی تورەبونەکانیشیان بڵاوکردەوە کاتێك لە یەکێك لە کەسەکانی خانەخوێی توڕەبوو بەو هۆیەوە.

## پەناگەکانی هیتلەر بۆ میوانان دەکرێنەوە



لە بەرزاییەکانی باشووری کۆلۆنو لەناو دارو دارستانێکی چڕو پڕدا کە شوێنێکی گرنگی لێیەو مێژووی ٦٠ساڵ لەمەوبەری ئەڵمانیای هیتلەری نازی دەگێڕێتەوەو بە گیاو قەوزە داپۆشراوە وا بڕیارە دوای نۆژەنکردنەوەو پاككردنەوەیان لەبەردەم میوانانو گەشتیاران بکرێنەوە. شیاوی باسە ئەو پەناگانەی هیتلەر چەندین ساڵ دەبوو ئیهمال کرابوونو دەستی نۆژەنکردنەوەیان پێنەگەیشتبوو، بەڵام ئەو شوێنانەی کە لەدوا ساتەکانی ژیانیدو بەر لە خۆکوشتنی هیتلەر تیایدا ژیاوە تاکو ئێستا هیچ دەستی نۆژەنکردنەوەی پێنەگەیشتووە. هەرچەندە هەندێك لەخەڵکی ناوچەی ئیفیل لەم چەند ساڵەی رابردوودا ویستبوویان بە شۆڤڵ ئەو شوێنەوارانەی هیتلەر بڕوخێنن بەهۆی ئەوەی یەك لە رەشترین سەردەمەکانی مێژووی ئەڵمانیای بە بیردێنانەوە.

## لە ئەڵمانیادا چوار ملیۆن نەخوێندەوار هەن



تەلەفزیۆنی ئەڵمانیا لە ڕێگای ریکلامی وێنەییەوە هەڵمەتێکی دژی دیاردەی نەخوێندەواری لە ئەڵمانیا دەست پێکردووە، لەوانەیە ئەو هەواڵە بۆ زۆر کەس جێگای سەرسوڕمان بێت کە لە ئەڵمانیا ٤ ملیۆن نەخوێندەواری هەیە، بیتەر هۆبیرتۆس سەرۆکی یەکێتی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەڵمانیا روونیکردەوە کە ئەو نەخوێندەوارانە ژنو پیاوی پێگەیشتوویان تێدایەو زۆربەشیان سەرەتاییان تەواوکردووە بەڵام ناتوانن بخوێننەوەو بنووسن بە شێوەیەك بتوانن لە کارگەکاندا کاری سادەیان پێبسپێردرێت یاخود بنێردرێن بۆ پەیمانگاکانی راهێنانو مەشقپێکردن. هەروەها هۆبیرتۆس داوای ئەوەی کرد کە قوتابخانەکانی بە خۆرایی فێرکردن زۆرتر بکرێنو ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ٨٠ هەزار منداڵی ئەڵمانی بەر لەتەواوکردنی قوتابخانەی ناوەندی واز لە خوێندن دێنن.

## پیرێژنێك دزێك دەگرێت

لە ویلایەتی مەیامی ئەمریکا دزێك هەوڵیدا کاتی بێتاقەتی پیرێژنێك بقۆزێتەوەو دزی لێبکات، بەڵام پیرێژن بەحوکمی ئەوەی لە سەردەمی گەنجیدا پاڵەوانی کێبڕکێ بووە توانی بە خێرایی بەدوای دزەدا رابکاتو بیگرێت مارتای تەمەن ٨٥ ساڵ جانتاکەی بڕی ٣٠٠ دۆلاری تێدابوو کاتێك دزەکە هەوڵی فڕاندنی دا، ولفریدو بیریز کە پۆلیسەو لەوکاتەدا لە شوێنی رووداوەکە ئامادەبووە گووتی ئەو ئافرەتێکی زۆر بەهێزو لەهەمان کاتیشدا زۆر مرۆڤ پەروەرە.

### پیاوێکی بەلجیکی

## تایەی ئۆتۆمبیلی فەرەنسیەکان پەنچەر دەکات

پیاوێکی بەلژیکی تەمەن ٣٠ساڵان هەستا بە پەنچەر کردنی تایەی دەیان ئۆتۆمبیلی فەرەنساییەکان بەهۆی ئەوەی شانازیان بەسەردا کردبوو لەکاتی یاریەکانی پاڵاوتنەکانی مۆندیالی ٢٠٠٦و داداگایی کردنی ناوبراو لەوکاتەوە تاکو ئێستا هەر بەردەوامەو چاوەڕوان دەکرێت لە ٢٥ی ئەم مانگەدا دادگاییکردنەکەی کۆتایی پێبێت، شایانی باسە ئەو پیاوە ناوی ژان بیرنار کامبیرەو لە شاری تۆرنای سنووری لەگەڵ فەرەنسا دەژیەتو هەر لەو شارە هەر ئۆتۆمبیلێك ژمارەی فەرەنسا لەسەر بایە تایەکەی پەنچەر دەکرد.



ئا: باوکی ژولیان

# ئەنجامدانی تاوان لە ڕێگای ئینتەرنێت



لە راپۆرتێکدا کەکۆمپانیای سیمانتیك بۆ دروستکردنی بەرنامەی پاراستنی کۆمپیوتەر بلاویکردۆتەوە هاتووە کە ئەنجامدانی تاوانی بازرگانی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە چالاکیەکی بەرچاوو بەربلاو بەخۆیەوە دەبینێ. راپۆرتەکەو ئەوەی ئاشکراکرد کە چەند ماڵپەرێك هەڵدەستن بە فرۆشتنی زانیاری سەبارەت بە بانکەکان و کارتی پارە راکێشان وێرای فرۆشتنی بەرنامەی هاککردن. شایانی گووتنە ئەو چالاکیانە کە بە تاوان دەژمێردێتو بەپێی یاسا ئەو کەسانەی پێهەڵدەستن سزا دەدرێن بەشێکە لە زنجیرە چالاکیەکی تاوانکاری کە ملیارات دۆلار داهاتیانە.

# ئەگەر بەرنامەی نیرۆت نەبوو چۆن C.D کۆپی دەکەیت



ڕێگایەکی ئاسان بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو کۆمپیوتەرەکەیاندا بەرنامەی نیرۆیان نیەو پێویستیان بەوە هەیە CD کۆپی بکەن، بەتایبەت ئەگەر کۆپی کردنەکە بۆ کارێکی بە پەلە بێت، پێویست دەکات لەو کاتەدا بەکارهێنەر سیدی رایت بە کۆمپیوتەرەکەیەوە بێت، دەتوانێت بە دوو هەنگاو کرداری کۆپی کردنەکە ئەنجام بدات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

هەنگاوی یەکەم cd یەکی بەتاڵ دەخرێتە ناو سیدی رایتەوەو چاوەڕێ دەکرێت تا دەکرێتەوە، دوای ئەوە دڵنیا دەبیت لەوەی هیچی لەسەر کۆپی نەکراوە. هەنگاوی دووەم دەچیت ئەو فایلەی مەبەستتە کۆپی بکەیت لەناو کۆمپیوتەرەکە کۆپی دەکەیتو لەناو CD دا paste ی دەکەیت، تا بە تەواوی دڵنیا دەبیت لەوەی paste بووە، هەنگاوی سێیەم لەسەر ئەو ئایکۆنە تایبەتەی کەلای چەپی شاشەکەیە write cd کلیك دەکەیتو چاوەڕێ دەبیت، تا تەواو دەبێت، بەم شێوەیە، کردارەکە سەرکەوتوو دەبێت

# ماوسێکی نوێ بۆ ئەو کەسانەی حەزیان لە یاری کردنە



کۆمپانیای مایکرۆسۆفت رایگەاند کە ماوسێکی نوێی دروستکردووە بۆ یاریە کۆمپیوتەریەکان، لە هەوڵێکدا بۆ سوود وەرگرتن لەو پێشکە وتنە ئابووریەی بازاڕی پەیوەندار بە یاریە کۆمپیوتەریەکان بەخۆیەوە دەبینێ. ئەو ماوسە نوێیەی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بەناوی SIDE WINDER هەڵگری پێنج هەزار خاسیەتی کارکردنە. شیاوی باسکردنە کە گەورە بەرپرسانی کۆمپانیا ئەمریکیەکان ئەوەیان ئاشکراکرد کە بازاڕی یاریە کۆمپیوتەرەکانو ماوس زۆر زیادیکردووە.



# شارب شاشایەکی LCD تازە دەخاتە بازاڕەوە

کۆمپانیای شارب پێشەنگی دروستکردنی شاشەی کریستال لە جیهاندا، شاشەیەکی نوێی خستۆتە بازارەوە کە زۆر پێشکەوتوو هەستیارەو بە پەنجەلێدان(لمس)کاردەکات. ئەوەی ئەو شاشە لە هاوشێوەکانی جیا دەکاتەوە کە ئامێرێکی هەستەوەری بینەری لەناودایە لەهەر پیکسلێکدا کە پێویست ناکات وێنەکە بخرێتە سەر شاشە بۆ گەورەکردنو مۆنتاژ کردن دەسکاری بکرێت.

# کامێرایەك تەنها وێنەی پێکەنین دەگرێت




کۆمپانیای سۆنی یابانی بۆ ئەلیکترۆنیات کامێرایەکی دیجیتاڵی نوێی DSC-T200 خستە بازاڕەوە کە لەگەڵ دەرکەوتنی پێکەنین لەسەر رووخساری ئەوکەسانەی دەیانەوێت وێنە بگرن، ئۆتۆماتیکی وێنەیان دەگرێتو وێنەی ئەو کەسانە دەسڕێتەوە کە پێناکەنن. بەڵام لە هەموو گرنگتر ئەوەیە بەکارهێنەری ئەو کامێڕایە دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە باری ئاساییو وەکو کامێرای دیکە بەکاریبهێنێت.



# گۆڕینی نوسین بۆ زمانی جوڵە

ڕۆژ بە ڕۆژ زانستی کۆمپیوتەر بەرەو پێشەوە دەڕواتو لە وڵاتی ئەمریکاش چەند قوتابیەك کە بۆ کۆمپیانیای ئەی بی ئێم کار دەکەن توانیان کە زمانی نزسین بگۆڕن بۆ زمانی جوڵە لە ڕێگای سیستەمێك بەناوی(سیسی)و ئەو سیستەمە یارمەتی کەڕو لاڵەکان دەدات، شایانی باسە ئەو سیستەمە دەتوانرێت بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنو وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی بەرنامەکان سوودی لێوەردەگیرێت.

# خزمەتگووزاری RSSچیە



ئەو خزمەتگووزاریە پێکهاتووە لە ئامرازێکی ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی دواینو تازەترین هەواڵ لەسەر ماڵپەڕی دڵخوازت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، لەجیاتی گەڕانو هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ماڵپەڕەکان ئەوا خزمەتگوزاری RSS نوێترینو تازەترین هەواڵەکانی ئەو ماڵپەڕانەت بۆ پۆست دەکات. شایانی باسە ئەو خزمەتگووزاریە لەسەر سایتی BBC بە چەند زمانێك کراوەتەوە.

# ماڵئاوا کاکە هەڵگوردو کاکە غەفورهیرانی



ڕێبوار محەمەد یوسف

ناپلیۆن گووتی: تەنها نووسینی ڕۆژنامەنووسێک دەمترسێنێت، ئەگەر هەزارەها سەربازی دوژمن رووم تێبکات ناتوانن ترسێک لەژیانمدا دروست بکەن، ئەمە قسەی گەورەترین سەرکردەی جیهانە" ئەگەربەشێوەیەکی ووردتر لەم ووتە شیرینەی ناپلیۆن بروانین‌و وورد بینەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە کاری ڕۆژنامەنووسی چ ئاکارو ئەخلاقێکی جوانی هەیە: ئایا نووسینەکانیان دەتوانن بەرهەمێکی جوان پێشکەش بکەن‌و گۆبەندێک بنێنەوە.ئەگەر بەراوردی ئەوکاتەی ئەو سەردەمە بکەین‌و جیاوازی لەگەڵ ئێستای ڕۆژنامە نووسەکانی ئێمەدا بکرێت کەهەرگیز مەزندە ناکرێت، ئایا ڕۆژنامەنووسەکانی ئێمە دەتوانن ببن بەو هێزە لێهاتوو نەبراوەی کەبتوانن بەشێك لەسەرکردە گەندەڵ‌و خۆپەرستەکان بهێننە سەرچۆك، یاخوود تەنها نووسینەکان خاڵیکردنەوەی دەرونیانەو هیچی لێ شین نابێت. لەکوردستانی خۆماندا هەزارەها ڕۆژنامەنووس هەیەو زۆربەشیان نووسینی جوان لەسەرلاپەرەی ڕۆژنامەکان دەنووسن‌و ڕۆژانە بلاوی دەکەنەوەو سەرنجو تێروانیەکان زیاتر خزمەتکردنی گەلەکەمانە.بەڵام بێ ئەنجام لەوەی هیچ کاتێك ئەونووسیانە بایەخیان پێنەدراوەو نەچوونەتە بواری سەرنج ڕاکێشان‌و جێبەجێکردنەوە.بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەوەی دەینووسین زیاتر خاڵیکردنەوەیەو هیچی دی.

کاکە هەڵگوردو کاکەغەفوری ئازیزو خۆشەویست.من لەدوا کۆتایی ووشەکانمدا لەم گۆڤارە ئازیزو قەشەنگەی ناوچەکەمان ماڵئاوایتان لێدەکەم‌و بەدڵێکی پڕ لەخەمەوە ئەم ووشانە دەنووسم، کەهەرگیز حەزناکەم ماڵئاوایی لەئازیزانێك بکەم کەڕۆژگاری ئێمەی کۆکردبۆوە کەتەنها خزمەتکردنی ووشە بووە.چونکە. بڕواتان بێت تاکوو ئێستا هیچ کەس‌و لایەنێك پێی نەگووتووم بۆ دەنوسیت؟بەڵام دڵنیام لەئایندەدا ڕووبەرووی قسەکردن دەبمەوەو منیش نامەوێت لەسەر ووشەکانم (نان)ی منداڵەکانم ببڕدرێت چونکە پەیداکردنی نان گرانە بەڵام برینی زۆر ئاسانەکەئەویش بەئارەقەی ناوچاوانم پەیدام کردووە. هەر ئەوەندەش نان بڕوا کرایت کەس لێت ناپرسێتەوە، تەنها ڕۆژگارێك کە بۆیادگاری

لەسەر خواردنەوەی مێزێك‌و هەڵدانی پێکێك تۆیان بیربکەوێتەوە، رەنگە لەدوایشدا پێشم بڵێن بەخوا (کەرو بێ ئەقڵ)بوو بۆخۆی خستە ناو گێژاوی نوسینەوە.

برابەرێزەکان: لەم زەمەنەی ئێستادا ئازادیەکان بەرتەسك دەکرێنەوە، ووشەکان بچووك دەبنەوە ڕاگەیاندنەکان رەنگە لەدەرئەنجامدا بەقازانجی دەسەلاَت کۆتایی بێت،خۆناشکرێت پەیمانێکی (۱۰)ساڵەی ستراتیجی نێوان ئەم دوو حیزبە خاوەن خەبات‌و تێکۆشانە،هەروا بەئاسانی نادیدە بگیرێت.بۆیە دەکرێت نووسینەکان زیاتر بۆ خزمەتکردن‌و ڕەوتی بەرەو پێشچوونی گەلەکەمان بێت. دەکرێت لەمەودوا ئەو ئاراستەیە بگرین‌و خۆشمان نەخەینە کێشەیەکەوە کەهی ئێمەی فەقیرو هەژارنیە.ئێمە تەنها مووچەیەك شك دەبەین کەرەنگە بکاتە نیوەی مانگ پێمان نەمێنێت خۆئەمە عەیبە نیە.من بۆخۆم هەر لە چلورە فرۆشی‌و کرێکاری‌و بگرە شاگردی کەبابخانەو خزمەتکردنی بواری وەرزش‌و ئەوماوەی چەند ساڵە کەلەشاری قەلادزێی ئازیز ژیانم تەنها لەتاکە ژوورێکداگوزەراندووە.کە زۆربەی هاوڕێکانم لەم سەردەمەدا بوونە خاوەنی داگیرکردنی زەوی بەرزکردنەوەی کۆشك‌و تەلارو ئوتومبیلی جوان‌و سەروەت‌و سامان. بەڵام لەوشارەدا تاکوو ئێستاش خاوەنی نەدوکانێك‌و بستە زەویەك نیم.ئەم ووشانەم بەپارانەوە لێ تێمەگە. ئەم سەردەمە زۆرکەسی وەکوو ئێمەی لووش داوە.بەڵام ئەوەندە هەیە هەر لاپەرەی وەرزشەکەت بۆمن شایستەو جێگەی خۆشەویستیە کە لەدیدارەکاندا لەشاری قەلادزێ‌و ڕانیە بەوەرزشەوانێکی لێهاتوو بەرەوشت باسم بکەن کەمن لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم.

برابەرێزەکان تەنها خوا هەڵە ناکات، ئێمەش بەدەرنین لەهەڵەکردن.؟ئێمە کوڕی ئەم کۆمەڵگا هەژارەین هەر ڕۆژە وڵاتێك هەڵماندەسوڕێنێت.دەبێت ئاگاشمان لەوان بێت قسەیان پێنەڵێن چونکە ئەمنی قەومی ئەوان دەکەوێتە خەتەرەوە.من زۆرم نووسی زۆریشم گووت:کەس بەپولێکی نەکڕی ئەوەندەی لەسەر گەندەڵیم نوسیووە،ئەوەندە خەمی شارەکەمم باس کردووە، پێم وابێت ئەگەر خزمەتی شەخسی خۆمم بکردایە کەس قسەی پێ نەدەگووتم.تۆدەزانیت هاورێیەکم نووسینێکی پیشاندام لەیەکێك لەسایتەکان بلاوکراوەتەوە،کەمن هەرگیز ئەوسایتەم نەدیووە چەندەها قسەی سوك‌و چروك‌و بێ ئەهمیەتی پێداوین..کەلەکاتێکدا دەبوو ئەوسایتە ڕێز لەکەرامەتی مرۆڤ بگرێت.قسە پێگوتن چیە،خۆئێمەش دەتوانین چەندەها قسەی دەستکرد دروست بکەین کەبەلای منەوە هەر وەك ئاو خواردنەوەیە.خۆ ئەگەر بەم قسانە بوایە دەبوو سەرکردەو بەرپرسەکان‌و زۆرلەوکەسانەشی خزمەتی ئەم کۆمەڵگایە دەکەن لەپێش هەموو کەسێکەوە ماڵئاواییان لەم وڵاتە برینداره بکردایەو هەموو ئەو قوربانی‌و خەبات‌و تێکۆشانە جوانەیان

کەهەیە، بەجێیان هێشتباو تەسلیمی ئەوانەیان بکردایە کە قسەی ناشیرین بەخەڵك دەڵێن.پرۆسەی نوسین خزمەتکردنە، خزمەتێك کەهەمیوومان لەئاستیدا بگەشێینەوە.نووسینێك بتوانێت دەست بخاتە سەرزام‌و برینەکان.ئەوبرینانەی کەچەندین ساڵە رۆچۆتە جەستەمان‌و تاکوو ئێستا سارێژ نەبووە.بەنووسین دەتوانین هێزێك بدەینە گەلەکەمان. جوانیەك ببەخشینە دڵ‌و دەرونمان.گەشانەوەیەك بدەینە ناوچەکەمان کەبڵێن ئێمەش گۆڤارمان هەیەو کەچەندەها قەڵەم بەدەستی ئازیز نووسینی تێدا بلاوەدەکەنەوە؟من ناتوانم هیچ ڕێنماییەك بەتۆ بدەم. چونکە ئێوە دووکەسن کەتوانیوتانە ئەوهەموو خۆشەویستیە لەوناوچەیە دروست بکەن.گوێ مەدەنە قسەی زبرو ناشیرین کە دژ بەئێوە دەکرێت.خۆ ئەم کۆمەڵگایە ڕەحم بەکەس ناکات؟ ئەوەتا خەڵك دەمرێت لەگۆڕیشدا وازی لێ ناهێنن. ئینجا چ ئەوکاتەی کەتۆ دەتەوێت بەرهەمێك پێشکەش بەم گەلە ستەم دیدەیە بکەیت.ئەوانەی هێرش دەکەن‌و تانەوشەر بۆتە پیشەیان قازانجیان لەکوێدایە.ئەگەر قازانج‌و دەسکەوتی تێدایە بائێمەش پشکێکمان بەرکەوێت.

لەدوایدا ماڵئاوا برابەرێزەکان، خوشك‌و برای ڕۆژنامەنوس‌و شاعیرو ئەدیبەکان خوێنەرانی ئەو گۆڤارە ئازیزە" زۆرم مابوو بنووسم‌و لە تواناشمدا هەبوو تادەرچوونی ئەو گۆڤارە بەردەوام بم.بەڵام دەزانم (نان) لەپێش ئازادیەوەیە. بینیشمان کەچۆن نانی ئەو هەموو شاعیرو ڕۆژنامەنووس‌و ئەدیبانەیان بڕی.کەزۆربەیان بەرچنەیەك لەووشەی جوانیان پێشکەش بەم وولاتە کردووە.بەهیواشم بەردەوام بیت‌و بتوانیت لەرەخنەو رەخنە گرتن سڵ نەکەیتەوەو کاری شەخسیش تێکەڵ بەو گۆڤارە نەکەیت؟تاکوو ڕێچکەی خۆی دەگرێت.سلاَویش لەکاکە (سەلامی کۆمپیوتەری ئەندێش) کەدەچوومە لای ئەوەندە ڕووخۆشانە دەیگووت وێنەکەت چوار وەرزیە، هەتا دەتوانی نەرم بنوسە چونکە کەس گوێت لێناگرێت. ئەوەشی لەتوانامدابوو بۆ نووسین بۆتان دەنێرم .ماڵئاوا ...

تێبینی: پێمان وایە نوسینەکە بەسە بۆ ئەوەی حوکمەکەی بۆ خوێنەر بەجێبێڵین، ئێمە تەنها ئەوەندە دەڵێین زۆر سوپاس کاکە (ڕێبوار) بۆ ئەو هەستە جوانەت، بۆ ئەو ماوەیەی لە نۆ ژمارەدا ئەو لاپەرەیەت بە نوسینە بەپێزو هەڵوێستەکانت ڕازاندبۆوە. دلگرانین بەوەی لە لاپەرەکەت دادەبڕێی، بەڵام خەمی تۆ خەمی ئێمەشەو دەرك بە قورسایی ئەو خەمەش دەکەین لەسەرشانتە، گرنگ ئەوەیە ئێمە لە ڕاستی‌و پاکی ئەو پەیامەی خۆمان دڵنیاین بۆیە هەموو ئەو کۆسپ‌و لەمپەرانە، هەموو ئەو هەوڵانەی بۆپەکخستنی ئەو پرۆژەیەی تاکە خەمی خزمەتی مەعریفەو کولتووری نەتەوەکەیەتی لەبەردەمماندا شکست دەهێنن.